روودا‌و

RÛDAW

ژمارە (464) دووشەممە 2017/7/10 - 19ی پووشپەڕ 2717 (750) دینار


## حەشدی شەعبی ئەنجوومەنێک بۆ ئێزدییەکان دروست دەکات

**روودا‌و- دهۆک**

حەشدی شەعبی لە باشووری شنگال سەرقاڵی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنە. بەرپرسێکی حەشدی شەعبیش دەڵێت دوای دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە، سەرجەم بەرپرسە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دەگۆڕدرێن.

نایف جاسم، فەرماندەی کەتائیبی ئێزدخانی سەر بە حەشدی شەعبی کە موختاری گوندی کۆچۆیە و سەرۆک هۆزی مەندکانە بە (روودا‌و)ی راگەیاند "ئێستا خەریکی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی سیاسیی ئیدارین بۆ ئەو ناوچانە، لە رێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە بەرپرسی نوێ بۆ یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دادەنێین، رێگە نادەین بەرپرسە کۆنەکان بگەڕێنەوە، چونکە کاتی خۆی خیانەتیان لێکردین و دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کرد". بەڵام بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت "حەشدی شەعبی ناتوانێ یەک بەرپرسی ئەو ناوچانە بگۆڕێ، چونکە لەرووی یاساییەوە گۆرینی هەر بەرپرسێکی پارێزگای نەینەوا لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگایە".

حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە باشووری شنگال 13 گوند و چەند کۆمەڵگەیەکی ئێزدیان و سێ گوندی کوردی موسڵمانی کۆنتڕۆڵ کردەوە. لە گرنگترین ئەو شوێنانەشی کۆنتڕۆڵی کردەوە، قەزای بەعاج بوو. بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانە نەگەڕاونەتەوە شوێنەکانیان. نایف جاسم دەڵێت "تاوەکوو ئێستا تەنیا نۆ ماڵ گەڕاونەتەوە، چونکە رێگری لە گەڕانەوەی خەڵک دەکرێ، چیدی نابێ کورد رێگری لە گەڕانەوەی خەڵک بکات".

14»



**فازڵ میرانی بۆ (روودا‌و):**

### پارتی و گۆڕان پێویستیان بەنێوبژیوان نییە

4

### ئێران ئامانجی داهاتووی گرووپە جیهادییەکانە

16



**عارف قوربانی**

### دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود

18

**بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان گشتپرسی باتڵە و یەکێتی بەشداری ناکات**

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**

# لەو ماوەیەی بۆ گشتپرسی دانراوە پەرلەمان کارا ناکرێتەوە

» 3



**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و تورکیا بۆ (روودا‌و):**

## کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگ نین

## هەرێمی کوردستان وەک دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دەمێنێتەوە

» 7





## (روودا‌و) بۆ یەکەمجار دوو وێنەی حەجاج بڵاودەکاتەوە

» 2

**ژنان** 12

### یەکێک لە مامەکانی تۆمەتبارە بە کوشتنی رۆژین



**کۆمەڵایەتی** 13

### گەنجێک خۆشەویستەکەی لە مۆتێلێکدا دەکوژێ

**تاراوگە** 11

### کوڕ و کچی کۆچبەر بۆ خەتەنە دەهێنرێنەوە کوردستان



**ئابووری** 8

### "بەرازی گینیایی" دەهێنرێتە کوردستان



رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (464) - دووشەممە 2017/7/10




## دەوامی پاسپۆرتی هەولێر دەگۆڕێت

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر ئاگادارییەک لەبارەی گۆڕانکاری کاتی دەوامی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بڵاودەکاتەوە. ساڵح وریا عەسکەری، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "لە ڕۆژی دووشەممە 2017/7/10ـەوە کاتی دەوامی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە کاژێر 12:00ـی دوای نیوەڕۆ تاوەکو کاژێر 8:00ی شەو دەبێت". بەگوتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر، هۆکاری گۆڕینی کاتی دەوامی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لەبەرئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سیستەمی پاسپۆرتدا دەکرێت. بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر داوا لە هاووڵاتییان دەکات، ڕۆژانە لەکاژێری دیاریکراو سەردانیان بکەن، بۆ دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت لە هەردوو نووسینگەی یەک و نووسینگەی دووی پاسپۆرت.

# چیرۆکی ئەم وێنە دەگمەنانەی جەللادەکەی نوگرە سەلمان

**فرمان عەبدولڕەحمان**
**رووداو- بەسرە**

یەکەم وێستگەی گەشتەکەمان کە بەدواداچوونێکە بۆ جەللادەکەی نوگرە سەلمان، لە شاری بەسرەوە دەستپێدەکات. لەوێ بە ڕێکەوت زانیاریمان لە چەند کەسێک وەرگرت کە حەجاج تکریتیی جەللادە دڵڕەقەکەی نوگرە سەلمان، دوو وێنەی لای کەسێک هەیە.

ساڵی 1988 ، لە هەڵمەتێکی سەربازیی گەورە و پلان بۆ دارێژراوی ڕژێمی بەعسدا، بە هەشت قۆناغ پرۆسەی ئەنفالی کورد دەستپێکرد. بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی لەو پرۆسەی پاکتاوە ڕزگاریان بووە، سەرجەم ئەوانەی کە لە ئەنفالدا دەستگیرکران، لە قۆناغی دواتردا لە یەکدی جیاکراونەتەوە، گەنجەکان لەلایەک و ئافرەت و منداڵ و پیر و بەتەمەنەکانیش لەلایەکی دیکە. گەنجەکان بە پاس بەرەو چاڵەکانی مەرگ ڕەوانە کراون، ئەوانی دیکەش بەرەو زیندانی ترسناکی نوگرە سەلمان لە هەرە باشووری عێراق لەسەر سنووری عێراق و سعودیە گواستراونەتەوە.

ئەو هەزاران ئەنفالدیدەیەی لە زیندانی نوگرە سەلمان دەستبەسەر بوون، ڕۆژانە لەلایەن جەللادێکەوە ئەشکەنجە دەدران کە دۆزەخی زیندانی نوگرە سەلمانی تاڵتر و بەسوێتر کردبوو. ئەو جەللادە ناوی حەجاج تکریتی بوو، سەرپەرشتیاری زیندانی نوگرە سەلمان بووە، وێنەی ئەو جەلادە تەنیا لە نێو یادەوەریی ئەنفالدیدەکاندا هەیە، بەڵام ئێمە لەو بەدواداچوونەماندا دەمانەوێ تاکە فۆتۆی ئەو جەلادە بدۆزینەوە کە بە سەدان کەس بەرگەی کێبڵەکانی ئەویان نەگرت و هەر لە نوگرە سەلمان گیانیان سپارد.

لەکاتی ئەو بەدواداچوونەماندا، لە بەسرە بە ڕێکەوت زانیاری ئەوەمان لە چەند کەسێک وەرگرت کە حەجاج تکریتی دوو وێنەی لای کەسێک هەیە. بەپێی قسەی سەرچاوەکەمان، ئەو کەسە خزمی یەکێک لەوانەیە کە لەگەڵ حەجاج لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پێکەوە لە یەکێک لە سەربازگەکانی ڕژێمی بەعسدا سەرقاڵی ڕاهێنانی سەربازین.

لە یەکێک لە کافێکانی شاری بەسرە ئەبو عەدنان دەبینم، ئەو کەسەی فۆتۆکانی لایە. لەبارەی چۆنێتی دەسکەوتنی فۆتۆکانەوە گوتی "لە ڕێگەی ناسیاوێکمەوە لە بەغدا کە کاتی خۆی لەگەڵ حەجاج ڕاهێنانی سەربازییان کردووە، فۆتۆکانم دەستکەوت".

لەسەر مێزی کافێکە لە شاری بەسرە لە فۆتۆکان ورد دەبمەوە، دوو وێنەی ڕەشوسپین کە پێدەچێ لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گیرابن.

لە وێنەی یەکەمدا ئەو کەسەی پێمان گوتراوە کە ئەوە حەجاجە، کەسێکی کەڵەگەتی سمێڵ فشە کە دەموچاوێکی پانی هەیە و مارێک بە زیندوویی دەخوات، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا کە دەمیان سوورە بە خوێنی مار، وا دەردەکەون سەرقاڵی ڕاهێنانی سەربازین. لە وێنەی دووەمیشدا کەروێشکێک بە زیندوویی کەوڵ دەکات. لە چاوانی حەجاجدا دڕندەیی و دڵڕەقی دەبینرێ.

بەڵام هێشتا ناتوانم بیسەلمێنم ئەم وێنەیە خودی حەجاج تکریتیە، دەگەڕێمەوە شاری سلێمانی و دەچمە لای عومەر محەممەد کە ساڵانێکی درێژە سەرقاڵی توێژینەوە و دۆکیۆمێنتکردنی ڕووداوەکانی ئەنفالە. وێنەیەکی خەملێنراوی حەجاجی لە خەیاڵدایە، شێوە و سیمای لە وەسفی ئەو ئەنفالدیدانەوە وەرگرتووە کە حەجاجیان بینیوە.

عومەر محەممەد کە وێنەکانی بینی، گوتی "ناتوانم بڵێم ئەمە سەد لە سەد حەجاج تکریتیە، بەڵام بەپێی ئەو وەسفانەی کە شایەتحاڵەکانی ئەنفال بۆیان باسکردووم، هەر کە وێنەکەم بینی وام هەست نەکرد کەسێکی غەریب دەبینم".

بەڵام هێشتا پێویستم بە گەڕانی زیاترە.





● حەجاج مارێک بە زیندوویی دەخوات و کەروێشکێکی زیندووش کەوڵ دەکات

دەبێ بچمە شارۆچکەی سەلمان، دروستتر بۆ نێو زیندانەکەی نوگرە سەلمان. هەم بۆ ساخکردنەوەی شوناسی وێنەکە و هەم بۆ بینین و ئەزموونکردنی ئەو ئازارانەی کە ئەنفالدیدەکان لەوێ چەشتوویانە. شارۆچکەی سەلمان نزیکەی سێ کاژێر لە سەماوەوە دوورە، لەوێ پێیانگوتین بەبێ مەفرەزەی پۆلیس ناتوانین ئەو ڕێگایە ببڕین، چونکە نوگرە سەلمان شوێنێکی چەپەک و دوورە دەستە.

بە بیابانێکی وشک و کاکی بە کاکیدا تێپەڕین، بە درێژایی سێ کاژێر هیچ ئاوەدانییەکمان نەبینی. کاتێک لە قەزای سەلمان تێدەپەڕی، بە بەرزاییەکەوە پاشماوەی زیندانی نوگرە سەلمان دەبینی. دەگەینە نێو زیندانەکە. بە دروستی 29 ساڵ لەمەوبەر نێو حەوشە و هۆڵ و ڕاڕەوەکانی زیندانەکە جمەی دەهات لەو کوردانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەستگیرکرابوون. ئێستاش هەست بەو ئازار و ناڵە و حەسرەتانە دەکەی کە بە دیوار و عەردی بەندیخانەکەوە وا هەست دەکەی بەجێماون. ئەوەشی ئەم زیندانەی ترسناکتر و بەسوێتر کردبوو ڕەفتارە دڵڕەق و توندەکانی حەجاج و داروودەستەکەی بوو.

لە نێو یەکێک لە هۆڵی زیندانەکەدا ئێستاش شوێنەواری ئەو نووسینانە ماوە کە بە کوردی لەسەریان هەڵکۆڵدراوە، عەزاب شمەری دەبینین کە دانیشتووی شارۆچکەی سەلمانە و دەڵێ خۆی حەجاجی لە نزیکەوە بینیوە، ئەو دەمەی حەجاجی بینیوە تەمەنی 10 ساڵان بووە، بەهۆی دەستگیری و شت فرۆشتنەوە زیاتر لە جارێک حەجاجی بینیوە. عەزاب گوتی "منداڵ بووین لە حیللەوە خواردنەوەی گازیمان دەهێنا بۆ ئێرە. حەجاج و زیندانییەکانیشم زیاتر لە چەند جارێک بینیوە، زیندانییەکان کورد بوون".

کاتێک وێنەکەمان پیشانی عەزاب دا، یەکسەر پەنجەی خستە سەر ئەو کەسەی کە لە وێنەکەدا پێمانگوترابوو حەجاج تکریتییە. عەزاب گوتی "ئەو سمێڵ فشە خۆیەتی حەجاجە، لاندکرۆزەرێکی سپی و سوپەرێکی مۆدێل 85ی سووری هەبوو".

بەڵام ساخکردنەوەی وێنەکە ئەستەمە ئەگەر قسەی ئەو کەسانە وەرنەگرین کە لە زیندانی نوگرە سەلمان بوون. ئەو گەرمیانیانەی لە نوگرە سەلمان بوون، زۆربەیان ئەو کەسە بە تەمەنانە بوون کە لە تۆپزاوا لە گەنجەکان جیاکرابوونەوە، بەڵام ئێستا ئەوانەی لە ژیاندا ماون یادەوەرییان کۆمەکی ئەوە ناکات حەجاج تکریتی بناسنەوە.

ڕەنگە باشترین کەس وێنەکانی ئەو جەللادە بناسنەوە، ئەو هەڵەبجەییانە بن کە لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاوارەی ئێران بوون و دواتر بەهۆی لێخۆشبوونێکی گشتیی ڕژێمی بەعسەوە گەڕانەوە و دواتر بۆ ماوەی چوار مانگ و 10 ڕۆژ لە زیندانی نوگرە سەلمان دەستبەسەر بوون.

دەچمە هەڵەبجەی شەهید و لەوێ پێنج لەو شایەتحاڵانە دەبینم: سەلمان، عومەر، محەممەد، عەلی و سدیق. ئەوان کە لە نوگرە سەلمان بوون، لە هەڕەتی لاوێتیدا بوون، هەر پێنجیشیان لە نزیکەوە حەجاجیان بینیوە.

هەموویان پێش ئەوەی وێنەکە ببینن وەسفێکی دروستی ڕوخسار و سیمای حەجاج و ڕەفتارە بێبەزەییەکانی ئەویان بۆ کردین، وەسفەکان زۆر نزیک بوون لە کەسێتیی نێو وێنەکان. کاتێکیش یەک یەک وێنەکانیان بینی، بەبێ ئەوەی ئاگاداری یەکدی بن، هەمان کەسی سمێڵ فش و دەموچاو پانیان دیاری کرد کە حەجاج تکریتییە. ئەوان دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو کەسەی ناو وێنەکە حەجاج تکریتیە، هەمان ئەو جەلادە دڵڕەقەی کە ئەشکەنجەی ئەنفالدیدەکانی داوە لە زیندانی نوگرە سەلمان.

# ئەوقاف داوای قەدەغەکردنی چەند کاڵایەک دەکات

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

## مەریوان نەقشبەندی:
## جۆرە دایبییەک هاوردە کراوە ناوی زەردەشتی لەسەرە

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی داوای قەدەغەکردنی چەند کاڵایەک دەکات. بەرپرسێکی ئەو وەزارەتە دەڵێت ئەو کاڵایانە مەترسییان لەسەر پێکەوەژیانی ئاینی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی گوت، ئەو نووسراوەیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکردووەتەوە، چونکە بە گوتەی ئەو "چەند ساڵێکە لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەڵێک کاڵا هاوردە دەکرێن کە ئاشتەوایی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە، هەروەها لەڕووی دینییەوە نابێت و سووکایەتیکردنە بە ئایین".

نووسراوەکە کە ژمارە 116ی لەسەرە و ڕۆژی 2017/6/13 دەرچووە، ئیمزای د.پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف بە وەکالەتی لەسەرە. لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە "هەندێک کاڵا کە هاوردە دەکرێن سووکایەتییان بە ئاین تێدایە". بۆیە داواکراوە هاوردەکردنیان قەدەغە بکرێ.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژەی بە هەندێک لەو کاڵایانە دا و گوتی "لە سنووری ئێران پەڕەی قورئانی دڕاو دەخەنە نێو سێو، لەم ڕۆژانەش دایبی منداڵ هاتووە کە ناوی زەردەشتی لێ نووسراوە، هەروەها جۆرە پێڵاوێک هاوردەکراوە و لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەفرۆشرێت، لەژێر پێڵاوەکە وێنەی خاچ و ناوی پیرۆزی پێغەمبەرمان محەممەد بەپێچەوانە نووسراوە، یان ناوی عیسا و مووسا لەسەر شۆرت و جلی ژێرەوەی ئافرەتان نووسراوە. لە شارۆچکەی عەنکاوەش سووکایەتی بە ئاینی جوو کراوە لەڕێی جۆرە پێڵاوێکەوە". دەشڵێت "ئەم کاڵایانە لە خاڵە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخەوە هاوردە دەکرێن، تەنانەت لە فرۆکەخانەکانیش، هەر بۆیە ئێمە نووسراومان بە وێنە و بەڵگەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردووەتەوە و بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری سنوورەکان و گرتنەبەری ڕێکاری توندتر لەسەر ئەو کاڵایانە و سزادانی ئەو کەسانەی بۆ نانەوەی توندوتیژی و سووکایەتیکردن بە ئایینەکان ئەم کاڵایانە دەهێنن".

مەریوان نەقشبەندی لەبارەی ئەو وڵاتانەش کە کاڵاکانی لێوە هاوردە دەکرێت، دەڵێت "ئەم کەلوپەل و کاڵایانە لە ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقیشەوە هاوردە دەکرێت، ئەمە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئایینی تێکدەدات، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان هەموو ئایین و خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان بە ئاشتی دەژین".

شاخەوان ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخ لەبارەی هاوردەکردنی ئەم کاڵایانە بە (رووداو)ی گوت "لە دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخ بەهیچ شێوەیەک کاڵای وا هاوردە نەکراوە کە پەڕەی دڕاوی قورئانی پێوە بێت، چونکە پێش ئەوەی ئێمە قبوڵمان نەبێت، ئێران کە کاڵاکان لەوێوە هاوردە دەکرێن، بۆ خۆی وڵاتێکی ئیسلامیە و قبوڵی ناکات".

لەبارەی ئەو نووسراوەی وەزارەتی ئەوقافیش، بەڕێوەبەری دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخ دەڵێت "تائێستا هیچ کەسێک نووسراوی فەرمی لەسەر ئەم بابەتە بۆ نەناردووین، بەبێ نووسراویش ڕێگری دەکەین".

عەبدوڵڵا ڕەشید یەکێکە لەو بازرگانانەی لەڕێگەی تورکیاوە پێڵاو هاوردەی کوردستان دەکات. دەڵێت "زیاتر لە نۆ ساڵە ئەو کارە دەکەم، بەڵام من کاتێک پێڵاو دەهێنم بیر لە بەرزیی کواڵیتییەکەی دەکەمەوە و لەسەر خواستی دووکاندار دەیانهێنم، من چۆن بزانم ئەوە مانای ئاینی دەگەیەنێت؟ ڕەنگە خاوەن کارگەکە لەخۆشیی ناوی منداڵەکەی لەسەر دایبی ناوی زەردەشت بنووسێت، مەرج نییە بۆ سووکایەتی بێت".

بەهیە ژنی ماڵەوەیە و نەعلی کڕیوە، ئەو بینیویەتی لەژێری ناوی محەممەد بەپێچەوانەوە نووسراوە، بۆیە یەکسەر سووتاندوویەتی.

بەهییە گوتی "زۆر بەوردی دەڕوانم لەو کاڵایەی بەکاریدەهێنم، چونکە دەزانم ئەگەر ناوی ئاینی بەتایبەت پێغەمبەران بێت لەسەر کەلوپەلێک لەپێ بکرێت گوناهە، بۆیە کاتێک بینیم بەپێچەوانە ناوی محەممەد نووسراوە، یەکسەر سووتاندم".

مەسعود باپیری، سەرپەرشتیاری دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران گوتی "من نووسراوەکەی وەزارەتی ئەوقافم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بینیوە، بەڵام لە نووسراوەکەدا ئاماژە بە جۆری کاڵاکان و ئەو سنوورەی پێیدا هاتووە نەکراوە، بۆیە پێویستە زیاتر ڕوونی بکەنەوە".

مەسعود باپیری دەشڵێت "هیچ شتێکی وا لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران نەبینراوە، بەڵام ئەگەر هەر شتێک لەلای ئێمەوە بێت و مەترسی لەسەر کۆمەڵگا و هەرێمی کوردستان هەبێت، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرینەبەر".

## پشکنینی DNAیان بۆ دەکرێ

# لە دهۆک گومان لە گۆڕینی دوو منداڵ دەکرێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**




لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی دهۆک، دوو خێزان گومانیان بۆ دروست بووە کە منداڵەکانیان گۆڕدرابێ، کەسوکاری دوو منداڵەکە بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی DNAی منداڵەکانیان دەکەن، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو منداڵانەی ئێستا بەخێویان دەکەن هی خۆیانن یان نا. سەرچاوەیەک دەڵێت گومانەکە بەهۆی هەڵە گرێدانی ناوەکانیان بووە لە دەستیان لە کاتی لەدایکبوونیان.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، دوو ئافرەتی سکپڕ دەبرێنە نەخۆشخانەی منداڵبوونی دهۆک، ئەو دوو ئافرەتە کە لە یەک کاتدا لە هۆڵی نەشتەرگەری بوون، دوای لە دایکبوونی منداڵەکانیان، گومانیان بۆ دروستبووە، دوای ئەوەی ناوی هەڵە لەسەر ئەو ئەڵقەیە دەبینن کە دوای لە دایکبوون دەکرێتە دەستی منداڵەکان.

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون کە ئاگاداری ئەو کێشەیەیە، بە (رووداو)ی گوت "هەر منداڵێک کە لە نەخۆشخانە لە دایک دەبێت، یەکسەر ئەڵقەیەکی لە دەست دەکرێ کە ناوی دایکی منداڵەکەی لەسەرە. ئەو ڕۆژەش لە هۆڵی لەدایکبوون دوو ئافرەت کە داخڵکراون، هەردووکیان کوڕیان بووە، کاتێک منداڵەکان تەسلیمی دایکیان کراونەتەوە، بینیویانە ناوی دایکیان هەڵەیە، بۆیە گومانیان بۆ دروستبووە کە منداڵەکان گۆڕدرابن". بەڵام ئەو سەرچاوەیە ڕەتیکردەوە منداڵەکان گۆڕدرابن و گوتی "ئەو پزیشکەی لە هۆڵەکە بووە دەڵێت تەنیا ناوی دایکی منداڵەکان بە هەڵە لەسەر دەستیان نووسراوە".

بەڵام کەسوکاری دوو منداڵەکە باوەڕ بە قسەی پزیشکەکە ناکەن و گومان دەکەن منداڵەکان گۆڕدرابن. ئەو سەرچاوەیە گوتی "هەر ئەوکات هەوڵی زۆر لەگەڵ کەسوکاری دوو منداڵەکە درا کە قەناعەتیان پێ بهێنن هەڵەکە تەنیا بەهۆی گۆڕینی ناوەکانەوە بووە، بەڵام یەکێک لەو خێزانانە قەناعەتیان نەهات، لەبەر ئەوە بۆ دڵنیابوون پشکنینی DNA بۆ هەردوو منداڵەکە کرا، ئێستا هەردوو خێزان چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکەن".

بەپێی یاسا هەر گومانێکی لەو شێوەیە، لە دادگا و بەڕێگەی پشکنین یەکلادەکرێتەوە، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "هەر زوو لیژنەیەک پێکهێنراوە، هەرچەندە هەردوو خێزان بە فەرمی سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەڵام بۆ دڵنیابوونی ئەوان وەکو نەخۆشخانە ئەو کێشەیە ڕەوانەی دادگا کراوە، دوای دەرچوونی ئەنجامی پشکنین کێشەکە لە دادگا یەکلادەکرێتەوە".

## بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبوون لە دهۆک:
## گومانەکە بەهۆی هەڵە نووسینی ناوی دایکی منداڵەکانەوە دروستبووە

دکتۆر چنار ئامێدی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبوون لە دهۆک لەو بارەیەوە گوتی "خۆی کێشەیەکی وا گەورە نییە، گومانەکە بەهۆی هەڵە نووسینی ناوی دایکی منداڵەکان دروستبووە. کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام بۆ دڵنیابوونی هەردوولا پشکنینمان بۆ دوو منداڵەکە کردووە و چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکەین".

## برێت مەکگۆرک: ڕێز لە خواستی خەڵکی کوردستان دەگرین

**رووداو- هەولێر**

برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش لەبارەی گشتپرسی بە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت، وێڕای تێبینی لەسەر وادەی پرۆسەکە، بەڵام ئەوان ڕێز لە خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەگرن. ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/8، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ برێت مەکگۆرک و شاندێکی یاوەری کۆبووەوە. بەپێی ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەکە، مەکگۆرک لە بارەی پرسی گشتپرسیی باشووری کوردستان ڕایگەیاندووە: "وێڕای تێبینی لەسەر وادەی پرۆسەکە، بەڵام ئەوان ڕێز لە خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەگرن. بەپێویستیشی زانیوە هەموو لایەنەکان گفتوگۆی زیاتر لەبارەی پرسەکە بکەن.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (464) - دووشەممە 2017/7/10

### ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان گشتپرسی باتڵە



ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان گشتپرسی باتڵە و یەکێتی بەشداریی تێدا ناکات، ڕەفعەت عەبدوڵڵا کە هاوکات بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی ئەو حیزبەیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر هەرێمی کوردستان گشتپرسی بکات، ئێران و تورکیا کاردانەوەیان دەبێ و دەڵێت: "تووشی شەڕ دەبین، ئەوە مەجالی تێدا نییە".

مەحموود یاسین کوردی

ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتپرسی کردووە یان نا، لە کاتێکدا دوو بەرپرسی باڵای یەکێتی لەوێ بوون؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی ڕوونە، پێویستە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە ریفراندۆم بگەڕێتەوە پەرلەمان و کۆدەنگیی نیشتمانی لەسەر بێت، هەر لەوێ بڕیارماندا ئەگەر نوێنەر بۆ کۆمیتەکە بنێرین یان نەنێرین، بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام لەپڕ زانیمان دوو هەڤاڵی ئێمە چوونەتە کۆبوونەوەکە.

**ڕووداو: نەجمەدین کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسییە و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیران و کوڕی مام جەلالە، نوێنەرایەتی یەکێتییان نەکردووە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** دەبوو سەرکردایەتی نوێنەر دیاری بکات، ئەویش دیاری نەکرد، چونکە کۆبوونەوەکە لەناکاو بوو، لە کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی نوێنەریش دیاری بکەین و بچنە کۆبوونەوەکانیش بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان ناچینە نێو پرۆسەکە. ریفراندۆم پرۆسەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. وەکو یەکێتی تەنیا بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ ریفراندۆمین. سەربەخۆیی کوردستانیش پێداویستی دەوێ لە ڕووی ئابووری بەلانیکەمەوە، ئەگەر تووشی کێشە بووین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بتوانین بەرگە بگرین. کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانمان لەگەڵ بەغدا هەیە کە هێشتا چارەنووسیان یەکلایی نەکراوەتەوە.

لەڕووی سیاسی و یاساییەوە کۆمەڵێک قەیرانمان هەیە، تا ئەو قەیرانانە چارەسەر نەکرێن حەق نییە باسی ریفراندۆم بکەین، بڕۆ سەیری شەقام و مووچەخۆران بکە خەڵک هەمووی برسییە، ناکرێ خەڵک دوو هێندە برسی بکرێت. جگە لەوە ریفراندۆم پشتیوانیی نێودەوڵەتی پێویستە، من ئەو پشتیوانییە نابینم.

**ڕووداو: هیچ وڵاتێک ناتوانێت ڕاستەوخۆ پشتگیری ئەو پرۆسەیە بکات، هەست ناکەن نیگەرانیی ئێوە لە شوێنی خۆیدا نییە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** ئێران دژی پرۆسەکەیە و هەراسانمان دەکات لە ڕێگای بەغدا و حەشدی شەعبی و هێزەکانی دیکەوە، لە ناوچە دابڕاوەکان کێشەمان بۆ دروست دەکات و تووشی شەڕ دەبین و مەجالی تێدا نییە. تورکیا تەدەخول دەکات و لە مەوزعی کەرکووک زۆر توندن، پاراستنی کەرکووک بە بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێت، قەناعەتم وایە تورکیا توندتر دەبێت، دەروازە سنووری و ئاسمانییەکان دادەخات. ئەگەر سەیر بکەین سووریا بەو حاڵە و بەو کەموکوڕییانەی خۆیەوە دژی ریفراندۆمە.

**ڕووداو: ئەی ئەڵتەرناتیڤی گشتپرسی چییە لەم قۆناغەدا، لە کاتێکدا پرسی شەراکەتی بەغدا و هەولێر لە زۆر ڕووەوە شکستی هێناوە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** بە ڕای من باشترین شت لەم قۆناغە بیکەین و خۆمان لە کێشە و شەڕ بەدوور بگرین، ڕای میللەتەکەمان وەکو کارتێک بەدەستەوە بێت. ئەم ریفراندۆمە خۆمان نەیکەین ڕێکخراوێکی ناسراوی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بیکات، ئەوکات کارتەکە بەهێزتر دەبێت، پێویستە هەموو ئەو پرۆسەیەش بە فلتەری پەرلەماندا بڕوات، باڵاترین دەسەڵاتی شەرعی کە پەرلەمانە پەکخراوە، ئێمە بە چ ڕوویەک داوای سەربەخۆیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین. باشترین هەنگاو کاراکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی یاسایەکی تایبەتە بۆ ریفراندۆم.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی لە 25ی ئەیلول گشتپرسی لە تەواوی باشووری کوردستان بەڕێوەبچێت؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** بڕیارەکەی یەکێتی زۆر ڕوونە، پەرلەمان کارا نەکرێتەوە ناچینە نێو پرۆسەکە و بەشداری ناکەین، تۆ پرسیارەکەت بەم شێوەیە بکە: لەو ماوەیە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە؟ بە بڕوای خۆم ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ ریفراندۆم ناتوانرێت پەرلەمانی تێدا کارا بکرێتەوە، بۆیە تا 25ی ئەیلول ناگەینە ئەنجام بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئێمەش ناچینە نێو پرۆسەکە. ڕەنگە لەسەر دروستکردنی کۆمیتە و لیژنە فەرعییەکان لەنێو یەکێتی ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز هەبێ، بەڵام هەموو سەرکردایەتی کۆکن لەسەر ئەوەی بەبێ پەرلەمان ریفراندۆم ناکەین، ئەگەر پەرلەمانیش کارا نەکرێتەوە ریفراندۆم باتڵە.

**ڕووداو: بەپێی قسەی ئێوە بێت سندوقی گشتپرسی لە زۆنی سەوز دانانرێت؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** ریفراندۆمێک کۆدەنگیی نیشتمانی لەسەر نەبێت بۆچی دەیکەی، ئەگەر ریفراندۆمێک ئەنجامێکی باشی لێنەکەوێتەوە بۆ دەیکەی، ئەگەر نیوەی خەڵکی کوردستان بەشداریی پرۆسەکە نەکات سوودی چییە، دەبێ حیسابی موفاجەئەش بکرێت بەم قەیرانانەی کە هەیە ئەنجامی ریفراندۆم چۆن دەبێ.

**ڕووداو: ئەی چۆن پەرلەمان کارا دەکەنەوە، یەکێتی لە نێوان گۆڕان و پارتی چی دەکات؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** گۆڕان و پارتی بوونەتە واجیهەی کێشەکان، ئەگەرنا کێشەکان لە نێوان هەموومانداییە، لەگەڵ گۆڕان لە دوایین کۆبوونەوەدا گفتوگۆمان زۆر لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان کرد و ڕێککەوتین کە پێویستە بەبێ مەرج پەرلەمان کارا بکرێتەوە، پاشان چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر نەتوانرێت پەرلەمان کارا بکرێتەوە تا 25ی ئەیلول، ئەی چارەسەر چییە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** بەبۆچوونی من دەبێ کاک مەسعود بارزانی دەستپێشخەرییەک بکات، بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکان، هەروەها تێپەڕاندنی کوردستان لەو قەیرانانە، ئەویش بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پەیوەستە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە قەناعەتی خۆم بە چەند دانیشتنێک چارەسەر دەکرێ.

**ڕووداو: کێشەکە لەوەدایە ئەگەر پەرلەمانیش کارا بکرێتەوە و یاسای گشتپرسی دەربچێ، کێ یاساکە وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزا بکات؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** بەڵێ ئەوە یەکێکە لە کێشەکان، ئێمە و گۆڕان هەمان قەناعەتمان هەیە کە کێشەی یاسایی هەیە، دەبێ بە هەموو لایەنەکان چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەم کێشەیە تەنیا بە گۆڕان و یەکێتی چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستە پارتیش بێتە ناو پرۆسەکە لەگەڵ سەرجەم حیزبەکان چارەسەری کێشەکان بکرێت.

**ڕووداو: ماوەی ڕابردوو وەکو مەکتەبی ڕێکخستن لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت دانیشتن، هیچ وادەیەک بۆ دەستکاری سیستەمی مووچە قسەی لەسەر کراوە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** باسی زۆر بابەت کرا یەکێکیان سیستەمی مووچە بوو، لە هیچ وڵاتێک نییە 80%ی بودجەکەی بۆ مووچە بڕوات، ئێستا بەرنامەیەکی باشیان بۆ چاکسازی و پێداچوونەوە بە سیستەمی مووچە داناوە، ڕاستییەک هەیە نە پارتی نە ئێمە هاوکاریی کاک قوباد تاڵەبانی ناکەین کە ئێستا ئەو بووتە واجیهەی ئەو پرۆسەیە و بە بڕوای ئێمە بەرنامەیەکی زۆر باش و سەرکەوتووە، ئەگەر هاوکاریی بکرێ.

**ڕووداو: لە نێو یەکێتی زۆر باسی هاوسەنگیی دەسەڵات و پێداچوونەوە بە حکومەت دەکرێ، ئێوە لەگەڵ پارتی هیچ پرۆژەیەکیتان هەیە یان ئەو نۆخە بۆ دوای هەڵبژاردن جێهێڵدراوە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** حەقیقەتێک هەیە لە تێکەڵکردنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی سەرکەوتوو نەبووین، ئەو ستافەی لە لای ئێمەوە ڕۆیشتووە لە هەولێر لەسەر بەرنامەیەک ئیش دەکات کە پارتی دایڕشتووە، لە زۆربەی کۆبوونەوەکان کە من ئەندامی بووم کاک بەختیار کۆمەڵێک فایل و بەڵگەی دەخستە بەردەم کاک مەسعود پێیدەگوت لەو شوێنانە غەدر لە یەکێتی کراوە، داواتان لێدەکەین بۆمان چاک بکەنەوە، من خۆم لە سەرەتای پێکهێنانی ئەم کابینەیە لەگەڵ بەشداریکردنی یەکێتی نەبووم.

**ڕووداو: دەکرا ئێوە کە دوو پارێزگای گەورەی هەرێمی کوردستانتان بە دەستەوەیە و دەزگای ئەمنی و هەواڵگری و پێشمەرگەتان هەیە، ببنە ئۆپۆزیسیۆن؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** مەرج نییە یەکێتی ئەگەر بەشداری لە حکومەت نەکرد، ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکو لە دامودەزگا خۆجێییەکان بەشدارە، بەڵام لە حکومەت و وەزارەتەکان بەشداری نەکردبایە، چونکە ڕێکخستنەکانمان گلەییمان لێدەکەن یەکێتی لە حکومەت چییە؟ چیمان بۆ کۆمەڵانی خەڵک کردووە، پێویستە ئەم حکومەتە بە سیستەمی ئیشکردنیدا بچێتەوە.

**ڕووداو: دۆخی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان چۆن دەبێ؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** ناتوانم پێشبینی بۆ ژمارەی کورسییەکان بکەم، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر گوتاری سیاسی و جەماوەری یەکێتی، بەڵام جارێ ڕوون نییە کە هەڵبژاردن دەکرێت یاخود نا ئەگەر 25ی ئەیلول ریفراندۆم بکرێت، ئەو بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردن ناکرێت، چونکە لە ڕووی ئامادەسازییەوە مەعقول نییە دوای مانگێک هەڵبژاردن بکەی.

**ڕووداو: هیچ بەرنامەیەکتان هەیە ئەگەر لەگەڵ گۆڕان یەکنەگرنەوە بە یەکەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کراوە، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە پێکەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەین.

### پەرلەمان کارا نەکرێتەوە یەکێتی بەشداری گشتپرسی ناکات

### گشتپرسی بکەین لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ دەبین

### بۆ گشتپرسی کاردانەوەی تورکیا لە ئێران توندتر دەبێ

### لەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ ریفراندۆم ناتوانرێت پەرلەمان کارا بکرێتەوە

### دەبێ کاک مەسعود بارزانی دەستپێشخەرییەک بکات، بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆم

# 17 پۆستی یەکێتی لە کوردستان بەتاڵن

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی بڕیاریداوە پۆستەکانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ پڕبکاتەوە، لیژنەیەکی باڵاش لە مەکتەبی سیاسی بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە. پەرلەمانتارێکی ئەو حیزبەش لەبارەی ژمارەی پۆستە بەتاڵەکانی یەکێتی لە کوردستان دەڵێت 17 پۆستمان بەتاڵن.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گۆڕانکاری و پڕکردنەوەی پۆستەکانی یەکێتی لە هەرێمی کوردستان و بەغدا، بڕیاری سەرکردایەتییە و مەکتەبی سیاسیش ئەو پرۆسەیە جێبەجێ دەکات. لە کۆبوونەوەی ڕابردووی سەرکردایەتیش بەهۆی قسەکردن لەسەر ریفراندۆم باسی ئەو پرسە بە چڕی نەکرا".

لە کۆبوونەوەکانی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بڕیار درابوو بە هەماهەنگی لەگەڵ قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت و تیمی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، گۆڕانکاری زیاتر لە 42 پۆست بکرێت کە بەشێکیان دەمێکە بەتاڵن و پڕ نەکراونەتەوە. پۆستەکانیش بە سیڤی پڕبکرێنەوە.

لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەو مەبەستە پێکهات و زیاتر لە هەزار سیڤی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە بۆ مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە چوون. یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم لیژنەکەش ئەوەیە تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی ئەو پۆستانەی گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، ژمارەیان چەندە.

قادر ڕەزگەیی، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ میکانیزمێک دیاری نەکراوە بۆ چۆنییەتی گۆڕانکاری و پڕکردنەوەی پۆستەکان، سەرکردایەتی بڕیاری گۆڕانکارییەکانی داوە و دەبێ مەکتەبی سیاسی میکانیزمەکە دیاری بکات".

قادر ڕەزگەیی ژمارەی ئەو پۆستانەی یەکێتی ئاشکرا کرد کە بەتاڵن و گوتی "10 پۆستی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکان، پێنج ڕاوێژکار، جێگری وەزیری پێشمەرگە و جێگری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتاڵن، بڕیارە مەکتەبی سیاسی لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان پڕیان بکاتەوە".

### یەکێتی بۆ دیاریکردنی جێگرەوەی ئالا تاڵەبانی چاوەڕێی گەڕانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵە

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی: گۆڕانکاری قائیمقامەکان ناگرێتەوە

#### گۆڕینی ئالا تاڵەبانی یەکلابووەتەوە

یەکێک لەو پۆستانەی کە قسەی زۆری لەسەر کرا، پۆستی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی بوو لە پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 2017/7/1 بە ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی کۆبوونەوە، بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئالا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی ڕایگەیاند کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە پۆستەکەی بەردەوام دەبێ. بەڵام ڕۆژی 2017/7/3 مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: بڕیاری گۆڕینی سەرۆکی فراکسیۆن و دانانی سەرۆکێکی نوێ لە جێی خۆیەتی، لە کۆبوونەوەی داهاتوودا لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لەبەغدا، بەئامادەبوونی جێگری سکرتێری گشتی و لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی، بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێ".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، گوتی: "گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق کۆتایی هاتووە، لەم بارەیەوە بڕیار و ڕوونکردنەوەش دراوە، بۆیە چاوەڕێی گەڕانەوەی کاک کۆسرەت دەکەین لە دەرەوە، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتووی مەکتەبی سیاسی سەرۆکێکی نوێ بۆ فراکسیۆنەکە دەستنیشان بکرێ".

جگە لە گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، ئەو حیزبە چەندین پۆستی دیکە بە مافی خۆی دەزانێت لە بەغدا پڕی بکاتەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا ئەو پۆستانە بە وەکالەت بە دەستی عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەوەن.

شوان داودی، گوتەبێژی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمەڵێک پۆستی گرنگ و هەستیار لە بەغدا هەیە کە پشکی کوردن و پڕ نەکراونەتەوە، بەشێک لەو پۆستانەش وەکو یەکێتی بە مافی خۆمانی دەزانین، بەڵام ناکۆییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەربەستن لە بەردەم پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە".

شوان داودی ئاماژەی بەو پۆستانەدا کە ئەو بە مافی یەکێتیان دەزانێ و گوتی "پۆستی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بریکاری وەزارەتی دەرەوە، ئەمینداری گشتی پەرلەمانی عێراق، فەرماندەی فیرقەیەکی سەربازی لەگەڵ چەندین بەڕێوەبەری گشتی ئیستیحقاقی یەکێتین، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی کورد لە بەغدا ئەو پۆستانە پڕ نەکراونەتەوە".

#### بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەگۆڕێت

گۆڕانکاری لە پۆستەکانی حکومەتی خۆجێیی لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی لە ماوەی ڕابردوو ناکۆکی و ململانێی زۆری لە نێوان سەرکردەکانی ئەو حیزبە دروستکرد، دیارترینیان گۆڕینی قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ بوو کە ململانێیەکی زۆری لە نێو بەرپرسانی ئەو حیزبەدا دروستکرد، دواجار قوباد تاڵەبانی، خۆی سەردانی چەمچەماڵی کرد و ئەو گۆڕانکاریانەی ڕاگەیاند.

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی سەوز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕیاریداوە زۆربەی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لە پشکی یەکێتی بگۆڕێت بەڵام لەو قۆناغەدا قایمقامەکان ناگرێتەوە".

## فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# خەڵکێک لەناوەوە و دەرەوەی گۆڕان ناهێڵن گفتوگۆی ڕاستەوخۆمان هەبێ

**فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ڕایگەیاند کە حیزبەکەی سوورە لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لە 25ی سێپتێمبەری داهاتوو. هۆشدارییش دەدات و دەڵێت ئەگەر گشتپرسی نەکرێ، کەلێنی نێوان حیزبەکانی کوردستان فراوانتر دەبێ. هەر لەوێدا دەڵێت کە "هیچ دەوڵەتێک دژی گشتپرسی نییە". سەبارەت بە کاراکردنەوەی پەرلەمانیش دەڵێت "پارتی مەرجی خۆی لاداوە، مەرجیش لە کەس قبوڵ ناکات".**

هەڤپەیڤین: ڕەنج سەنگاوی
ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: دەمەوێ لە کۆبوونەوەی حەوتی حوزەیران بە سەرۆکایەتی بارزانی دەستپێبکەم کە لەوێ بڕیاری گشتپرسی لە ئەیلولی ئەمساڵ درا، ئایا سەربڕیاری هاتنە پێشی هەر بارودۆخێک، گشتپرسی هەر دەکرێ؟**

**فازڵ میرانی:** سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری داوە 25ی ئەیلول گشتپرسی بکرێ، دوای ئەوەش کۆبوونەوەی لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کردووە، چ ئەوانەی لە پەرلەمان و حکومەتن، چ ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت و پەرلەمانن، بۆ ئەوەی ڕای گشتیی بزانن ئەو بڕیارە بە تەنیا بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نییە. بەو پێیەی ئەو حیزبانە نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن، جا چ لەڕووی ژمارەی ئەندام و لایەنگرەوە، یان بەپێی نوێنەریان لە پەرلەمان. ڕاوێژکردنی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ ئەو حیزبانە قوەتێکی ئیلزامی زیاتر دەداتە بڕیارەکە، چونکە ئەو حیزبانەی کە 25ی مانگیان داناوە، ئاسان نییە پاشەکشەی لێ بکەن.

بەڵێ ئێمە لە 25ی مانگ ریفراندۆم دەکەین. نەک ئێمەی پارتی، ئێمەی کوردستانی، چونکە ئەو بڕیارە بڕیاری پارتی نییە، بەڵام لە سەرکەوتنی ڕەنگە پارتی قازانجی زۆرتر بکات، لە بەرامبەردا لە سەرنەکەوتنی خوانەخواستە، پارتی زۆرتر زەرەر بکات. چونکە هەندێک هێزی سیاسی بەبێ ئەوەی ئەوە نیازی پارتی بێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئەوەی بیکەنە پاساوێک و خەڵک بەشدار نەبن، دەڵێن ئەوە بۆچوونی حیزبێکە، یان بۆچوونی مەسعود بارزانییە، ئەمانە بیانوون.

ئەوانەی پشتگیری دەکەن یان دژی ریفراندۆمن، هەق وایە پرسیارێک لە هەردوولا بکرێ، ئەوەی هاندەرە و گەرموگوڕە بۆ ریفراندۆم، پێی بڵێی بۆچی وا گەرموگوڕی؟ ئەوانەشی دژن یان بەدوای بیانوودا دەگەڕێن، بڵێی کاکە خێرە ئێوە دژن؟ هەر یەکەیان بیانووی خۆی هەیە، لەم سەردەمەدا دەبێ ڕێز لە بیروڕای تاک بگیرێ. شتێک هەیە بۆچوونی موعارز و موخالفیش کۆدەکاتەوە. ئەویش مەسەلەی ریفراندۆمە، ئایا پروپاگەندەیەکی حیزبییە بۆ هەڵبژاردن، یان مەسەلەیەکی نەتەوایەتی؟

**ڕووداو: من دژە گشتپرسی نابینم بە فەرمی، ئەوانەی نیگەرانن دەڵێن لە چاو گەورەیی ئەو پرسە، پارتی لە موبادەرەکانی بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی کە هەندێک دەڵێن لەسەر دەستی پارتی لە کرێژنە دەرچووە، ساردە؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە ڕێز لە هەموو بۆچوونێک دەگرین، بەڵام ئەو پرسیارە پرسیارێکی دیکە دێنێتە پێش: ئایا نەکردنی ریفراندۆم ئەو کێشانە چارەسەر دەکات؟ یان ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەو ساردیەی هەیە هەموومان لە یەک پرۆسەدا کە شەریک بین، زیاتر دەیپارێزین؟ بۆ نموونە لە ڕاپەڕیندا هەموومان شەریک بووین، پاراستوومانە. برایانی یەکەکە شەڕیان کرد، هەموومان پێکەوە بەرگریمان کرد. داعش هات هەموومان بەرگریمان کرد. لەبەر ئەوە پرۆسەیەک ئەگەر هەموومان بەشداربین ئەو ساردییەی پێشتر هەبووە لەوانەیە چارەسەری بکات. بۆچی نیگەران بین؟ من دەزانم باسی پەرلەمان دەکەی، ئەوانەی لێرەش نین هەر باسی پەرلەمان دەکەن، چونکە ئەوە جارێک و دووجار نییە، ئێمە وەکو پارتی ئەو شتەمان لەبەر کردووە. دوایین هەنگاو کە پارتی هاوێشتی. بەو شێوەیەی کە برایانی گۆڕان بێن دانیشتنێکی پەرلەمان بکرێ و کاک یوسف سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکات، دواتر سەرۆکایەتییەکی دیکە هەڵبژێردرێ، من ئەوە ناشارمەوە لەوانەیە ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە ئەو پێشنیازە کرابا، قبووڵ بووایە لەلای ئەو کەسانەی کە ئاماژەت بۆ کردن. یان لە سەردەمی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا ئەمە بکرابا، بڕیارێکی ئاسانتری لێ درابا. بەس دیسان ئێمە دەڵێین: ئەگەر ریفراندۆم نەکەین، خۆ ساڵێک پێش ئێستا باسی ریفراندۆممان نەکردبوو، ئایا ئەو کێشانە چارەسەر بوون؟ پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ریفراندۆم نەکەین پەرلەمان کارا دەکرێتەوە، ئەو کێشانە چارەسەر دەبن؟ من دەڵێم ئەگەر پێکەوە ریفراندۆم بکەین، پەرلەمان کارا دەکرێتەوە، ئەگەر نەیکەین کەلێنی نێوان هێزە سیاسییەکان فراوانتر دەبێ.

> پارتی و گۆڕان پێویستیان بەنێوبژیوان نییە

> ئێمە دەستبەرداری عینادی خۆمان بووین

**ڕووداو: گۆڕان مەسەلەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دێنێتە پێشەوە، ئێوە چۆن دەتوانن ئەو پرسە لەگەڵ گۆڕان چارەسەر بکەن، بەتایبەتی بارزانی وادەی داهاتووی هەڵبژاردنی داوەتە دەست کۆمسیۆن و ڕاشیگەیاند کە خۆشی کاندید ناکاتەوە؟**

**فازڵ میرانی:** نە ئێمە و نە جەنابی سەرۆکیش نەمانگوتووە ماوەکە تەواو نەبووە، ساڵێکە گوتوویەتی ماوەکەم تەواو بووە. بە حیزبەکانی گوت کەسێک لە شوێنی من دابنێن. زۆرجار گوێم لە یاساناسەکان لە پەرلەمان بەوانەی خۆشمانەوە دەبێ کە دەڵێن دەبێ ئێمە سەرۆکی هەرێم بگۆڕین. پێش ئەوەی سەرۆکی هەرێم باسی گۆڕینەکەی بکات، دەبێ ئێمە چارەسەرێکی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەین، خیلافی سیاسی نێو حیزبەکان تەنیا ریفراندۆم نییە، بەڵکو شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە کە دواجار لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرا، کەس ناتوانێ دەستکاری ئەمە بکات، مەگەر پەرلەمان یاسایەکی دیکە دەربکات. ئینجا بە ڕێککەوتنە، بە زۆرینەیە، بەس دەبێ تەوافوق بێ. ئێمە وەکو پارتی دەڵێین دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرێ. هەندێک حیزب دەڵێن نەخێر دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە بێ. ئەوە دەبێ لە داڕشتنی دیباجەی دەستوور و خاڵەکانی کە پەیوەستە بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە، جێگیر بکرێ. پێشتر لە پەرلەمان بوو، لەسەر داوای ئەو حیزبانە کردمان بە خەڵک، ئێستا هەمان ئەو حیزبانە دەڵێن نەخێر، لەلایەک بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، لەلایەکیش داوا دەکەن پرۆسەکە لە خەڵک وەربگیرێتەوە و بدرێتە دەست 111 کەس لە پەرلەمان. من یەکێک لەوانەم کە دژی ئەوەم سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، وەنەبێ من دژی سیستمی پەرلەمانیم، حیزبەکەشم دژی سیستمی پەرلەمانی نییە. بەڵام نیزامی پەرلەمانی لە شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دیاری ناکرێ. نیزامی پەرلەمانی شتێکە و شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم شتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: کاراکردنەوەی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی یوسف محەممەد بۆ یەک دانیشتن و دواتریش گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێشنیازی ئێوە بوو یان یەکێتی، یان لە ئەنجامی گفتوگۆی گۆڕان و یەکێتی بوو؟**

**فازڵ میرانی:** ئەوە پێشنیازی گۆڕان بوو پێش ساڵ و نیوێک، یەکێتیش تەبەنی کرد، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە. پێش ئەوەی کاک نەوشیروان بچێتەوە لەندەن ئەو پێشنیازە هەبوو. گۆڕانیش ڕازی بوو، بەڕێز کاک عومەر عینایەت بەربژێری گۆڕان بوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەندازیارە و کەسێکی کوردپەروەرە و بنەماڵەکەی دەناسین. دواتر بووە پێشنیازی یەکێتی، دواتر بووە پێشنیازی ئێمە و یەکێتی، بەڵام گۆڕان ڕەتیکردەوە.

هەموو گلەیی لە پارتی دەکەن، پارتی سنگی فراوانە بۆ گلەیی، دەڵێن پارتی خراپە و عینادە، باشە ئەوە ئێمە لە عینادی خۆمان

> کوڕی نەوشیروان مستەفا دەڵێت نالێم نەخێر بۆ ریفراندۆم

> یەکێتیی ئێستا یەکێتییەکەی مام جەلال نییە

> کاک کۆسرەت بە بارزانیی گوت بە تەنیا ریفراندۆم بکەی لەگەڵت دەبم

هاتینە خوارەوە، لایەنی دیکە بۆ نایەتە خوارەوە؟

**ڕووداو: زۆرجار لەڕێی تورکیا و ئێرانەوە دانوستاندن دەکەن، بۆچی ڕاستەوخۆ دانوستاندن ناکەن؟ لە کاتێکدا عومەری سەید عەلی هەڵسوڕاوی باڵای گۆڕان گوتی ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆ و دەرگای گفتوگۆمان لەگەڵ کەس دانەخستووە؟**

**فازڵ میرانی:** من پێش ئەوە پەیوەندیم بە کاک عومەرەوە کردووە، لەگەڵ کاک جەلال جەوهەر قسەم کردووە، ئێمە هەمیشە داوای دانیشتنمان کردووە، بەڵام هەندێک کەس لەنێو گۆڕان و هەندێکیش لە دەرەوەی گۆڕان نەیاندەویست ئەو گفتوگۆیە ڕاستەوخۆ بکرێ، نازانم هۆکارەکەی چییە.

**ڕووداو: بە ئێستاشەوە؟**

**فازڵ میرانی:** ئێستاش ئێمە حازرین لەگەڵ گۆڕان دابنیشین. ئێمە بەو ریشە سپییەوە چووین بۆ پرسەی کاک نەوشیروان، چاوەڕێی ئەوەین برادەرانی گۆڕان بێن لەگەڵمان دابنیشن. ئێستاش چاوەڕێین ئەوان کاتی کۆبوونەوە دیاری بکەن.

**ڕووداو: ئێوە دەتانەوێ چی بڵێن؟ لە کاتێکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەنیشت کاک عومەرەوە وەستابوو، ئەوان گوتیان ئێمە دەرگای گفتوگۆمان دانەخستووە؟**

**فازڵ میرانی:** ئەو بابەتە پێویستی بە ناوبژیوان نییە، چونکە نە گۆڕان ئێمە دەردەکات، نە ئێمەش گۆڕان دەردەکەین، ئێمە برای یەکدی نین، بەڵام شەریکی یەکدین. با وا بڵێین دوێنێ لایەنەکان هەموویان داوایان دەکرد و ئێمە ڕەفزمان دەکرد، ئەوە ئەمڕۆ ئێمە قبوڵمان کردووە، ئەوان... من حەز ناکەم بکەومە نێو ئەو گفتوگۆیە، بەڵام ئێمە ریفراندۆمەکە هەر دەکەین، ئەگەر بڵێن بارودۆخی پارتی حەساسە و با مەرجی خۆمان لەسەر پارتی فەرز بکەین، با لەو لایەنەوە خەیاڵیان ئاسوودە بێ. ئێمە ریفراندۆم هەر دەکەین. مەرجی خۆمان لاداوە و مەرجی خەڵکی دیکە قبوڵ ناکەین، ئەوە لایەنێکیان. باشە ئەگەر ئێمە پیاوی باش نین، بۆ ئەوان یەکێکیان خۆیان ناکەنە پیاوی باش. ئێمە ئەگەر بارودۆخی کوردستان لەبەرچاو بگرین، بەڕاستی لەڕووی مەنتق و واقیعیەتەوە عێراق ئێمەی ناوێ، نەک ئێمە عێراقمان نەوێت. ئەوان ژینگەیەکیان بۆ کورد دروست نەکرد کە بیر لە جیابوونەوە نەکەنەوە. کورد هەر لە 2003وە بە ئیختیاری خۆی لەگەڵ عێراق بووە، ئەوانەی ئەمڕۆ هەڕەشەمان لێدەکەن، ئێزدی دەکەنە شیعە و مەسیحی دەکەنە شیعە و کوردستان دابەش دەکەن، لەسەر شانی ئێمەی کورد ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە.

من دیسان دەڵێم بۆچی داوای باشییەکە لە ئێمە دەکەن، بۆچی خۆیان لە باشییەکە دووردەخەنەوە؟ چونکە شەریکمان هەیە، ئەگەر هەموو شەریکەکانمان وەکو یەک بیر بکەنەوە بەڕاستی برادەرانی گۆڕانیش دێنەوە سەر ئەو ڕایە.

**ڕووداو: ئەگەر ریفراندۆم لە پەرلەمانەوە بێ و کۆدەنگییەکی سیاسی وەربگرێ، لەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەنگینتر نابێ؟**

**فازڵ میرانی:** من گومانم لەوە نییە، پەرلەمان پشتیوانی لەو بڕیارە بکات دەنگدانەوەیەکی باشتری دەبێ، چونکە دەسەڵاتی یاسادانانە. من ناتوانم وەکو پارتییەک ئەو ڕاستییە نادیدە بگرم. ئێمە دەزانین پەرلەمان چییە و بڕیاری ناپەرلەمانی چییە. بەڵام پرسیار دەکرێ بۆ پەرلەمان کارا ناکرێتەوە؟ ئێمە سەرەتا گوتمان یوسف و گۆڕان نابێ، ئێستا دەڵێین یوسف بگەڕێتەوە گۆڕانێکیش ببێتە سەرۆکی پەرلەمان. باشە ناکرێ ئێستا گۆڕان بە دەم ئەو هەنگاوەی پارتییەوە بێ کە دوێنێ پێشنیازی خۆیان بووە و ئێمە ڕەتمانکردووەتەوە؟

**ڕووداو: گوتت ئەو پێشنیازە لە میدیاکان خراپ تەرح کرا، کێ خراپ تەرحی کرد؟**

**فازڵ میرانی:** هەموومان بووین، من نامەوێ بڵێم فلان کەس بوو.

**ڕووداو: دەڵێن بە ئەنقەست وا تەرح کرا؟**

**فازڵ میرانی:** من خۆم لە کۆبوونەوەکەدا بووم، بە ئەنقەستی نابینم. بەڵام من دەڵێم تەرحێک بوو، قبوڵکردنی پێشنیازی نەک حیزبێک و دوو حیزب بووە. بەڵێ ئێمە باش نەبووین، توند بووین وەکو دەڵێن، ئێمە ئەمڕۆ لە عینادی خۆمان هاتینە خوارێ و قبوڵمان کرد. باشە ناکرێ خاوەن پێشنیازەکان دەستخۆشیمان لێبکەن؟ ئێمە لە مولتەقای ڕێگایەکین، لە نێوان عینادی ئێوە و پێشنیازی ئێمە لەو خاڵە بەیەکگەیشتین، وەرن با

> پارتی مەرجی خۆی لاداوە و مەرجیش لە کەس قبوڵ ناکات

> گەڕانەوەی د.یوسف بۆ یەک دانیشتن پێشنیازی گۆڕان بوو

# چاوەڕێین گۆڕان کاتی کۆبوونەوەیەک دیاری بکات

# ئەوەی دەرگا دابخات سیاسییەکی فاشیلە



> سەرم سوڕماوە لە هەڵوێستی کۆمەڵ و هیچ تەفسیرێکم بۆی نییە

> دۆستی گۆڕانین و خزمی کۆمەڵین

> پارتی نە عەبدوڵڵا قەسریی شەهید کردووە و نە مووشەکی لە بارەگاکانی کۆمەڵ داوە

> هیچ وڵاتێک دژی گشتپرسی نییە

> ریفراندۆم نەکرێ کەلێنی نێوان هێزە سیاسییەکان فراوانتر دەبێ

> زۆربەی خەڵکی سلێمانی بەشداری گشتپرسی دەکەن

> هەر لایەک لە بڕیاری ریفراندۆم پاشگەز ببێتەوە زەرەرمەند دەبێ جا بە قەناعەتی خۆی بێ یان ئێس ئێم ئێسی وڵاتێک

ئیشەکە بەیەکەوە بکەین.

**ڕووداو: بەرپرسانی گۆڕان پێیانوایە بۆ چارەسەری کێشەکان دەبێ خۆتان لەگەڵیان دابنیشن. دوای پرسەی نەوشیروان مستەفا نەدەکرا جارێکی دیکە سەردانی گۆڕان بکەنەوە؟ ناکرێ لێرەوە پەیامێکی تازەت هەبێ؟**

**فازڵ میرانی:** قوربان ئێمە چووین، بەندە لەگەڵ کاک مەحموود و کاک عیزەددین چووین. من بەردەوام مەیلم لەگەڵ ئەوەیە کەشێکی ئیجابی پەیدا بکەم، من لەگەڵ سلبیات نیم. ئێمە ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو بچینە گردەکە، کەی ئێن ئێن خەڵکی هێنا بە خراپە باسی ئێمەیان کرد. کە تۆ دەڵێی تەرحەکە بە ئەنقەست بەو شێوەیە کرا، من دەڵێم ئەو چاوپێکەوتنەی لە ئێن ئارتی کرا لە دژی ئێمە، هەر بۆ ئەوە بوو ئێمە نەچینە لای گۆڕان. برادەرانی یەکێتی پێیانوابوو ئێمە ناچینە لای گۆڕان، پێداگیریم کرد و گوتم نەخێر ئێمە دەچین، وەفدەکەم کۆکردەوە و گوتم چ دەڵێن؟ گوتیان دەبێ بڕۆینە لای گۆڕان، لە سەرەتای دانیشتنەکەش پێمانگوتن سوپاس کە دوێنێ شەو جنێوتان بە ئێمە دا، بەڵام ئێمە هەر هاتین، چوونمان بۆ پرسەی کاک نەوشیروان واجبێکی قەومی و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام چوونێکی سیاسی حیسابە.

**ڕووداو: بەڵام هێشتا دەرگا دانەخراوە؟**

**فازڵ میرانی:** ئەوەی دەرگا دابخات سیاسییەکی فاشیلە. دەرگا داخستن راکردنە لە واقیعیەت و بەرپرسیارێتی. لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ داخستنی دەرگاکان نەبووین و نین و ناشبین.

**ڕووداو: ئێستا چ قسەیەکی ڕاستەوخۆت هەیە بۆ هەوادارانی گۆڕان و بۆ سەرکردە و بڕیاربەدەستانی گۆڕان؟**

**فازڵ میرانی:** هەوادارانی گۆڕان و ئێمە و یەکێتی و جەماوەری فەیسبووک تەنیا تکام لێیان ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەخلاقیاتی کورد، یەکدی سووک نەکەن. ڕێزی خۆیان و مێژووی میللەتی خۆیان بگرن. ئەمڕۆ یەکێکم بینیوە تفی لە ئاڵای کوردستان کردووە لە فەیسبووک، ئەگەر ئەمە نوێنەرایەتی میللەتێک بکات کارەساتە. نوێنەرایەتی حیزبێکیش بکات کارەساتە. ئەگەر ئەخلاقیاتی میللەتێک بگاتە ئەو ئاستەی ئەوانە ڕێبەری بکەن، ئەوە کارەساتە.

**ڕووداو: لە کۆبوونەوەی حەوتی حوزەیران، کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی و مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بەشداربوون، لەو بڕیارەش بەشداربوون، ئایا هەڵوێستی یەکێتی هیچ پاشەکشەی کردووە، یان بە هەمان حەماسەتی پارتی دەڵێن بەڵێ بۆ گشتپرسی؟**

**فازڵ میرانی:** بە حوکمی ئەوەی دۆستی یەکێتییەکانیشم. حەز ناکەم لە جیاتی ئەوان وەڵام بدەمەوە، قسەیەک بۆ مێژوو دەڵێم: جەنابی کاک کۆسرەت لەو کۆبوونەوەیە بە جەنابی سەرۆک بارزانی گوت ئەگەر بە تەنیاش بمێنیتەوە من لەگەڵت دێم بۆ ریفراندۆم. ئەمە بۆ مەدحی کاک کۆسرەت نییە، بە دڵنیاییەوە کاک کۆسرەت وەکو خەباتکارێکی کورد و کوردستانی مەوقیعێکی گرنگی هەیە و جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتییە. کاک مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەوێ بوو. کاک سەعدی ئەحمەد پیرەش لەوێ بوو، سێ سەرکردەی گرنگی یەکێتی لەوێ بوون. بەلاغی کۆتاییش کاک مەلا بەختیار پێیداچووەوە، چونکە ئەو قەڵەمی تیژترە لە ئێمە، بەلاغەکە ڕوونە. ئێمە لەوێ هاوڕا بووین لە پاڵ بەتەنگەوەچوونی پێداویستییەکانی پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و لیژنەی باڵای ریفراندۆمەکە و دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی، لە پاڵ ئەوەدا باسی کاراکردنەوەی پەرلەمانیش کرا. بەڵام لەوێ ئەوە لە گۆڕێ نەبوو کە ئەگەر پەرلەمان کارا نەکرایەوە ئێمە ریفراندۆم نەکەین.

**ڕووداو: یەکێتی بە هەمان حەماسەتی ئێوە بەشداری گشتپرسی دەکات؟**

**فازڵ میرانی:** دەتەوێ دۆستایەتی من و یەکێتییەکان کاڵ بکەیەوە! تەعامولی 26 ساڵەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی، یەکێتییەکەی مام جەلال جیاوازە لەگەڵ ئەو یەکێتییەی ئێستا. ئێمە کە لەگەڵ مام جەلال دەگەیشتینە بڕیارێک، ئەو بڕیارە جێبەجێ دەبوو، یان ئەو قەناعەتی بە ئێمە دەهێنا، بەتایبەتی بە سەرۆک بارزانی، یان ئەو قەناعەتی بە مام جەلال دەهێنا، بەڵام یەکێتیی ئێستا، یەکێتیی ئەوسا نییە، بۆیە ناتوانم بڵێم ئا یان نا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی یەکێتی، مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە هەموو بەرنامە و کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتیدا هەبووە. بەڵام واقعی ئێستای یەکێتی جیاوازە. فرە مینبەرە بە حوکمی ئەو دیموکراتیەی پەیڕەوی دەکەن، هەر حیزبە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئێمە سەرۆکێکمان هەیە بۆچوونە جیاوازەکانی ئەلف و با و جیم هەموو لەوێ کۆدەبێتەوە، لێکی دەدەنەوە و بۆچوونێکی لێ دەردەچێ، ڕەنگە یەکێتی حاڵی حازر ئەو تایبەتمەندییەی نەبێ. بەڵام بەبۆچوونی من هەر حیزبێک نەک یەکێتی، پاشگەز ببێتەوە لە بڕیاری ریفراندۆم یان کۆسپ بۆ ریفراندۆم دروست بکات، یان بە بیانوو بێ لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، جا چ قەناعەتێکی نێوخۆیی بێ، یان ئێس ئێم ئێسی وڵاتێکی بۆ بێت، زەرەرمەند دەبێ.

**ڕووداو: باسی گۆڕان و یەکێتیت کرد، بەڵام پەیوەندیی کۆمەڵی ئیسلامی و پارتی بۆچی وای بەسەرهات؟ لەکاتێکدا پارتی و بەڕێز عەلی باپیر پەیوەندییەکی دۆستانەی زۆر خۆشیان هەبوو؟**

**فازڵ میرانی:** من لە تۆ سەرسامترم لەو هەڵوێستەی کۆمەڵ. تەفسیرێکم نییە، چونکە نە ئێمە عەبدوڵڵا قەسریمان شەهید کردووە و نە سارووخمان لە بارەگاکانی کۆمەڵ داوە، نە بارەگامان گرتوون. ئێمە ڕەفیقی یەک بووین لە شاخ و لە سەرهەڵدان و لە حکومەت. مانەوەی کۆمەڵیش بەلای ئێمەوە جێگەی تەقدیرە. من هەمیشە دەڵێم کاک عەبدولستار یەکێکە لە وەزیرە هەرە باشەکانی ئەو حکومەتەی ئێستا. کاری خۆی دەکات و بەرگریشی لێدەکات. من هیچ هۆکارێک بۆ ئەو هەڵوێستەی کۆمەڵ شک نابەم، تەنیا هاوپەیمانیی لەگەڵ گۆڕان نەبێ.

**ڕووداو: پارتی بڕیاری نەداوە سەردانی کۆمەڵ بکات و بزانێ بۆچی نیگەرانە؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە حیزب نەماوە سەردانیان نەکەین، چ بە ئاشکرا چ بە نهێنی. بێجگە لە سەردانە ئاشکراکان، هەر یەکێک لە ئێمە کۆمەڵێک دۆست و برادەرمان هەیە. پارتی و یەکێتی، پارتی و گۆڕان، گۆڕان و یەکێتی. ئێمە و کۆمەڵ، ئێمە و یەکگرتوو. لەو پەیوەندییە شەخسیانەی لە نێوانماندا هەیە، دەردەدڵ بۆ یەکدی دەکەین و باسی ئەو نیگەرانیانە دەکەین. ئەوەی ناوێرین لە نێو حیزبەکانی خۆمان باسی بکەین، لەو پەیوەندییە شەخسیانە باسی دەکەین.

**ڕووداو: واتە زۆربەتان لە حیزبەکانتان دەترسن؟**

**فازڵ میرانی:** بەدڵنیاییەوە، ترس مەفهومی هەیە، پەیڕەوکردنی ئینتیما ترسێک دروست دەکات. مێژووت لەگەڵ ئەو حیزبە ترسێکی دیکەت بۆ دروست دەکات.

**ڕووداو: قەت بووە بڕیاری پارتیت پێ هەڵە بووبێ، بەڵام ئەو ترسەی ناوی لێی دەنێی ترسی ئیلتیزام و ئینتیما وای لێکردبی دانی پێدانەنێی؟**

**فازڵ میرانی:** بە دڵنیاییەوە.

**ڕووداو: ئەگەری وا هەیە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی ئێوە بکات و دەرگای بەڕوودا دابخەن؟**

**فازڵ میرانی:** بە حوکمی ئەوەی جەنابی کاک عەلی ئەمیرە، من لاریم نییە 10 جار سەردانی بکەم لە جیاتی ئەوەی سەردانمان بکات، ئەگەر ئەویش سەردانمان بکات، بارەگاکانی ئێمە بارەگای مامۆستا عەلی باپیرە، ماڵەکانی ئێمە ماڵی مامۆستا عەلی باپیرە. بەڕاستی نێوانی ئێمە و کۆمەڵ نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە. من زۆرجار بە برادەرانی یەکێتی دەڵێم، ئێوە و گۆڕان خزمن، ئێمە و گۆڕان دۆستین، بەڵام ئێمە و کۆمەڵ خزمین.

**ڕووداو: ئەی بۆ لەگەڵیان دانانیشن؟ کەواتە لەگەڵ کۆمەڵ کێشەیەکی واتان نییە؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە هەوڵمان داوە تەیاری ئیسلامی کوردستان کەم تا زۆر لە خانەی ئیرهابی ئیسلامی دووربخەینەوە. هەر لە 2003وە، خۆشمان وەکو پارتی لەگەڵ ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان هەوڵمانداوە کە تەیاری ئیسلامیی ئێمە ئەو ئیسلامییە نییە کە لێی دەترسن. ئەو هەستە نەتەوایەتییەی لەنێو تەیاری ئیسلامیی کوردستان هەیە، جێگەی ڕێزە. پێشتر لە نێو تەیاری ئیسلامی مقۆمقۆیەک هەبوو کە دەوڵەتی کوردی بۆچییە و هەموومان موسڵمانین. من لە پرسەی مامۆستا شێخ عوسمانی بیارە ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا گوتارێکم پێشکەش کرد لە مزگەوتی ڕەشاد موفتی، گوتم هەندێک قسەی وا دەکرێ، گوتم ئەگەر برادەران بتوانن هەموو دەوڵەتانی عەرەبی بکەنە یەک دەوڵەت کە موسڵمانن، ئێمەش ئەوکات دەبینە مەملەکەتی کوردستانی ئیسلامی و دەچینە نێو ئەو یەککگرتنە.

**ڕووداو: ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵ لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ئاسانتر دەبینی؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە لەگەڵ هەموویان ئاشتین، ئەوەی ئێستا ماوە گۆڕان و کۆمەڵە. وەنەبێ ئێمە لەگەڵ ئەوانیش ئاشت نەبین، قسەمان هەیە، تەلەفۆنمان هەیە، دانوستاندنمان هەیە، بەڵام بەو شێوەیەی حیزبەکانی دیکە نییە. ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیمان هەیە. لەو کۆبوونەوەیە ئێمە ئەو قۆناغە بەڕاستی دەکەینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، لەبەر ڕۆشنایی ئەوە چ هەنگاوێک پێویست بێ دەیهاوێژین. من بەبێ کۆبوونەوەش ئەمڕۆ حازرم بچمە لای مامۆستا عەلی باپیر و شەخسی خۆم خۆشمدەوێ، سەرەڕای هەموو پەیوەندییە سیاسییەکان. من ئامادەم لە دەرگای هەموو حیزبەکان بدەم لەپێناوی مەسەلەی کورد و کوردستان.

**ڕووداو: چییە ئەگەر پێش کۆبوونەوەکە چایەکیان لەگەڵ بخۆیتەوە؟**

**فازڵ میرانی:** من وەکو فازڵ میرانی مانعم نییە، لەبەر خاتری تۆ حەز دەکەی سبەی دەچمە لایان. (دوای ئەو داوایەی ڕەنج سەنگاوی، ڕۆژی 2017/7/9 فازڵ میرانی سەردانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کرد).

**ڕووداو: کاک فازڵ تۆ خەڵک زۆر دەبینی، من بیستوومە کەسێکی کۆمەڵایەتیت، من دوێنێ ڕاپرسییەکم لە سلێمانی کرد، خەڵک زۆر نیگەرانن لە پەیوەندیی ناتەبای حیزبەکان، ئەگەر زیاتر لە میدیاکارێک قاچ درێژ بکەم، پێت بڵێم ئەو چایەی لەگەڵ کۆمەڵ دەتەوێ بیخۆیتەوە، بۆچی ناچی چایەکیش لە گردی زەرگەتە بخۆیتەوە؟ ئەوە بە زەحمەت دەزانی بەناوی خەڵکەوە داوات لێ بکەم؟**

**فازڵ میرانی:** زەحمەت نییە، خەڵکیش مافی خۆیانە نیگەران بن، چونکە ئێمەی حیزبەکان لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگەی خۆمان پێکەوە بنووسێنین، بە داخەوە وامان کردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێ، برایەک یەکێتییە و ئامۆزایەکی پارتییە، ئەگەر ئێمە نزیک بین، ئەوان دەبن بە برای یەکدی، ئەگەر لە یەکدی دووربین، دەبنە ئامۆزا. بەڕاستی ئەوە خەسڵەتێکی باش نییە لە بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان.

**ڕووداو: تۆ ئەو ئەرکە دەگریتە ئەستۆ ئەو ئامۆزایانە بکەیتەوە بە برا؟**

**فازڵ میرانی:** بە دڵنیاییەوە.

**ڕووداو: لێدوانی تەلەفزیۆنی گرنگ نییە، ئامادەی سەردانی کۆمەڵ یان گردەکە بکەی؟**

**فازڵ میرانی:** لە سەردان ئاسانتر نییە لەلای من، چونکە ئەو جیلەی ئێستا لە سەرکردایەتی حیزبەکانین، خاڵی هاوبەشمان ئەوەندە زۆرە بە پۆزەتیف و نێگەتیف. بۆ نموونە ئەو جیلەی ئێستا لە سەرکردایەتی گۆڕان و یەکێتین و ئەو جیلەی ئێمە. لە هیچ سەردەمێکدا پەیوەندیی تەلەفۆنیم لەگەڵ جەلال جەوهەر نەپچڕاوە، چونکە هاوڕێی یەکدین. لەگەڵ عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی و ڕەحمەتی کاک نەوشیروان هەروا. ئەو جیلە لە خراپترین بارودۆخدا مەجالی قسەکردن لەگەڵ یەکمان هەیە. ئێمە وەکو گەنجەکان نین، یان دوژمنن یان بران.

**ڕووداو: کەواتە دەستپێشخەریی تازەی پارتی لەدوای کۆبوونەوەکە دەبینین؟**

**فازڵ میرانی:** هەمیشە پارتی دەبێ دەستپێشخەری بکات، چونکە ئێمە مێژووی خۆمان دەپارێزین، چاکبوونی مێژووی ئێمە، لە چاکبوونی بارودۆخی ئێستادایە.

**ڕووداو: پێتوانییە ئەمە زیانێکی زۆر بە کورد دەگەیەنێ کە کورد دابەش ببێ بەسەر بەرەی گشتپرسی و بەرەی دژە گشتپرسی؟**

**فازڵ میرانی:** لە دەمی کاک چیای کوڕی کاک نەوشیروان قسە کراوە دەڵێت من ئەگەر بەڵێش نەڵێم، نەخێر ناڵێم. وشەیەکی تورکی هەیە یازک، واتە حەیف، یازک بۆ خەڵکێک بچێ و بڵێ نەخێر بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ستەمی 100 ساڵەی میللەتێک کە بە سەتان هەزار شەهیدی داوە. من دەپرسم بۆچی نەخێر، نەخێر بۆ ئەوەی لە چنگی حکومەتی مالیکی ڕزگارمان بێ، نەخێر بۆ ئەوەی لە لێکەوتەی ئەنفال و کیمیاباران ڕزگارمان بێ. میللەتانی دونیا بەبێ باج سەربەخۆییان بەدەستنەهێناوە.

من دەڵێم با ئێمە هەموومان هەوڵ بدەین ریفراندۆمەکە سەربخەین، ریفراندۆم شتێکە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ شتێکی دیکەیە. کاتی دەوێ، پێداویستی دەوێ، بۆیە خەڵکێک با وا تێنەگات، ئێمە نە موغامەرەچین و نە قومارچین، ئێمە ریفراندۆمەکە دەکەین و بۆ هەموو هەنگاوەکانی سەربەخۆییش لە هەموو دەرگایەک دەدەین.

**ڕووداو: پشتگیری نێودەوڵەتیتان هەیە، دیراسەی ریسکەکانتان کردووە، کورد تووشی قاتوقڕی و نەبوونی ناکەنەوە؟**

**فازڵ میرانی:** تۆ وڵاتێکم بۆ بێنە بەبێ قوربانی سەربەخۆیی وەرگرتبێ. کەس سینییە گوڵێکمان پێشکەش ناکات و بڵێت فەرموون ئەوە دەوڵەتێک بۆ ئێوە. هەموو وڵاتانی عەرەبی ساڵی 1970 دژی حوکمی زاتی بوون کە بەعس لە نیوەی ڕێگا پچڕاندی.

**ڕووداو: بەڵام خەڵک دەپرسن ئەگەر بووینە قوربانی، قوربانییەکە خەڵک دەبێ، یان گەورە و بچووک پێکەوە دەبن. چونکە خەڵک دەڵێن ئێمە دەبینە قوربانی و کاک فازڵ میرانییەکانی ئەم وڵاتە پاسپۆرتیان پێیە و دەڕۆن؟ دیراسەی ئەمەتان کردووە؟**

**فازڵ میرانی:** داعش هات بۆ ئەوەی کورد نەهێڵێ و مادەی 140 جێبەجێ نەکرێ، بەڵام خاوەن پاسپۆرتەکان شەڕیان کرد. من بەو ڕیشە سپییەوە حەوت مانگ لە بەرەکانی شەڕ بووم هەتا شنگال ڕزگار کرا، بەڵام خۆ هەموو کورد شەهید نەبوو، لە هەموو حیزبەکانیش شەهید نەبوون، 1900 شەهیدمان هەیە، 9000 بریندارمان هەیە، داعشیشمان دەرکرد و میللەتەکەشمان پاراست. خۆ ئەگەر ئێمە داوای سەربەخۆیی بکەین هەموو کورد قوربانیی. تاوەکو مومکین بێ، ئێمە میللەتی خۆمان تووشی شەڕ ناکەین، بەڵام ئەگەر شەڕ هاتە بەردەرگامان ناکرێ بەرگری لە خۆمان نەکەین. ئیسرائیل کە سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵێنی بلفۆریش هەبوو، لە نێوخۆیاندا میلیشیا هەبوو، بەشێکیان دژی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون و دەیانگوت عەرەب دەمانخۆن و فڕێماندەدەنە نێو دەریا، بەشێکیشیان دەیانگوت نەخێر. دەوڵەتی خۆشیان ڕاگەیاند و فڕێش نەدرانە نێو دەریا. باشووری سوودان گشتپرسییەکی کرد، من تەمەننا دەکەم عومەر بەشیرێک لە تورکیا و عێراق و ئێران هەبێ، باسی سووریا ناکەم، بڵێ کاکە ئێوەی میللەتی کورد گشتپرسییەک بکەن. ئێستا ئەوانەی بیانوویان بۆ ئەنجامنەدانی ریفراندۆم هەیە، دەچنە پاڵ ئەو خەڵکانەی دژی ریفراندۆمن، ئەوە ڕای میللەتی کورد نییە. من لە بەغدا بە بەڕێز عەبادیم گوت: ئێوە دەڵێن ئەو ریفراندۆمە بۆچوونی هەموو حیزبەکانی لەسەر نییە، باشە بوارمان بدەن با ڕای کورد وەربگرین، ئێوە بۆ لە ئێستاوە خۆتان تۆقاندووە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن چەند دەوڵەت دانتان پێدابنێ؟**

**فازڵ میرانی:** جارێ هیچ وڵاتێک دژی گشتپرسی نییە، چونکە خۆیان ڕۆژانە ریفراندۆم دەکەن، لەسەر گازینۆیەک ریفراندۆم دەکەن، لەسەر شاخەکانی ئاژەڵی کێوی لە سویسرا ریفراندۆم دەکەن. هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بڵێ من دژی ریفراندۆمم، چونکە ئەوە مافی گەلانە. هیچ وڵاتێک لە ئێستاوە بە ئاشکرا ناڵێت بڕۆ دەوڵەت دروست بکە، یان من دژی دەوڵەتی تۆم یان پشتگیریت دەکەم. ڕووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) هیچ کاتێک وا دەرنەدەکەوت کە ددان بە سەربەخۆیی ئیسرائیلدا بنێ، بەڵام کە ئیسرائیل دەوڵەتی ڕاگەیاند لەو دەوڵەتە یەکەمانە بوو کە دانی بە سەربەخۆیی ئیسرائیلدا نا.

**ڕووداو: کەواتە پشتیوانی نێودەوڵەتیتان هەیە؟**

**فازڵ میرانی:** من ناتوانم بڵێم هەیە، بەڵام دەڵێم ئەگەر تۆ ریفراندۆمەکەت سەرخست، زەمینەت خۆشکرد بۆ دەوڵەت، بەڵێ پشتیوانی دەبێ. چونکە کورد دوژمنی نییە.

**ڕووداو: ئەی ئەو قسانەی ڕۆژانە لە دەرودراوسێ دەیبیستین؟**

**فازڵ میرانی:** هەر شتێک بزانرێ ناگوترێ، هەر شتێکیش بگوترێ مەرج نییە ڕاست بێ.

**ڕووداو: کەواتە ئەو تەنگژانەی دروستبوون پەیوەندییان بە گشتپرسییەوە نییە؟**

**فازڵ میرانی:** بەبڕوای من بیانووە، تەنگژە نییە، بەڵام هیچ وڵاتێک دژی ریفراندۆم نییە. من پێشبینی دەکەم سبەی تۆ بە ڕێگایەکی ئاشتی دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنی، ئینجا کۆنفیدراڵی بێ لەگەڵ عێراق، یان بە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی ئەمنی و ئابووری بێ لەگەڵ عێراق، پشتیوانەکان زۆرتر دەبن لە دژەکان، یابانێک بۆ دژی میللەتی کورد بێ، چینێک بۆ دژی میللەتی کورد بێ. لە بەغدا گوتم ئایەتێک حەدیسێکم بۆ بهێننەوە بڵێ کورد نابێ دەوڵەتی خۆی هەبێ. بە ئاغای حەکیمم گوت ئێوە موسڵمانن؟ گوتی ئەلحەمدولیللا، گوتم: ئەی ئێمە؟ گوتی: ئێوەش موسڵمانن. پێمگوت فەرموودەیەک هەیە دەڵێت "لا یومن احدکم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه". پێمگوت ئەو فەرموودەیە ڕاستە؟ گوتی: بەڵێ موسەحەح و موسەللەمە. گوتم مادام ئێوە موسڵمانن، ئێمەش موسڵمانین، باشە مەوقیعی ئێمە و ئێوە چییە؟ بۆ بەحرێن دەوڵەتێک بێ، بۆ ئیمارات دەوڵەت بێ؟ کێ ئەو مافەی لە ئێمە حەرام کردووە؟

**ڕووداو: چی گوت؟**

**فازڵ میرانی:** هیچی نەگوت.

**ڕووداو: دوای گشتپرسی چۆن دەوڵەت رادەگەیەنن؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە دەبێ زەمینە خۆشبکەین، موغامەرە بەو دەستکەوتانەی هەمانە ناکەین، زروفی زاتی و مەوزوعی هەڵدەسەنگێنین، بەڵام پێش ئەوە دەبێ نێوماڵی خۆمان ڕێکبخەینەوە.

**ڕووداو: واتە بە خەڵک دەڵێی گشتپرسی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتە؟**

**فازڵ میرانی:** من دەڵێم ئەگەر گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی نەبێ نەیکەین باشترە.

**ڕووداو: پێتوایە بەشداری خەڵکی سلێمانی بۆ بەشداری لە گشتپرسی چۆن دەبێ؟**

**فازڵ میرانی:** ئەوەی من شاری سلێمانی بناسم، لە هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری نموونە بووە. کاژێک لە سلێمانی دروست بووە، پاسۆک هەروا. بۆیە سلێمانی نەتەوەپەرستن، ئەسڵەن بیری نەتەوەیی زیاتر لەناو کۆمەڵگەی سلێمانی جێگیرە. ئەوەی ئێستا لێرە و لەوێ دەگوترێ تەعبیر لە تورەی سلێمانی ناکات، لە ژینگەی سلێمانی ناکات. ژینگەی سلێمانیش وا نەگۆڕاوە کە خەڵکانێک دەیبینن یان تەسەوری دەکەن. بەڕای من زۆربەیان بەشداریی گشتپرسی دەکەن.

**ڕووداو: ئێستا کەسێکی وەکو بەرهەم ساڵح لە حیزبەکەی دوورکەوتووەتەوە، لەنێو حیزبەکانی دیکەش خەڵکی وا هەن، بۆ سوود لە پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیان نابینن لە لیژنەکانی ریفراندۆم؟**

**فازڵ میرانی:** ئەو خەڵکانە دەتوانن ڕۆڵی باش ببینن، کاک بەرهەمە کاک فەرەیدون عەبدولقادرە، کاک سالار عەزیزە. کاک دیندار نەجمان دۆسکی کە تا دوێنێ یەکگرتوو بوو، مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیقە، ئەو کەسایەتیانەی دوێنێ سیاسی بوون و ئەمڕۆ نیشتیمانپەروەرن دەتوانن ڕۆڵ ببینن.

**ڕووداو: لە نێو پارتیش کەست پێ شک نایەت؟**

**فازڵ میرانی:** ئاخر کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی داشبڕێت هەر بە حیزبی دەمێنێتەوە. لای ئێمە وایە ئەوەی لە شاییش نەبێ هەر چەپڵە لێدەدات. مامۆستا مەلا محەممەدمان هەیە جاری وا هەیە دەڵێت من سەربەخۆم، بەڵام کە دەمارت گرت و هێرشت کردە سەر پارتی، دەبێتە پارتی. ئەمە خەسڵەتی پارتییە، بەس کەسایەتیمان هەیە، زانای ئاینیمان هەیە دەتوانن ڕۆڵ ببینن. من لەگەڵ ئەوەم لیژنەی باڵای ریفراندۆم بەو خەڵکانە بسپێرن، لە جیاتی ئەوەی نوێنەری حیزبەکانی تێدابێ.

**ڕووداو: یەکێتی ئەندامی خۆی بۆ لیژنەی ریفراندۆم دەستنیشان کرد؟**

**فازڵ میرانی:** جارێ نا، چونکە کۆبوونەوەکانی یەکێتی جارێ کۆتاییان نەهاتووە.

**ڕووداو: پێشبینیی ئابلۆقەی ئابووری، یان مەترسیی زۆر گەورە لەسەر کوردستان دەکەی؟**

**فازڵ میرانی:** ئێمە دەبێ واقیعی بین. یەکێک پێیگوتم ریفراندۆم دەستنوێژێکە کە دەستنوێژت گرت دەبێ نوێژ بکەی. گوتم بەڵێ شیوعییەکان سەعات 10ی بەیانی دەستنوێژ هەڵدەگرن، سەعات 10ی شەو نوێژ دەکەن. بەڵێ تەوەقوعی هەموو شتێک دەکەین، بەڵام ئەگەر یەک بین بەرگەی هەموویان دەگرین. پێش هەفتەیەک من لە دوبەی بووم، یەکێک پێیگوتم نێچیرڤان گوتوویەتی هەولێر دەکەمە دوبەی، گوتم بەڵێ دەشتوانێ، بەڵام دوبەی لە ساڵی 1970وە دەستی پێکردووە، دوبەی شیوعیی نییە، یەککگرتووی نییە، کۆمەڵی نییە، گۆڕانی نییە، یندکی نییە، حسکی نییە. میزانییەکەشی لە دەستی ناحەزێکدا نییە. وڵاتێکە دەرگای وەبەرهێنان و قەرزی بۆ کراوەتەوە. ئەوەی لە دوبەی دەیبینی هەمووی هی دوبەی نییە، هی خەڵکە.

**ڕووداو: کەواتە دوای گشتپرسی زەمنیەی بە دوبەیکردنی هەموو شارەکانی کوردستان، بەڵام بە ئازادی و دیموکراسییەکی زیاتر دروست دەبێ؟**

**فازڵ میرانی:** من دەڵێم ئەگەر یەکڕیز بین، دابەش نەبین بەسەر مالیکی و عەبادی و بەسەر چەپ و ڕاست و بەسەر باکوور و باشوور، بەڵێ.

ڕووداو
ژمارە ( 464 ) - دووشەممە 2017/7/10



## قوباد تاڵەبانی: خەریکە چاکسازییەکانی حکومەت جێگەی

**ڕووداو – چۆمان**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەڵێ، چاکسازییەکانی حکومەت خەریکە جێگەی خۆیان دەگرن. قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە 2017/10/9 سەردانی دەڤەری باڵەکایەتی کرد و لەگەڵ کۆمیتە و ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەڤەرەکە کۆبووەوە. دوای کۆبوونەوەکەش لە لێدوانێکی ڕۆژناڤەنیدا لە چۆمان ڕایگەیاند هەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی گەنجانی ناوچەکە بخەنەکار و دەڤەرەکەش بکەنە ناوچەیەکی گەشتیاری. قوباد تاڵەبانی گوتی: "چاکسازییەکانی حکومەت خەریکە جێگەی خۆیان دەگرن، بەرەبەرە حکومەتەکەمان دێتەوە سەر پێی خۆی، حکومەت دەزانێت چۆن مامەڵە بە داهاتەکانی بکات".

# پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان کۆدەبێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی بەریتانیا دانیشتنێکی بۆ تاوتوێکردنی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوولی کوردستان ڕێکخست کە تێیدا ژمارەیەک پەرلەمانتار پێشبینییەکانی خۆیان بۆ هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا خستەڕوو. بەشی هەرە زۆری پەرلەمانتارەکان لەسەر لێبوردەیی ئایینی و ئەتنیکی لە هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە 1.5 ملیۆن ئاوارە و پەنابەری عێراق و سووریا و هەنگاوە توندەکانی حکومەتی ناوەندی لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆک بوون.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا جەک لۆپرێستی، نوێنەری فیلتن و برادڵی ستۆک، گوتی "بەداخەوە فیدرالیزمی عێراق فەشەلی هێناوە، چونکە حکومەتی زۆرینەی شیعەی عێراقی حەزی لە فیدرالیزم و (پاراستنی) مافی کەمینەکان نییە". لۆپرێستی، کە سەرۆکی گرووپی هەموو پارتەکان بۆ هەرێمی کوردستانە، گوتیشی "ئەوە عێراقە خۆی لە هەرێمی کوردستان جیاکردووەتەوە". چونکە بودجە نانێرێت و هاریکاری ئاوارە عەرەبەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ناکات.

سەرکردایەتیی کورد ئەوەیان خستووەتەڕوو کە تایفییەت و مەرکەزیبوونەوەی سیستەمی ئیداری هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بوون و لە داهاتووشدا دەکرێ هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش و گرووپی هاوشێوە بن. جەک لۆپرێستی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە داواشی کرد وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دانوستاندنەکانی بەغدا و هەولێر لەپاش گشتپرسییەکە یارمەتیدەر بن "تاوەکو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلاببێتەوە". پەرلەمانتارەکەی فیلتن و برادڵی ستۆک، جەختی لەوەش کردەوە کە "بەریتانیا دەبێت لە ماوەی گشتپرسییەکەدا چاودێر ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکات".

سەرۆکی گرووپە بەریتانییەکە لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا ڕەتی ئەو خاڵانەی دایەوە کە هەندێک کەس پێیانوایە کاتی گشتپرسییەکە هەڵەیە، لەوانەش "ناکۆکی نێوخۆیی و ئیفلیج بوونی پەرلەمان، ڕەوشی ئابووریی هەرێم و هەڵوێستی وڵاتانی دەوروبەر".

سەبارەت بە ناکۆکی نێوخۆیی و لەکارکەوتنی پەرلەمان، لۆپرێستی هیوای خواست "دانوستاندنە بەردەوامەکان بە بەشداری دیپلۆماتەکانی ئێمە ناکۆکییەکان چارەسەر بکات"، جەختی لەوەش کردەوە کە بەریتانیا وەکوو دۆستێکی ڕاستەقینە "دەبێ گوشار لەسەر کورد دروستبکات تاوەکو پەرلەمان دەست بە کارەکانی بکاتەوە و دیموکراسییەکی چالاک لە زووترین کاتی مومکیندا (لە کوردستان) بێتە ئاراوە".

لەبارەی قەیرانی ئابووریش، پەرلەمانتارەکەی بەریتانیا ئاماژەی بە چاکسازییەکانی سەرۆکوەزیران بارزانی و جێگرەکەی قوباد تاڵەبانی کرد. بە گوتەی لۆپرێستی هەرچەندە ڕێگەیەکی زۆر ماوە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان بیبڕێت، بەڵام "بوونە دەوڵەت بیانووی پشتگوێخستنی چاکسازییەکان دەبڕێت و ڕێگە بە هەرێم دەدات دەستی بەو هاوکارییانە ڕابگات کە بۆ گەشەکردنن و تێیاندا جێبەجێکردنی ئەو جۆرە چاکسازییانە وەکوو مەرج دانراون"

جەک لۆپرێستی ئەوەشی خستەڕوو کە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر کوردستانێکی سەربەخۆ گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی کوردستان هاوبەشێکی سەرەکیی ئابووریی تورکیایە کە تورکیا دەتوانێت "وەکوو سەرچاوەی دابینکردنی وزە، تەرەفی گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکانی تورکیا، و ناوچەیەکی ئارام لە نێوان تورکیا و سوننە و شیعەکانی عێراق سەیری کوردستان بکات". لۆپرێستی نەیشاردەوە کە "ئێران سەرسەختانە دژایەتی (گشتپرسییەکەی) کردووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێران لە ژێر گوشارێکی زۆری ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو دایە، بەهیچ شێوەیەک مافی ڤیتۆکردنی سەربەخۆیی کوردستانی نییە".

مەری گلیندن، پەرلەمانتاری پارتی کار لە نۆرس تاینساید، ڕایگەیاند "منیش وەکوو هاوکارەکانم پشتگیری لەوە دەکەم کە کورد لە ڕێگەی گشتپرسییەکەی مانگی ئەیلوولەوە گوزارشت لە مافی چارەی خۆنووسین بکات". ستایشی سەرکردایەتی کوردیشی کرد کە داوایان لە خەڵک کردووە "بڕیاردەر بن تاوەکو ئەوان بتوانن بۆ سەربەخۆیی و پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ عێراق دانوستاندن بکەن".

سەبارەت بە ڕۆڵی بەریتانیا لە گشتپرسییەکە و دانوستاندنەکانی دواتر لەگەڵ حکومەتی عێراق، گلیندن پێشنیازی کرد "حکومەتی بەریتانیا و دیپلۆماتەکانی ئەزموون و شارەزایی خۆیان بەکاربهێنن تاوەکو پرۆسەکە بە ئاسانی بڕوات".

پاشان ڕۆبێرت هالفن، پەرلەمانتاری کۆنزەرڤاتیڤەکان لە هارلۆ، ستایشی لێبوردەیی ئایینی و ئەتنیکی لە هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی "لە کوردستان خەریکە کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک دروستدەبێت". هالفن کە سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی خەڵکانی سەر بە هەموو ئایینەکان لە هەموو ناوچەکانەوە بەرەو کوردستان ڕادەکەن، چونکە دەزانن کوردستان تاکە شوێنە کە لێی پارێزراو دەبن".

پەرلەمانتارەکەی هارلۆ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرێکی بۆ کاروباری جوولەکانی کوردستان داناوە. باسی لەوەش کرد لە یەکێک لە سەردانەکانی خۆیدا بەلای دێرێکی جوولەکان لە کوردستان تێپەڕیوە کە پارێزراو بووە، لە کاتێکدا "زۆر نین ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دێرەکان بپارێزن".

ڕۆبێرت هالفن باس دیدارێکی خۆی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی "زۆر خۆشحاڵبووم کاتێک سەرۆک بارزانی پێیگوتم ئەگەر عێراق دان بە ئیسرائیلدا بنێت، ئەوە بۆ ڕۆژی دواتر کۆنسوڵخانەی گشتیی ئیسرائیل لە هەولێر دەبێت".

ئەو پەرلەمانتارە بەریتانییە لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی "زۆر خەمخۆرم بۆ ئاواتی کورد بۆ سەربەخۆیی، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن خۆیان بپارێزن. بێگومان بڕوام وایە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی گشتپرسییەوە مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین بکەن، حەزیش دەکەم وەکوو چاودێر بەشداری گشتپرسییەکە بکەم".

نەدیم زەهاوی، پەرلەمانتاری ستراتفۆرد ئۆن ئەڤن لەسەر لیستی کۆنزەرڤاتیڤەکان، یەکەم کوردە کە وەکوو نوێنەر چووبێتە ناو دامەزراوەی یاسادانانی بەریتانیا. زەهاوی لە بەشێک لە قسەکانی خۆیدا گوتی مافی چارەی خۆنووسین مافێکی حاشاهەڵنەگری کوردە، بۆیەش پێیوایە حکومەتی بەریتانیا "پێویستە پێشوازی لە گشتپرسییەکەی ئەیلوول بکات، پێویستیش ناکات وەزیر ئاواتی بۆ بخوازێ یان بۆچوونی بۆ پشتگیری یان لەدژی سەربەخۆییەکە ئاشکرابکات".

زەهاوی ئەوەش دەخاتەڕوو "ئاکامی دەنگدانەکەی ئەیلوول هەرچی بێت، کوردستان دەتوانێ گەشە بکات و دەشیکات". پێشیوایە "حکومەتی عێراق ڕۆڵی هەبووە لەوەی حەزی جیابوونەوە لە کوردستانی عێراقدا دروست ببێت". سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە دانیشتووانی ناوچە جێناکۆکەکانیش لە گشتپرسییەکەدا مافی دەنگدانیان دەبێت. پەرلەمانتارە کوردەکەی پەرلەمانی بەریتانیا دەڵێت "بەداخەوە حکومەتی عێراق بەشێکی زۆر لە مادەکانی دەستووری فیدراڵی جێبەجێ نەکردووە". کە گرنگترینیان مادەی 140ی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکانە.

زەهاوی پێیوایە ئاکامی گشتپرسییەکە هەرچی بێت، لە درێژخایەندا سەقامگیری زیاتر بە ناوچەکە دەبەخشێت و داواش لە حکومەتی وڵاتەکەی دەکات "چاوی لەسەر ئەو دەرفەتانە بێت کە کوردستانێک بە دەسەڵاتێکی زیاترەوە دەیهێنێتەوە ئاراوە". بە بۆچوونی نەدیم زەهاوی، حکومەتی بەریتانیا دەبێت "بە بیرکردنەوەیەکی کراوەوە" ئەو ڕۆڵە وەربگرێت کە دەکرێ لە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ عێراق هەیبێت، زەهاوی دەڵێت "دەبێ بەریتانیا بەئەرێنی بیر لە کوردستانێکی خودموختارتر بکاتەوە، جا کوردستان لە مانگی ئەیلوولدا هەر ڕێگەیەکی هەڵبژارد گرنگ نییە".

دۆگلاس چەمپن، پەرلەمانتاری دونفێرملاین و وێست فیفا لەسەر لیستی پارتی نیشتمانی سکۆلاند وێڕای پشتگیری لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ "بڕیاردان لەسەر داهاتووی خۆیان"، داوای لە هەموو لایەنەکان کرد پێکەوە کار بکەن "بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی پشتگیری پێویست لە مافی چارەی خۆنووسینی کوردستان دەکرێت". جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و هەموو ئەکتەرەکانی ناوچەکە بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بن "پرۆسەکە بە ئاشتیانە بەڕێوەدەچێت و ڕۆڵی دەبێت لە سەقامگیرکردنی ڕەوشی ناوچەکەدا".

بە بۆچوونی چەمپن، گوتارەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێم لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ئەوە دەردەخات کە کورد نایەوێت "هەموو شتەکان وەکوو خۆیان دەیانەوێت بەڕێوەبچن، بەڵکو دەرفەتی دانوستاندن هەیە"، ئەمەش بەو مانایەیە کە سەرۆکی هەرێم دەیەوێت "پرۆسەکە بە شێوازێکی ئاشتیانە و عەقڵانی بەڕێوەبچێت"فابیەن هامیلتن، ئەندام پەرلەمانی لیدز نۆرس ئیست لەسەر لیستی پارتی کار، ئاماژەی بۆ ئەوەی کرد "پارتی کار دان بە ئەنجامی گشتپرسیدا دەنێت، ئەگەر پرۆسەکە کراوە، ڕاستگۆیانە، ئازادانە و دادپەروەرانە بێت و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی دانیان پێدا نرابێت".

لە بەشی کۆتایی دیبەیتەکەدا ئالیستەیر بێرت وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەڵامی بەشێک لە تێبینی و پرسیارەکانی دایەوە. وەزیرە بەریتانییەکە گوتی "ئێمە لە خەونی خەڵکی کوردستان (بۆ سەربەخۆیی) تێدەگەین، هاوکارییە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بەردەوام دەبێت". بێرت بەردەوام بوو گوتی "بەڵام ئێمە بڕوامان وایە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی مەترسی ئەوەی بەدواوە بێت کە سەرنجەکان لەسەر ئەولەویەتەکان لابدات". بە بۆچونی بێرت ئەلەویەتەکان بە نیسبەت بەریتانیاوە بەریتین لە "تێکشکاندنی داعش، گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و چارەسەرکردنی درێژخایەنی کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بوون".

ئالیستەیر برێت کە دووجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، پێیوایە هەموو گشتپرسی یان پرۆسەیەکی سیاسی "دەبێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بێت". ئەوەشی خستەڕوو کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری هەڵوێستی بەریتانیا و هاوپەیمانانن، بۆیەش "چاوەڕێ دەکەین بە وریاییەوە لەگەڵ پرۆسەکەدا بڕۆن و لە هەستیاری ناوچە جێناکۆکەکان و ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕەچاو بکەن".

## پارتی کاری بەریتانیا: دان بە ئەنجامی گشتپرسیی هەرێمی کوردستاندا دەنێین

## نەدیم زەهاوی: پێویستە حکومەتی بەریتانیا پێشوازی لە گشتپرسییەکەی کوردستان بکات



# گۆڕان و پارتی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ دەکەن

**مەحموود یاسین کوردی و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامادەیی دەربڕیوە بۆ کاراکردنەوەی بێمەرجی پەرلەمان و دەستبەکاربوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو. بزووتنەوەی گۆڕانیش لای خۆیەوە ئەوە بە "هەنگاوێکی ئەرێنی دادەنێ بەو مەرجەی پارتی کێشە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی دروست نەکات لەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکەنەوە". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەکە دەڵێ: "دەکرێ دوای گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان، دانوستاندن بکرێ بۆ ئەوەی کێشەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکرێتەوە".

د.ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پارتی ئامادەیی تێدا هەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ گۆڕان دەست بە دانوستاندن و کۆبوونەوە بکات، لەم چەند ڕۆژە لەگەڵ یەکێتی کۆدەبینەوە، ڕێگری لە بەردەم کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی گۆڕان و پارتی نییە، ئەگەر بیانووەکە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم تەنیا کاراکردنەوەی پەرلەمان بێت، ئەوا پارتی ئامادەیە پەرلەمانی کوردستان بەو دەستەی سەرۆکایەتییەی ئێستای کارا بکاتەوە".

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: گۆڕان پێیانگوتین پەیوەندی تەلەفۆنییان لەگەڵ پارتی هەبووە

### ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی: ئەگەر بیانووی گشتپرسی تەنیا کاراکردنەوەی پەرلەمان بێت، ئەوا پارتی پەرلەمان کارا دەکاتەوە

وشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، دوای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای گشتپرسی ڕایگەیاند "پرۆژەیەکی گونجاومان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان داوەتە بزووتنەوەی گۆڕان". بەڵام هەڵسوڕاوانی گۆڕان ڕەتیدەکەنەوە پرۆژەی پارتییان بەدەست گەیشتبێ.

لەبارەی پرۆژەکەی پارتی، ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی ئەگەر پرۆژەش نەبێ، ئێستا بیستوومانە پارتی دەیەوێ مەرجەکانی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان لاببات "بەڵام کێشەی گۆڕان ئەوەیە کە پارتی بیەوێ تەنیا بۆ یاسای گشتپرسی پەرلەمان کارا بکرێتەوە و دواتر دەستی پەرلەمان بگرێ لەوەی ئەو یاسایانە تەواو بکەن کە کاتی پەکخستنی پەرلەمان لەبەردەستیاندا بووە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە گوتیشی، پارتی دەزانێ کێشەی ئێمە ئەوەیە کە نامانەوێ یاسا بنێرینە لای بارزانی بۆ ئیمزاکردنی "ئەگەر یاسای گشتپرسی لە پەرلەمان دەرکرا، کێ ئیمزای بکات؟ ئێمە دەمانەوێ پارتی گەرەنتی ئەوە بداتە گۆڕان کە بەگەڕانەوەی یوسف محەممەد، ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی لێناگیرێ".

پێشتر چەند جارێک پارتی لەڕێی یەکێتییەوە پەیامی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ناردووە. دواهەمین پرۆژەش کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتن و دواتر دەستەیەکی سەرۆکایەتی نوێ هەڵبژێردرێ، بەڵام هەرزوو بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیکردەوە.

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "ئێمە بۆچوونمان نەگۆڕاوە و دەبێ یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکرێتەوە، ئێمە تەنیا 24 کورسیمان هەیە و ناتوانین بەتەنیا ئەوە بکەین، بەڵکو دەبێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ئەو کارە بکەین، ئەوکاتە بۆخۆی گفتوگۆ لەنێوان لایەنەکان دەستپێدەکاتەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، پارتی لەسەر داخوازیی زۆری لایەنەکان و لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی گشتپرسی، پرۆژەیەکی نوێی ئامادە کردووە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و بەپێی پرۆژەکە پارتی ئامادەیە بەبێ مەرج پەرلەمان کارا بکرێتەوە و یوسف محەممەد وەک سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکار ببێتەوە، بەڵام کاری یەکەمی پەرلەمان دەرکردنی یاسایەک بێت بۆ گشتپرسی و دواتریش پرسە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بەپێی گفتوگۆی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکان چارەسەر بکرێن لە دەرەوەی پارلەمان و پاشتر لەنێو پەرلەمان کاری لەسەر بکرێ. هەر بەپێی زانیارییەکان، پارتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان. هەر لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەشدا بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، دوێنێ فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی، سەردانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کرد.

هاوکات ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان داوامان لە گۆڕان کردووە لەگەڵ پارتی ڕاستەوخۆ دانوستاندن بکەن، ئەگەر پێویستی کرد ئێمەش بەشداری گفتوگۆکان دەکەین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان".

ڕەفعەت عەبدوڵڵا گوتیشی: "لە برادەرانی گۆڕانمان نەبیستووە پارتی پرۆژەیەکی نوێی پێشکەش کردبێت، بەڵام پرسیارمان کرد کە هیچ دانوستاندنێک لە پشتی پەردە هەیە لە نێوانیان، ڕەتیانکردەوە گوتیان تەنیا پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان چەند برادەرێکی گۆڕان و پارتی هەبووە".

بێستوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە دەکرێ پارتی و گۆڕان دەست بە گفتوگۆی دوو قۆڵی بکەن و دەڵێ ئەگەر پارتی کاراکردنەوەی بێمەرجی پەرلەمان بخاتە بەردەم گۆڕان، هەنگاوێکی باشە "بەڵام نابێ بە گۆڕان بڵێ دەست بۆچی ببات و دەست بۆچی نەبات، بەڵام دەکرێ دوای گەڕانەوەی د.یوسف محەممەد، گفتوگۆی لایەنەکان دەستپێبکات لەسەر مەسەلەی چارەسەری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان".

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکی گۆڕانەوە دەستکەوتوون، بزووتنەوەی گۆڕان دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و پرۆژە نوێیەکەی پارتی، ئەگەر بزانێ دەکەوێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەو شێوەیە بگەڕێتەوە کە پێش گشتپرسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار ناکاتەوە، پرۆژەیەک دەخاتەوە بەردەم پارتی کە ئەویش لەسەر بنەمای ڕاگەیێندراوەکەی پێشتری بارزانییە و داوا دەکات هەرسێ سەرۆکایەتییەکە پێکەوە بگۆڕدرێن.

### جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و تورکیا بۆ (ڕووداو):

# کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگ نین



جەیمز جێفری بە یەکێک لە بەنێوبانگترین دیپلۆماتەکانی ئەمریکا دادەنرێت کە لە 2008 بۆ 2010 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە تورکیا و دواتریش لە سەردەمی سەرۆکایەتیی باراک ئۆباما بۆ ماوەی دوو ساڵ لە 2010 تاوەکو 2012 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق. ئاشنایەتی جێفری لەگەڵ کاروباری عێراق بۆ 2004 دەگەڕێتەوە، کاتێک وەکوو ڕاوێژکاری هاوپەیمانان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بۆ باڵیۆزخانەی بەغدا کاری دەکرد. جێفری لە سەردەمێکدا باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە عێراق کە هەم باڵەخانەی باڵیۆزخانەکە ببووە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە جیهاندا و هەمیش ژمارەی کادیر و بودجەی باڵیۆزخانەکە بۆ شەش ملیار دۆلار بەرزکرابووەوە. جێفری کە ئێستا لێکۆڵەرە لە پەیمانگەی واشنتن، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بۆچوونی خۆی لەبارەی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان و کاردانەوەی تورکیا بەرامبەر گشتپرسییەکە، هەروەها دۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگیی نێوان ئەمریکا و یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتەڕوو.

هەڤپەیڤین: ڕێباز عەلی
ڕووداو- واشنتن

**ڕووداو: هەواڵی ئەنجامدانی گشتپرسیتان لە کوردستان بیستووە، کاردانەوەتان چی بوو کە هەواڵەکەتان بیست؟**

**جێفری:** گشتپرسییەکەی ساڵی 2005م لەبیرە، ئەم گشتپرسییەی ئێستاش بە هەمانشێوە سەیر دەکەم، ئەمە بژارەیەکە کە کورد حەزدەکەن بە کراوەیی بیهێڵنەوە. پێموایە ڕێژەیەکی زۆری خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن بەهەمانشێوەی ساڵی 2005، جا ئایا ئەوە مانای ئەوەیە بەڕاستی سەربەخۆییان دەوێت؟ لە چ هەلومەرجێکدا سەربەخۆییان دەوێت و ڕەوشی گونجاو بۆ سەربەخۆیی چۆن دەبێت؟ ئەمە پرسێکی جیاوازە، بەڵام جارێکی دی ئەمە دەستی هەولێر بەهێز دەکات بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا.

**ڕووداو: بەدرێژایی ماوەی ئیدارەی ئۆباما، سیاسەتی ئەمریکا بریتی بوو لە سیاسەتی یەک عێراقی یەکگرتووی دیموکراسی فیدراڵی، وادیارە ئێستاش ئیدارەی ترەمپ هەمان سیاسەتی هەیە. دواجار کە وەزارەتی دەرەوە قسەی لەبارەی کاتی ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستان کرد، گوتی ئەوە پرسێکی نێوخۆیی عێراقە. هەڵوێستی ئەمریکا چییە لەبارەی ئەنجامدانی گشتپرسی؟**

**جێفری:** من ئەنجامدانی گشتپرسی جیادەکەمەوە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. سیاسەتی ئەمریکا بریتییە لە عێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵی دیموکراسی، ئەم سیاسەتە چەندین ساڵە هەیە و 4500 سەربازی ئەمریکی لەو پێناوەدا گیانیان بەخشی. ئەمە چارەسەرێکە کە ئێمە بەباشترینی دەزانین بۆ هەموو خەڵکی عێراق، بە خەڵکی هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەمە خاڵێکی جێگیرە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. لەبارەی گشتپرسی، ئایا ئەمریکا پێی باشە ئێستا ئەنجام بدرێت؟ یان نیگەرانی دەرهاویشتەکانی دوای گشتپرسی و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێرە؟ جگە لەم پرسیارانە، ئەمریکا ناڵێت گشتپرسی شتێکی خراپە، چونکە ئیرادەی خەڵک یەکێک لە بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی ئەمریکایە.

**ڕووداو: کەواتە پێتانوایە لەنێو ئیدارەی ئەمریکا دژایەتی هەیە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان؟**

## حەشدی شەعبی چەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە

**جێفری:** من ناڵێم هەیە، حکومەتی ئەمریکا باوەڕی وایە تاوەکو هەل هەبێت بۆ دروستبوونی عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ، بە نەوتەکەی و پێگە ستراتیژییەکەیەوە بتوانێت بەشێک بێت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەبێتە شوێنی سەرهەڵدانی داعشێکی دیکە، نەبێتە لوبنانی دووەم بۆ ئێران. پێموایە تاوەکو ئەم هەلە هەبێت، ئەوە ئەمریکا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نابێت، لەبەرئەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ عێراق بەرەو ئەو ئاقارە خراپانە دەبات کە باسمکردن، ئەوە لۆژیکەکەیە.

**ڕووداو: چی تێدەچێ بۆ ئەمریکا کوردستانێکی سەربەخۆ قبوڵ بکات؟**

**جێفری:** سەرەتا، هەمیشە سەختە بۆ دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمریکا کە سەرکردایەتی هاوپەیمانییەکی جیهانی دەکات، هەڵوێستی خۆی لەسەر هەر بابەتێک بگۆڕێت. بەتایبەتی بابەتێکی گرنگ بۆ هەموو دۆست و هاوپەیمانانمان کە پرسی سەروەرییە. دوور لە ڕاستییە مەیدانییەکان، ئەمریکا زۆر دوودڵە لەوەی دابەشبوونی هەر دەوڵەتێکی دۆستی قبوڵ بکات. لەبەرئەوەی دەکرێ لە دەوڵەتانی دیکەش ڕووبدات، وەکو ئیسپانیا، ڕۆمانیا، فلیپین، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی نەتەوەیی

## زۆر قەرزداری خەڵکی هەرێمی کوردستانین و هەمیشە وەک دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دەمێننەوە

و ئاینییان تێدایە وادەزانن ئەمە سیاسەتی نوێی ئەمریکایە و نیگەران دەبن، ئەوەش کاریگەریی خۆی دەبێت. کەواتە دوور لە ڕەوشی کوردستان، لە سیاسەتی ئەمریکادا دژایەتییەک هەیە بۆ دابەشبوونی دەوڵەتان، مەگەر دابەشبوونەکە زۆر پێویست بێت. ئەگەر عێراق بکەوێتە نێو فەوزا، ئێران تەراتێنی تێدا بکات و عێراق بکاتە سووریا یان لوبنانێکی دیکە، ئەوە پێموایە پێویستە ئەوکات جارێکی دی دانیشین و باسی پرسی سەربەخۆیی کورد بکەین، بەڵام هێشتا وای لێنەهاتووە.

**ڕووداو: پێتوایە ئێستا بەوجۆرە نییە؟**

**جێفری:** هێشتا وای لێ نەهاتووە، بەڵام هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە.

**ڕووداو: بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئێستای عێراق، بارزانی لە واشنتن پۆست نووسی لە 2003وە لەگەڵ عێراقین، لەو کاتەوە حکومەتی عێراق شکستی هێناوە لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد و هیچ پێویست ناکات کورد لەگەڵ عێراق بمێننەوە، چونکە وا هەست ناکەن هیچ کاتێک داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێ.**

**جێفری:** قسەکەی ڕاستە، بەڵام بەر لە سەرهەڵدانی داعش، کوردستان لە ئاشتیی تەواودا دەژیا. بۆ یەکەمجار دوای چەندین دەیە، ئەگەر نەڵێم سەدە، لە 2003 تاوەکو 2014 هەرێمی کوردستان توانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، کەرتی نەوت و گازی خۆی بەرەوپێش ببات. ئێستا دابینکەرێکی نێودەوڵەتی نەوتە و ئەگەری هەیە گازیش هەناردە بکات. پەیوەندی دیپلۆماسی باشیشی هەن لەگەڵ چەند وڵاتێکی زلهێز، وەکو تورکیا و ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی دیکە لە جیهاندا. ئەوە پێگەیەکی باش دەداتە کوردستان، ئەگەر سەیری ژیانی خەڵک بکەی لە ئێران، هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باشووری عێراق و ڕۆژئاوای سووریا، کوردستان وەک دوورگەیەکی ئارامی پڕ لە گەشەی ئابووری دەردەکەوێت، لە ناوچەیەکدا کە بە توندوتیژی و حوکمڕانیی خراپ تەنراوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا سەربەخۆیی شتەکان بەرەوپێشتر دەبات؟ لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە سوودی زۆرتری بۆ خەڵکی کوردستان دەبێت؟ هەروەها تا ڕادەیەک بۆ خەڵکی عێراقیش، چونکە ئێوە بەشێکن لە عێراق، یان خراپتری دەکات؟ هەموو ئەمانە پشت بە هەلومەرجەکانی جیابوونەوە دەبەستن، هێشتا نزیک نین لە ڕەخسانی ئەو هەلومەرجانە. لەبەرئەوە من ئەنجامدانی گشتپرسی جیادەکەمەوە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

**ڕووداو: گوتت کوردستان پەیوەندی دیپلۆماسی باشی لەگەڵ زۆر دەوڵەت هەن، بەڵام لەگەڵ بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی، زۆر وڵات دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران، ئێوە لە تورکیا وەک باڵیۆزی ئەمریکا خزمەتتان کردووە، ناڕەزایی ئەو وڵاتە جدییە؟**

**جێفری:** لە هەردوو وڵات کەمینەی کورد دەژین، بۆیە نایانەوێت ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات بەسەر ئەوانیش بێت. دەزانم ئەم قسەیەی کە دەیکەم بۆ ئێران ڕاستە، خۆشم ئاگاداری ڕەوشی تورکیام، لە عێراقیش بە هەمانشێوە. بە تەواوی ڕوون نییە کام ناوچە، کام گوند، کام شاخ کوردییە، کامیان عەرەبییە. یان کام چیا کوردییە و کام شار تورکییە. کام ڕووبار فارسییە، کام کێڵگە کوردییە، بەمجۆرە ناکرێ. دانیشتووان تێکەڵن، کەواتە چۆن جیایان دەکەیەوە؟ جگە لە ئەگەری لەدەستدانی بەشێکی گرنگی وڵاتێک، لەڕووی پێگەی جوگرافی و بوونی سەرچاوە سروشتییەکان، چارەسەرکردنی کێشەی سنوورەکان هەمیشە کێشە بووە، چ لە وڵاتانی بەڵکان، چ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**ڕووداو: کەواتە هەڵوێستی تورکیا بۆ نموونە، تا چەند بەلای ئەمریکاوە گرنگە، لەبارەی ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان؟**

**جێفری:** ئەمریکا بۆ هەر مەسەلەیەکی هەرێمی گوێ لە تورکیا دەگرێت، چونکە یەکەم: تورکیا ئەکتەرێکی زۆر گرنگە. هیچ ئیشێک نییە لە ناوچەکەدا ئەمریکا بەبێ تورکیا بەباشی بیکات. دووەم، بۆ کەیسی کوردستان، تورکیا ڤیتۆی ئەوە دەکات کە لە کوردستان ڕوودەدات، ئەگەر تورکیاش نەبێت، ئێران بە دڵنیاییەوە دژایەتی ئەو هەنگاوە دەکات، بەهۆی پەیوەندییە باشەکەی لەگەڵ ئەمریکا و دەنگۆی بوونی پەیوەندیی کورد لەگەڵ ئیسرائیل و پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ تورکیا، ئێران و سووریا تەنانەت ڕێگە بە هاتوچۆی ئاسمانی و زەمینیش نادەن، چجای ڕاکێشانی بۆڕی نەوت و گازی سروشتی. کەواتە کورد پێویستی بە تورکیایە، تورکیا خاڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە ڕەوشی کوردستاندا.

**ڕووداو: ڕۆژ بە ڕۆژ حەشدی شەعبی لە عێراق بەهێزتر دەبێت، لەگەڵ ڕووخانی داعش لە مووسڵ، لە کوردستان نیگەرانیی جددی هەیە لەوەی ئەو گرووپانە ببنە کێشە بۆ کوردستان، پێتانوایە**

> گشتپرسی دەستی هەولێر بەهێز دەکات بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا
>
> گشتپرسیی کوردستان تەنیا بەهایەکی سیمبولیکی هەیە
>
> گشتپرسی دەنگێکی زۆری بەڵێ بەدەستدێنێ

## تورکیا خاڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە ڕەوشی کوردستاندا

**دوای داعش لە عێراق ئاڵۆزی دیکە سەرهەڵبدات پەیوەست بەو میلیشیا شیعانە؟**

**جێفری:** پێموایە هەوڵدەدەن ڕۆڵیان هەبێت، چونکە ئەوان چەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن، سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش دۆستی هەرێمی کوردستان نییە. پێموایە کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، خاوەنی هێزێکی پڕ چەک و باش ڕاهێنراو و بەهێزترە لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی. هەروەها پشتگیری ئەمریکا و تا ڕادەیەک تورکیای هەیە.

## پەیەدە باڵێکی سەر بە پەکەکەیە و ئەوەش بۆ ئەمریکا کێشەیە

**ڕووداو: پێتانوایە ئەمریکا نێوبژیوانی لەنێوان هەولێر و بەغدادا بکات بۆ پرۆسەی جیابوونەوە لە عێراق؟**

**جێفری:** پێموانییە پرسیارەکە ئەوەبێت چۆن ڕایدەگەیەنن؟ بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن؟ ئاشکرایە پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکرێت بەگوێرەی دەستووری عێراق و ڕێڕەوە یاساییەکان. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوە هەنگاوێکی زیرەکانە دەبێت؟ ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ داهاتوویەکی گەشەسەندووتر، ئاشتیانەتر و دیموکراسیتر دەبینن، بێئەوەی بەشێک بن لە عێراق؟ ئەگەر ئەو داهاتووە بەراورد بکەن لەگەڵ 12 ساڵی ڕابردوو، واتە ماوەی نێوان 2003 بۆ 2014، چونکە ماوەی دوای 2014 نائاساییە بەهۆی سەرهەڵدانی داعش کە هێندەی ناوچەکانی دیکەی عێراق کاریگەری لەسەر کوردستانیش دانا. بەڵام دوای داعش، ئەو پێوەرەی کە بەکاریدەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ژیانی تایبەتی و سیاسی، دەبێ پێگەی ئێستا بەراورد بکەن بە پێگەی داهاتوو، ئایا ئەو داهاتووە باشتر دەبێت یان خراپتر؟ ئەمە پرسیارێکە هێشتا نەمبینیوە کوردستان کاری لەسەر کردبێت. تاوەکو ئەوە یەکلانەکەنەوە، شتێکی بێ مانا دەبێت ئەگەر پلان دابنێن بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەستهێنانی شتێک، کە دڵنیا نەبن ئەو شتە ڕەوشی ئێوە لە ڕەوشی پێش 2014 باشتر دەکات. پێموایە پێویستە گوتارێکی بەهێزتان هەبێت کە لە سەرووی گشتپرسییەوە بێت، بەهێز و قەناعەتپێکەر بێت بۆ خەڵکی کوردستان، کە ڕەوشی ژیانیان بە سەربەخۆیی باشتر دەبێت لەچاو مانەوەیان وەک هەرێمێک لەنێو عێراقدا. ئەم گوتارە پێویستە هەبێت بەرلەوەی لەگەڵ بەغدا دابنیشن و باسی ڕێککەوتن بکەن.

**ڕووداو: کەواتە پێتانوایە دەبێ ئەم مەسەلانە لە نێوخۆی کوردستان یەکلایی بکرێنەوە؟**

**جێفری:** بەڵێ پێموایە. پێشموایە یەکلانەکراونەتەوە. من نیگەرانی گشتپرسی کوردستان نیم، چونکە پێشتر کراوە، دەشزانم ئەم گشتپرسییەش وەک گشتپرسییەکەی 2005 تەنیا بەهایەکی سیمبولیکی هەیە. ئەو گشتپرسییە گفتوگۆ لە کوردستان بەهێزتر دەکات لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانی و ئەوانی دیکەوە، ئەمە دەزانم. دەبێ سەیری سوود و زیانەکانی سەربەخۆیی بکەن. بەڵام هێشتا زۆر دوورن لە کۆتایی ئەو پرۆسەیە. هێشتا وەڵامی کۆتاییم نەبیستووە، وەڵامێک کە دڵنیابم لەسەر بنەمای هەڵوێستی بەغدا و ئەکتەرەکانی دیکەی عێراق داڕێژراوە. پێویستە گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت. پێویستە پێشبینیتان هەبێت بۆ کاردانەوەکانی بەغدا، پێشبینیی کاردانەوەکانی ئێران

## هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە کە ئێران عێراق بکاتە سووریا یان لوبنانێکی دیکە

بکەن بەوجۆرە کە هەمیشە کاردانەوەی هەیە. هەروەها پێشبینیی کاردانەوەی تورکیا و ئەمریکاش بکەن. ئەم چوار ئەکتەرە گرنگن. هەروەها بپرسن بۆچی سەربەخۆیی باشترە لەچاو ئەو ڕەوشەی پێش 2014 تێیدا بووین؟ ئەوە ئەو پرۆسەیە کە دەبێ کوردستان پێیدا تێپەڕێت.

**ڕووداو: کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستان چەند بەلای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە گرنگە؟ بەتایبەتی بۆ ئەمریکا؟ وەکو ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، گۆڕان و پارتی، یان مەسەلەی پەرلەمان. ئەم مەسەلانە چەند بۆ ئەمریکا گرنگن؟**

**جێفری:** زۆر گرنگ نین، چونکە ئەو کێشانە ئاست نزمن، کێشەکانی نێو هەرێمێکن لەنێو دەوڵەتێکدا. کێشەی نێوخۆیین. لە گەرمەی شەڕی داعشدا کەمێک نیگەرانی هەبوو لەوەی کورد نەتوانن یەکگرتوو بن بەرامبەر داعش، بەڵام کورد زۆر سەرکەوتووانە و ئازایانە دژی داعش یەکیانگرت و کاریگەریی گەورەیان هەبوو. ئەگەر بۆ بڕیاردان لە داهاتووش یەکگرتووبن شتێکی باش دەبێت، بەڵام ئێمە لەوە دڵنیانین. قسەی من ئەوەیە ئەگەر ڕێژەیەکی بەرزی خەڵکی وڵات لەگەڵ شتێک نەبن، ئەوە باشترە بەوجۆرە بمێنێتەوە کە خەڵک پێی ڕاهاتوون و پێی ئاشنان و دەتوانن تێیدا بژین. لەبارەی گشتپرسیشەوە پێشبینی دەکەم ڕێژەیەکی بەرزی بەڵێ بەدەستبێنن، وەکو ساڵی 2005، بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە، ئەمە مانای ئەوە نییە لە ڕووی سیاسییەوە کوردستانێکی یەکگرتووتان هەیە. ئێستا لەڕووی سیاسییەوە کوردستانێکی دابەشبووتان هەیە. ئەوەش بناغەیەکی باش نییە بۆ ئەوەی بڕیارێکی هێندە گرنگی لەسەر بدرێت، ئەو بڕیارە پێویستی بە بڕیاری گەورەی سیاسی هەیە. ئایا ئەو بڕیارە لەلایەن سەرکردەی ئەو لایەنانەوە دەدرێ کە خاوەن بنکەی جەماوەریی بەرفراوانن، یان ئەوانەی تەنیا بەشێکی جەماوەریان هەیە. ئەمە نیگەرانیی واشنتنە.

### ڕۆژئاوای کوردستان

**ڕووداو: ئێستا حەوت بنکەی سەربازی و 1500 سەربازی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستانن، زۆربەیان لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە هەماهەنگی دەکەن. وەک دەزانرێ ڕۆژئاڤا و یەپەگە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە، پەیوەندیی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تا چەند گرنگە؟**

**جێفری:** پرسیارێکی هەم ئاسان، هەم قورسە. ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدایە هەموو لایەنەکان پەیوەندی باش لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام چەند جیاوازییەکی بنەڕەتی هەن. پەیەدە باڵێکی سەر بە پەکەکەیە، ئەوە کێشەیە بۆ تورکیا، بۆ ئەمریکاش کێشەیە بەهۆی ئایدیۆلۆژیا و کارە تیرۆریستییەکانی پەکەکەوە. بۆ کوردی باکووری عێراقیش کێشەیە، بەتایبەتی بۆ سەرۆک بارزانی، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەزانم. ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانە کە پرسیارمان لێدەکرێ لەبارەی کوردی ڕۆژاڤا، دەڵێین هەماهەنگیمان سنووردارە، مەبەست لێی تەنیا تێکشکاندنی داعشە، هەروەها لەڕووی کاتیشەوە، ماوەکەی دیاریکراوە. پێموایە دوای لەنێوبردنی داعش، بیر لەوە دەکەینەوە چۆن کار لەسەر پرسی گەورەتری سووریا و ئێران بکەین. بەڵام ئەوە پێویستی بە هەماهەنگیی هەرێمی کوردستان هەیە، هەماهەنگیی عەرەب و کورد لە باکووری سووریا، هەروەها لەوە گرنگتر، هەماهەنگیی تورکیا.

**ڕووداو: ئێستا تورکیا هەڕەشەی چوونە نێو عەفرین دەکات، خۆت ڕەوشی عەفرین دەزانی. ئەمریکا بێدەنگیی هەڵبژاردووە. بۆچی ئەمریکا لەوبارەوە هیچی نەگوتووە؟**

**جێفری:** لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: ئەمریکا هاوپەیمانی نزیکی هەردووکیانە، پێویستمان بە پەیەدەیە، بەتایبەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات، یان واقیعیانەتر بڵێم، یەپەگە بۆ تێکشکاندنی داعش. لەهەمانکاتدا بۆ تێکشکاندنی داعش پێویستمان بە تورکیاشە، جگە لە هاوکاریکردنمان بۆ سنووردارکردنی ئێران و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووسیا. تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆ ئەمریکا. کەواتە نامانەوێ هیچ کام لە دۆستەکانمان لێمان توورە بن. دووەم: پێمانوایە دەتوانین لەگەڵ تورکیا و خەڵکی ڕۆژاڤا کار بکەین بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە. ئیسرائیل حەماس بە گرووپێکی تیرۆرستی دەزانێت، حەماسیش خۆی یەکلاکردووەتەوە بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، خواستی حەماس دژی ئیسرائیل بەهێزترە لە خواستی پەکەکە لەدژی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین سنووری نێوان حەماس و ئیسرائیل بێ کێشەیە. سنووری نێوان تورکیا و ڕۆژاڤاش بێ کێشەیە. ئێمە دەڵێین مادام سنوورەکە دوێنێ بێ کێشە بوو بێت، پێرێش بێ کێشە بووبێت، بۆ ناکرێ سبەی و دوو سبەی هەر بێ کێشە بێ؟ ئەوە تێڕوانینی ئەمریکایە بۆ کێشەکان. ئێمەی ئەمریکی، ڕەنگە لەنێو خۆماندا کۆک نەبین لەسەر ئەوەی چ جۆرە سیاسەتێکمان هەبێت بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕەنگە هەڵەش بکەین، بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە، هەموو ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، ئێمە وەک دۆست و هاوپەیمانی ئازا دەیانبینین. وەک کەسانێک دەیانبینین کە لە ساڵی 2003 و پێش ئەو ساڵەش زۆر شتتان قەرزارین. زۆر زۆر بە جددی هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا کارتان لەگەڵ بکەین، بێگوێدان بەوەی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی چی بەسەر دێت.

## هەماهەنگیی ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە کاتی و سنووردارە

## ئەمریکا بۆ هەر مەسەلەیەکی هەرێمی گوێ لە تورکیا دەگرێت

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 464 ) – دووشەممە 2017/7/10

## جووتیارێکی هەڵەبجە جۆرێکی نوێی کاڵەک بەرهەمدێنێت



**ڕووداو- هەڵەبجە**

جووتیارێکی هەڵەبجە جۆرێکی نوێی کاڵەک بەرهەمدێنێ کە لە کاڵەکی ئاسایی گەورەترە و تامیشی خۆشترە. قادر جەلالی جووتیار باسی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی کاڵەکەکەی دەکات و دەڵێت، تۆوی کاڵەکی ئەمریکی لە دەشتی شارەزوور چاندووە، بەڕێگەی دڵۆپاندن ئاویداوە. وەک خۆی دەڵێت بووەتە بەرەکەت بۆی و ئێستا لە 20 دۆنمدا ڕۆژانە 5 تەن کاڵەک هەناردەی بازاڕەکان دەکات. بەڵام بەرهەمی دەرەکی زیانی لە قادر جەلال داوە و دەڵێت: داهاتی لە سەرەتاوە زۆر باش بووە، بەڵام کە هی باشووری عێراق و ئێران کەوتووەتە بازاڕەوە، داهاتەکەی دابەزیوە، بەڵام داهاتی لە چاو کاڵەکی ئاسایی زۆرباشە و دووقاتە.

## دەڵێن سوودە ئابوورییەکەی لە بەخێوکردنی مریشک زیاترە

# "بەرازی گینیایی" دەهێنرێتە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لەڕێی بەخێوکردنی ئاژەڵێکی بچووک لە ماڵەکەی خۆیدا لەهەولێر، گەنجێک مانگانە زیاتر لە ملیۆنێک دیناری دەستدەکەوێت. ئاژەڵەکە ناوی (کاڤیا)یە و ئەندازیارێکی کشتوکاڵیش دەڵێت: "ئەگەر بەشێوەی زانستی بەخێوبکرێ، سوودی لە بەخێوکردنی مریشک و کەروێشک زیاترە".

کاڤیا، ئاژەڵێکی شیردەری بچووکە، ناوە زانستییەکەی (Cavia porcellus)ە، ئینگلیز پێیدەڵێن (Guinea_Pigs) واتا بەرازی گینیایی، بەڵام نە بەرازە و نە گینیاییشە، بەڵکو قرتێنەرێکی بچووکە لە ڕەگەز و خێزانی کابیایە، نیشتمانی ڕەسەنی ئەمەریکای باشوورە، تەنیا لەبەر ئەوەی دەنگی نزیکە لەدەنگی بەراز، پێیدەڵێن بەرازی گینیایی. کاڤیا کەمێک لە کەروێشک دەچێت، بۆیە لەهەندێ وڵات بە کەروێشکی چیایی، کەروێشکی ڕۆمی و کەروێشکی هیندی دەناسرێ.

زێدی ڕەسەنی کاڤیا چیاکانی ئەندێزە لە بەرازیل و پیرۆ، دواتر بە وڵاتانی ئەوروپا و جیهاندا بڵاوبووەتەوە، ئێستا کاڤیا یەکێکە لە ئاژەڵە ناسراوەکانی جیهان و خواستێکی زۆری لەسەرە، چونکە شێوەیەکی زۆر جوانی هەیە و ئاژەڵێکی ئارامە و حەز بە تێکەڵبوونی مرۆڤ دەکات.

چەند ساڵێک بەر لەئێستا لەسەر ئاستی تاکەکەسی ژمارەیەکی کەمی لەم ئاژەڵە هێنراونەتە کوردستان، دواتر بەهۆی جوانییەکەی هەر زوو خواست لەسەر بەخێوکردنی زیاد بووە.

گۆڤەند سادق، گەنجێکی شاری هەولێرە و ماوەی چوار ساڵە کاڤیا بەخێودەکات. سەرەتا وەکو حەز و دواتریش بە مەبەستی بازرگانی. گۆڤەند دەڵێت "کاڤیا ئاژەڵێکی هێمنە و زۆر خێرایە لە وەچەخستنەوە و گەشە، ڕێژەی مردنی کەمە، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بەخێوبکرێت، داهاتێکی باشی دەبێ".



(فۆتۆ: ڕووداو)

● یەک تاک کاڤیای جۆری نایاب لە کوردستان بە 500 دۆلار دەفرۆشرێ

کاڤیا ساڵانە پێنج جار زاوزێ دەکات، ماوەی سکپڕیەکەی 59- 72 ڕۆژە، هەر جارێک 2- 4 بەچکەی دەبێ، هەندێکجاریش دەگاتە شەش.

گۆڤەند سادق، سەرەتا بە بەخێوکردنی حەوت کاڤیا دەستی پێکردووە، دوای دوو ساڵ و نیو بووە خاوەنی 300 دانە کاڤیا. گۆڤەند دەڵێت "سەرەتا هیچ زانیارییەکم لەسەر بەخێوکردنی ئەم ئاژەڵە نەبوو، تەنانەت ناوەکەشیم بەتەواوی نەدەزانی، لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە زانیاریم لەسەر چۆنیەتی بەخێوکردنی پەیدا کرد".

گۆڤەند لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیدا لە ژوورێکدا کە ڕووبەرەکەی 12 مەتر دووجایە، کاڤیاکان بەخێو دەکات، دوو ڕۆژ جارێک سەردانی گومرگ دەکات و خۆراکی تازەیان بۆ دەهێنێ. هەفتانەش ژمارەیەک لەکاڤیاکانی دەخاتە بازاڕی پەلەوەرانی هەولێرەوە. لەڕێی گروپ و پەیجەکانی فەیسبووکیش کڕیاری لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان پەیدا کردووە، گۆڤەند دەڵێت "زیاتر لە ساڵێکە مانگانە بایی یەک ملیۆن دینار کاڤیا دەفرۆشم".

پێشتر تاکە کەس بووە کە بازرگانیی بەو جۆرە ئاژەڵە کردووە، بۆیە سەرەتا جووتێک کاڤیای بە 200 هەزار دینار فرۆشتووە، بەڵام بەهۆی زۆربوونیان لە بازاڕ نرخەکەی دابەزیوە. گۆڤەند گوتی "نرخی جووتێک کاڤیای تەمەن 12 ڕۆژی بە 25 هەزار دینارە، تەمەن 30 ڕۆژی بە 40 بۆ 50 هەزار دینارە و گەورەکانیش بەگوێرەی جوانییان نرخیان لە نێوان 70- 120 هەزار دینارە".

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵە ئەوەیە دەتوانرێ بەشێوەی کۆمەڵ بەخێوبکرێ، ژمارەیەکی زۆر لە مێیە تەنیا چەند نێرێکیان پێویستە. کاڤیا ئاژەڵێکی 100% ڕووەکییە، خۆراکی سەرەکی بریتییە لە سەوزە بە هەموو جۆرەکانییەوە جگە لە پیاز و سیر. پێستەکەی کونیلەی نییە بۆ ئارەقە، بۆیە بەرگەی گەرمای زۆر ناگرێت و پێویستە شوێنەکەی هەمیشە سێبەر و فێنک بێت.

گۆڤەند ئێستا سێ نێرەی هەیە و 60 مێیەشی ئامادەن بۆ زاوزێ، نزیکەی 50 بەچکەشی هەیە بۆ ئەوەی لەکاتی پێربوونی مێیەکانی شوێنی ئەوان بگرنەوە، ئەو لەئەنجامی لێکدانی ڕەنگ و شێوە جیاوازەکان، توانیویەتی ڕەنگی جیاواز بەرهەم بهێنێ، گۆڤەند گوتی "بەگوێرەی خواستی بازاڕ لەئەنجامی لێکدانی ڕەنگەکان، شێوەی کاڤیاکانم دەگۆڕم، ئێستا لە بازاڕ خواست لەسەر ڕەنگی سپی و زەردی توکنە، بۆیە زۆربەی کاڤیاکانم کردووە بەم ڕەنگە".

### بەقاچاخ دەهێنرێ

عەبدوڵڵا ئەحمەد، خاوەنی کۆمپانیا و پێشەنگای ڤان هۆڵەند بۆ هاوردەکردن و کڕین و فرۆشتنی باڵندە و ئاژەڵ لە شاری هەولێر دەڵێت "شەش ساڵ لەمەوبەر یەکەم وەجبەی کاڤیام لە هۆڵەندا هێنا، بەهۆی جوانییەکەیان بە ماوەیەکی کەم زۆربەیانم فرۆشت، لەو کاتەوە بەردەوامم لەسەر هێنانی کاڤیا".

عەبدوڵڵا سەرەتا جووتێک کاڤیای بە 200 دۆلار فرۆشتووە، بەڵام دەڵێت ئێستا لە بازاڕ زۆر بووە و نرخەکەشی دابەزیوە بۆ 70 هەزار دینار. عەبدوڵڵا دەڵێت "هەندێک بازرگان بە قاچاخ لە ئێرانەوە دەیهێنن". گوتیشی "لەهەولێر زۆرتر خواست لەسەر کاڤیای تووک درێژ و لوولە ئەو جۆرەش کەمە، بۆیە نرخەکەی گرانە".

### لە سلێمانی جۆری نایاب هەیە

لەئەنجامی لێکدانی سێ جۆر کاڤیا، ئەندازیارێکی کشتوکاڵی لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە سلێمانی، جۆرە کاڤیایەکی نایابی بەرهەمهێناوە.

ئۆراڵ مووسا، ئەندازیاری کشتوکاڵی دەڵێت: "حەوت ساڵ لەمەوبەر کاڤیایەکی مێیەم لە تورکیا کڕی و لەگەڵ نێرێکی هۆڵەندی لێکمدا، بەچکەی جوانی بوو، دواتر بەچکەکانم لەگەڵ یەکتری و مێیەکی ئوسترالی لێکدا، دوای پێنج ساڵ توانیم جۆرێکی نایاب دروستبکەم کە تووکیان درێژ، لوول، تێکەڵ و ڕەنگاو ڕەنگە، زۆر جوانترە لە جۆرە نایابەکانی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی کە لەماڵپەڕەکان تەنیا بۆ جوانی نمایشیان کردووە".

ئۆراڵ موسا، گوتی "زستانی ڕابردوو زیاتر لە 250 مێ و 500 بەچکەم هەبوو، ڕۆژانەش 5 بەچکە زیاد دەبوون، بەهۆی نەبوونی شوێنەوە زۆربەیانم فرۆشت، ئێستا تەنیا 50 دانەی جۆری نایابم بۆ وەچەخستنەوە هێشتووەتەوە". گوتیشی :"یەک تاک کاڤیای نایاب بە 500 دۆلار دەفرۆشم".

بەگوتەی ئۆراڵ موسا، لە زۆر وڵات کاڤیای نایاب بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەیفرۆشن، ئەگەریش بیفرۆشن ڕەحمی مێیەکان بەنەشتەرگەری دەردەهێنن یان بەمادەی کیمیایی نەزۆکی دەکەن، نێرەکانیش دەخەسێنن بۆ ئەوەی وەچەی هاوشێوەیان لێ زیاد نەکرێت.

ئۆراڵ پێیوایە بەخێوکردنی ئەم ئاژەڵ زۆر سوودبەخشە ئەگەر بەشێوەی پرۆژەی گەورە یان بچووک بەشێوەیەکی زانستی بەخێو بکرێت، ئۆراڵ گوتی "قازانجی بەخێوکردنی کاڤیا زۆر لە مریشک زیاترە، بە تایبەتی ئەگەر لە جۆری نایاب بن، چونکە زۆر خێران لەوەچەخستنەوە و گەشە، ڕێژەی مردنیان زۆر کەمە و لە بازاڕیش پارەی باش دەکات".

### هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی کاڤیا

- کێشی نێرەکەی 900 – 1200 گرام دەبێ
- کێشەی مێیەکەی 700 – 900 گرامە
- ساڵانە پێنج جار دەزێ
- ماوەی سکپڕییەکەی 59 – 72 ڕۆژە
- بە هەر سکێک 2 – 4 بەچکەی دەبێ
- ئاژەڵێکی 100% ڕووەکییە.
- ددانەکان بەدرێژایی ژیانی درێژ دەبن
- ناوەندی تەمەنی 4– 8 ساڵە.

## لە کوردستان جۆری نایاب بەرهەم دەهێنرێ

# بەخێوکردنی باڵندەی خۆشەویستی لە ئارەزووەوە دەبێتە بازرگانی



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

فەرمانبەرێکی خانەنشین لەڕێی دامەزراندنی پرۆژەیەکی بچووکەوە، بەخێوکردنی باڵندەی خۆشەویستی (غەندوور) لە ئارەزووەوە دەگۆڕێت بۆ بازرگانی. بەوجۆرەش ساڵانە 70 ملیۆن دیناری لە فرۆشتنی باڵندەی خۆشەویستی دەستدەکەوێ.

باڵندەی خۆشەویستی ناوە زانستییەکەی (Agapornis)ە کە لەبنەڕەتدا ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (Agapien) کە بە زمانی یۆنانی کۆن بە مانای خۆشەویستی دێت، (Ornis)یش واتە باڵندە، هەر بۆیە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێ (Love bird) دەناسرێت، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێدەگوترێت تەیرولحوب یان غەندوور. ئەم باڵندەیە لە خێزانی بەبەغایە و نۆ جۆری هەیە، زێدی ڕەسەنیشی کیشوەری ئەفریقایە.

باڵندەی خۆشەویستی بە یەکێک لە جوانترین جۆرەکانی باڵندە ناسراوە، بۆیە لە زۆر وڵات بۆ مەبەستی جوانی و بازرگانی گرنگیی تایبەت بەبەخێوکردنی دەدرێت. لە کوردستانیش بەخێوکردنی خواستێکی زۆری لەسەرە. پێشتر زیاتر بۆ جوانی بەخێو دەکرا، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە هەندێ کەس بە مەبەستی بازرگانیش بەخێوی دەکەن، ئێستا پرۆژەیەک بۆ بەخێوکردنی ئەو باڵندەیە لە کەرکووک دامەزراوە.

ڕەعد قادر کە پێشتر فەرمانبەری ڕێگاوبانی کەرکووک بووە و سێ ساڵە خانەنشین کراوە، پێشتر ئەزموونێکی زۆری لە بەخێوکردنی ئەو باڵندەیەدا هەبووە، بۆیە دوای خانەنشینبوونی، ئەو پرۆژەیەی دامەزراندووە.

پرۆژەکەی ڕەعد قادر سێ ساڵ بەر لەئێستا لە بە 20 جووت غەندووری دایکانە دەستی پێکرد، ئێستا پرۆژەکەی زیاتر لە 450 جوت غەندور دایکانەی تێدایە، وزەی ساڵانەی نزیکەی 1250 غەندوورە.

لەو نۆ جۆر غەندورەی لەجیهاندا هەن تەنیا سێ جۆریان زۆرتر لە کوردستان هەن (personata ، fischeri ، roseicollis) غەندورەکانی ڕەعد قادر لە جۆری (personata) ڕەنگەکانیشیان بریتین لە مۆر، شینی تۆخ و کاڵ، شەدری، ڕەش، سپی بەڵەک. نرخی جووتێکیشیان بەگوێرەی ڕەنگەکان لە نێوان 65 — 200 هەزار دینار دایە.

ڕەعد دەڵێت "ڕەنگی مۆر لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە زۆرتر خواستی لەسەرە، نرخی جووتێکی 200 هەزار دینارە، دوای ئەویش ڕەنگی ڕەش دێت کە نرخی جووتێکی بە 100 هەزار دینارە، نرخی شینی تۆخ و سپی بەڵەکیش 80 هەزار دینارە، هەرزانترین ڕەنگیش ڕەنگی شەدری و شینی کاڵە کە جووتی بە65 هەزار دینارە ".

فەرمانبەرێکی خانەنشین:
سالانە بایی 70 ملیۆن دینار غەندوور دەفرۆشم

درێژی ئەم باڵندەیە 13 بۆ 17 سانتیمەتر دەبێ، کێشەکەشی لە نێوان 40 بۆ 60 گرام دەبێ. غەندوور لە تەمەنی شەش مانگی پێدەگات. ساڵانە 4-5 جار لەسەر 4- 8 هێلکە کڕەکەوێ و بە 21 ڕۆژ هەڵیاندێنێ.

ڕەعد قادر، شەش هۆڵی دایکانەی بەرهەمهێنانی جوچکەی هەیە، لەهەر هۆڵێک 75 جووتی داناوە، ساڵانە سێ وەجبە بەچکە هەڵدەگرێتەوە. ڕەعد دەڵێت دەڵێت "هەر جووتێک ساڵانە 12 تاوەکو 15 هێلکە دەکەن، بەڵام زۆرجار هێلکەکان هەڵناهێنن، هەندێجاریش جوچکەکان دەمرن، بۆیە لە هەر جووتێک ساڵانە 6-7 جوچکەم دەستدەکەوێت، بە گشتی ساڵانە نزیکەی 1000 تاوەکو 1250 جووت دەفرۆشم، دوای خەرجی، نزیکەی 70 ملیۆن دینارم دەستدەکەوێ".

ڕەنگی هەموو جۆرەکانی ئەم باڵندەیە لەبنەڕەتدا سەوزە تەنیا جیاوازیان لە ڕەنگی سەریاندایە، بەڵام بەهۆی لێکدان و دەستکاری جینەکانی، بەچەندین ڕەنگی جیاواز دەرکەوتوون.



(فۆتۆ: ڕووداو)

● 50 جۆر غەندوور لە کوردستان هەیە

محەممەد نیزال لەسەر بانی ماڵەکەی پرۆژەیەکی بچووکی بۆ بەخێوکردنی باڵندەی غەندوری داناوە و نزیکەی 100 جوتی غەندووری لێ بەخێو دەکات. محەممەد دەڵێت "هەشت ساڵ بەر ئێستا، هاوڕێیەکم جوتێک غەندور بەدیاری بۆ هێنام، بەهۆی جوانییەکەیان خولیای بەخێوکردنیان بووم، دواتر جوتێک ڕۆزی ئەلبینۆ و جووتێک بلاک ماسکی فیشەرم دەستکەوت، لەبازاڕیش هەر غەندوورێکی جوانم ببینبایە، دەمکڕی، بەهۆی لێدانیان توانم ڕەنگی جیاوازیان لێ دروست بکەم".

بەگوتەی محەممەد، خۆراک و خزمەت و شوێنی باش و شارەزایی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لەزیادکردنی بەرهەمی ئەم باڵندەیە "بەخێوکەری ئەم باڵندەیە بۆ ئەوەی داهاتی باشی دەستکەوێت پێویستە جۆرە نایاب دەگمەنەکان بەخێوبکات کە لەبازار خواستیان لەسەرە و هەندێکجار نرخی جووتێکیان دەگاتە 400 دۆلار". گوتیشی "من ساڵانە نزیکەی 7000 هەزار دۆلارم لە فرۆشتنی ئەو باڵندەیە دەستدەکەوێ".

محەممەد لە فەیسبووک گروپێکی بۆ فرۆشتنی باڵندەکانی کردووەتەوە کە 65 هەزار ئەندامی هەیە. ئەو دەڵێت "بەهۆی جوانی باڵندەکانم لە هەموو شارو شارۆچکەکان کڕیارم هەیە و گرفتی ساخکردنەوەم نییە".

بەخێوکردنی غەندور ئێستا کاری دووەمی محەممەدە ئەو پیشەی دروونی پەرەدەیە، بەڵام دڵنیایە لەوەی ئەگەر دەستبەداری کارەکەی بێت لەڕێگەی بەخێوکردنی غەندورەکانی بێ گرفت دەتوانی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، بۆیە داوا لەگەنجان دەکات لە جیاتی هەوڵدان بۆ دامەزراندن، بیر لەو جۆرە پرۆژانە بکەنەوە.

غەندوور لە بازاڕەکانی کوردستان خواستێکی زۆری لەسەرە، چەندین پێشەنگای تایبەت بە فرۆشتنی ئەو باڵندەیە هەن.

ئەژی نەوزاد، خاوەنی پێشەنگای جیهانی باڵندەی غەندور لەشاری سلێمانی بۆ نرخی جۆرەکانی باڵندەی غەندور، باس لە بازاڕی ئەو جۆرە باڵندەیە دەکات و دەڵێت "فیشەری 20 ڕەنگی هەیە هەرزانترینیان کە دەنوک سووری سەوزە، جووتی بە 25 هەزار دینارە، گرانترین کە ڕەنگی مۆرە، جووتێکی بە 350 بۆ 400 هەزار دینارە. هەروەها بلاک ماسکی ئەفەریقی هەیە، نرخی جووتێک لە جۆرە نایابەکەی دەگاتە 350 هەزار دینار، لە جۆری ڕۆزیش نایابەکەی کە ئەلبینۆیە نرخی جوتێکی دەگاتە 500 هەزار دینار".

بە گوتەی نەوزاد ئێستا خواستێکی زۆر لەسەر بەخێوکردنی ئەو جۆرە باڵندەیە هەیە و دەڵێت "پێشتر ڕەنگی جوان لە بازار کەم بوو، بۆیە زۆر خواست لەسەر بەخێوکردنی غەندور نەبوو، بەڵام ئێستا زیاتر 50 ڕەنگ لە هەموو جۆرەکان لەکوردستان هەیە، بەرهەمی باشیش دەدت بۆ خواست لەسەر بەخێوکردنی زیادبووە".



دەروون رەحیم

# گازی سروشتی و دەرئەنجامی پێچەوانەی گەمارۆکانی سەر قەتەر

گەمارۆدانی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتی قەتەر لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانە سوننەکانییەوە، تۆمەتبارکردنی بە هاوکاریکردنی تیرۆر و پەیوەندی لەگەڵ ئێران و هاندانی گرووپە نەیارەکان بۆ سەراوبنکردنی سیستمی سیاسی وڵاتانی عەرەبی، تا ئێستا ئەو ئامانجەی نەپێکاوە کە سەپێنەرانی پلانیان بۆ دانابوو. قەتەر ئامادە نەبوو ئەو 13 خاڵە جێبەجێ بکات کە وەک مەرجی هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەری، بۆی دیاری کرابوو، تاوەکو کاتی زیاتریش تێپەڕێت، قەتەر پشتیوانی زیاتری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدەستدێنێ و پێگەی ریاز و هاوپەیمانەکانی لاوازتر دەبێت.

گەمارۆی سەر قەتەر نەک ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ، بەڵکو دەرئەنجامی پێچەوانەشی دەبێت کە رەنگە لە حساباتی ستراتیژیی سعودیە و هاوپەیمانەکانیدا نەبووبێت و لە داهاتوودا ببنە مەترسی بۆ سەر خودی عەرەبستانی سعودیە. یەکێک لەو ئەنجامە پێچەوانانە بریتییە لە هاریکاریی نێوان قەتەر و ئێران لە بواری گازی سروشتیدا و زیادکردنی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی.

سعودییە بەرهەمهێنی ژمارە یەکی نەوت لە جیهاندا، نزیکی سێیەکی ئابوورییەکەی لەسەر هەناردەکردنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانە، دوایین شت کە دەیانەوێت بیری لێبکەنەوە، دروستبوونی سەرچاوەیەکی وزەی رکابەرە بۆ نەوت، بە تایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام رەنگە ئەو گەمارۆیەی کە سعودیە دەیویست قەتەری پێ جڵەوگیر بکات، ببێتە هۆی پێشخستنی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاریی نێوان ئێران و قەتەر و تەنانەت دووریش نییە لە ماوەی درێژخایەندا ببێتە هۆی دروستکردنی بلۆکێکی تایبەت بە بەرهەمهێنەرانی گازی سروشتی هاوشێوەی رێکخراوی ئۆپێک کە تایبەت بێت بە بەرهەمهێنەرانی گازی سروشتی. بە واتایەکی دیکە سعودییەکان دەرگای کێشەیەکی گەورەتریان لەسەر خۆیان کردووە کە ئەویش ئەگەری دەرکەوتنی گازی سروشتییە وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ نەوت.

هەردوو وڵاتی ئێران و قەتەر خاوەنی مەزنترین یەدەگی گازی سروشتین، بە تەنها لە کێڵگەی ساوس پارس کە بەشە قەتەرییەکەی بە نۆرس فیڵد ناودەبرێت و گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتییە لە جیهاندا، 8%ی تەواوی یەدەگی گازی سروشتی هەیە. دوای 12 ساڵ لە قەدەغەکردنی وەبەرهێنان لە کێڵگەی نۆرس فیڵد، جارێکی دیکە قەتەر بڕیاری دا دەست بە گەشەپێدانی ئەو کێڵگەیە بکاتەوە، هەروەها دەیانەوێت بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە ماوەی حەوت ساڵدا بە رێژەی 30% زیاد بکەن. ئەوەش قەتەر دەکات بە دابینکەری 40%ی پێداویستی گازی سروشتی لە جیهاندا. لەم هەوڵەشدا کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل و شێڵ و تۆتال تەواو پشتیوانی لە قەتەر دەکەن و ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ هاوکاریکردنی.



● قەتەر دەتوانێت 40 % ی پێداویستی جیهان لە گازی سروشتی دابین بکات

لە دیوی ئێرانیشدا، هەفتەی پێشوو بە هاوکاری و ڕازیبوونی قەتەرییەکان، ئێران گەورەترین وەبەرهێنانی لە بواری گازی سروشتیدا کرد دوای هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران و رێککەوتنی ئەتۆمی. ئێران رێککەوتنی پەرەپێدانی کێڵگەی ساوس پارس، بەشی 11ی لەگەڵ کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسیدا واژۆ کردووە بە بڕی 8.4 ملیار دۆلار. هەروەها لە دانوستانددایە لەگەڵ کۆمپانیا هیندییەکان بۆ پێشخستنی کێڵگەی فارزاد بەبڕی 11 ملیار دۆلار. لە کاتێکدا پێشتر هەردوو وڵات کێشە و ناکۆکییان لەسەر کارکردن و پێشخستنی ئەم کێڵگانە هەبووە. بێگومان سعودییە ناتوانێت بەو خێراییە کێڵگەکانی گازی سروشتیی خۆی پێشبخات تاوەکو ڕکابەری دوو بەرهەمهێنی زەبەلاحی وەک ئێران و قەتەر بکات.

ئەم پێشکەوتنە خێرایەی کەرتی گازی سروشتی ناکرێت تەنها رێکەوتێک بێت، بەڵکو هەوڵێکی رێکخراو و هەماهەنگیی نێوان قەتەر و ئێرانە بۆ ئەوەی بەرەو قۆناغی لاوازکردنی بازرگانیی نەوت بچن، تاوەکو گازی سروشتی بکەنە سەرچاوەیەکی وزەی جێگرەوە بۆ نەوت، لەئەنجامیشدا زیان بە ئابووری و پێگەی سعودییە بگەیەنن. بەتایبەتی لەکاتێکدا نرخی نەوت لە داکشاندایە و ئابووریی سعودییە خۆی لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و خەرجیی گشتی و پشتیوانیی نرخەکانی لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا کەم کردووەتەوە.

جگە لە سعودییە و هاوپەیمانەکانی، گەشەکردنی گازی سروشتی، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لە بەرژەوەندیی زۆرێک لە وڵاتانی هەرێمی و جیهانیدایە. بۆ نموونە لە رووسیا هەر لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی پوتین، بەڵێنی ئەوەی دا کە کاربکات بۆ ئەوەی گازی سروشتی ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزەی جیهانی. چونکە ئابووریی رووسیا و پەرەسەندنی رۆڵی لە سیاسەتی جیهانیدا، چیتر ناتوانێت لەگەڵ ناسەقامگیریی بازاڕی نەوتدا هەڵبکات، هەروەها رووسیا کێشەی هەیە لەگەڵ مامەڵەکردن و راگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ ئۆپێک و ئەو شێوەیەی کە رێکخراوەکە هاوسەنگیی نرخ و بەرهەمهێنانی نەوت دەکات.

ئەمریکییەکانیش کە گەورەترین بەرهەمهێنی گازی ناسروشتین، وەبەرهێنانی گەورەیان لەو بوارەدا کردووە، بێگومان هاریکاریی گەشەسەندنی بازاڕی گازی سروشتی دەکەن. وەک دەبینرێت ئێکسۆن مۆبیل بە بەهێزی پشتیوانیی قەتەر دەکات لە زیادکردنی رێژەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتیدا. ئەورووپی و تورکەکانیش کە پێداویستیی گازی سروشتییان بەردەوام لە زیادبووندایە و بەدوای سەرچاوەی نوێدا دەگەڕێن، بێ دوودڵی پشتیوانی لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی دەکەن، کۆمپانیا ئەورووپییەکان، بە نموونەی شێڵ و تۆتال، ملیاران دۆلاری خۆیان لەو بوارەدا بەگەڕدەخەن.

لە کۆتاییدا، رەنگە گازی سروشتی ببێتە ئەو مۆتەکەیەی کە سعودییەکان بەرەو زیانی ئابووری و سیاسیی گەورە بەرێت و تووشی دەرئەنجامی پێچەوانەیان بکات.



کاردۆ کەمال

# بۆچی نرخی نەوت لە 50 دۆلار تێناپەڕێ؟




لەدوای ئەوەی نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت گەیشتە نزیک ئاستی 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، رۆژی چوارشەمەی رابردوو دووبارە 3%ی بەهاکەی لەدەستدا، هۆکار زۆرن بۆ ئەمە، بەڵام لە نێویاندا دوو هۆکاری سەرەکی هەن:

یەکەم: زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک بە بڕی 450 هەزار بەرمیل لە مانگی حوزەیران بە بەراورد بە مانگی ئایار، زۆربەشی لەلایەن لیبیا و نەیجیریاوە بووە، کە لەلایەن ئۆپێکەوە رێگەیان پێدرابوو ئاستی بەرهەمهێنانیان زیاد بکەن، ئەمەش ترسی لای بازرگانانی نەوت دروستکرد سەبارەت بە رێککەوتننامەکەی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کە رەنگە نەتوانێت پابەندی رێککەوتننامەکە بێت.

بەرپرسی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەش رایگەیاند، ئامارەکانی ئۆپیک مەترسیدارن، ئەگەر خستنەڕوو زیادببێ، رەنگە رێککەوتننامەکەی ئۆپیک نەتوانێت لە چارەگی دووەمی ئەمساڵدا هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەبووایە ئامارەکانی نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا رۆژی چوارشەممە خوێندنەوەی بۆ بکرایە، بەڵام بەهۆی پشووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندنەوەکە دواخرا بۆ رۆژی پێنج شەممە، ئەمەش گوشارەکانی سەر نرخی نەوتی زیاتر کرد و بووە هۆکارێک بۆ دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئاستی 49 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

دووەم: هەر زیادەیەک لە ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا رووبدات، نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دادەبەزێنێ تا دەگاتە ئاستەکانی نزیک 35 دۆلار، ئەوکات سەکۆ نەوتییەکان ناچار دەبن لە بەرهەمهێنانی نەوت بوەستن، چونکە ئەوکات تێچووی بەرهەمهێنان یەکسان دەبێت بەداهاتی فرۆشتنی نەوتەکە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی بازرگانانی بواری نەوتە لە بازاڕە داراییەکاندا، ئەوەیە کە دەڵێن ئۆپیک دەڵێت ئامانج لە رێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نییە، ئەگەر پێشبینی دابەزینی نرخی نەوت بکەین بۆ خوار 40$ و مانەوەی نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەو نرخەدا، ئەو کات چی روودەدات؟

ژمارەیەک لە سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا لە بەرهەمهێنان رادەوەستن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش دووبارە سەکۆ نەوتییەکان دەگەڕێنەوە بازاڕ و دەست دەکەنەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت هەر وەک ئەوەی کە لەمانگی تشرینی دووەمی رابردوو روویدا، کاتێک ئۆپیک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کەمکردەوە، نرخی نەوت بەرزبووەوە و ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکاش زیادبوون تا ئەمڕۆ ژمارەکەیان گەیشتووەتە 745 سەکۆ.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات: کێ ناهێڵێ هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێتەوە؟

زۆر ئاسانە ئەگەر بڵێین بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئەمریکا بوونەتە هۆکاری تێکدانی بازاڕ، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی ئەمریکا ئاستی بەرهەمهێنانی لەمانگی نیسانی رابردوو گەیشتە 9.08 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەمە لەکاتێکدایە ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگە دەریاییەکانی کەنداوی مەکسیک کەمیکردووە، بەڵام کێشەکە پەیوەندی بەو ستراتیژەوە هەیە کە بەرهەمهێنەرانی نەوت پەیڕەوی دەکەن، نەک کێشەکە تەنیا نەوتی ئەمریکا بێت.

بەرهەمهێنەرانی نەوت پەیڕەوی ستراتیژیەتی چاڵ هەڵکەندن دەکەن، لە تشرینی دووەمی 2014ەوە، تاوەکوو ئەیلولی 2016، ئۆپیک چاڵ بۆ بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئۆپێک هەڵدەکەنێ کە لە نێویاندا نەوتی بەردینی ئەمریکا و نەوتی قورسی کەنەدا هەیە، بەشێکیش لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر دەستیانکرد بە بەرهەمهێنانی نەوت لەڕێگەی دەریاکانەوە، پاشان ئۆپیک دەستبەرداری نرخی نەوت بوو، رێگەی دا نرخ دابەزێت بۆ ئەوەی سەرجەم بەرهەمهێنەرە نوێیەکان و بەرهەمهێنەرە کەم تواناکان بەرگەی رکابەریی بازاڕ نەگرن، بەو شێوەیەش بازاڕی نەوت لەلایەن بەرهەمهێنەرە زەبەلاحەکانەوە پاوان دەکرێت.

لەبەرامبەردا بەرهەمهێنەران لە ئەمریکای باکوور هەوڵیاندا توانای خۆیان لە بەرامبەر ئۆپیکدا بسەلمێنن، بۆیە سەرجەم تەکنیکە هونەرییەکانی بەرهەمهێنانیان بەکارهێنا بۆ کەمکردنەوەی تێچووی تەواوکردنی ئەو سەکۆ نەوتییانەی کە هێشتا تەواونەکراون، چونکە بەو شێوەیە بەرهەمهێنەرەکان خۆیان دەپارێزن و گەرەنتی مانەوەی خۆیان دەکەن لە بازاڕدا.

ئەگەرچی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکانی بواری نەوتی بەردین، کۆمپانیای کەرتی تایبەتن، بەڵام پاڵپشتی تەواو لە ئیدارەکەی ترەمپ وەردەگرن، چونکە حکومەتی ئەمریکا ئەم کۆمپانیانە بە تاکە هیوای ئەمریکا دەزانێ بۆ گەیشتن بە خەونی ئەمریکا کە ئەویش سەربەخۆبوونی نەوت و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوتە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر سەرنجی بانکەکانی وۆڵ ستریت بدەین، دەبینین ئەو کاتەی نرخی یەک بەرمیل نەوت 100$ بووە، بانکەکان قەرزی گەورەیان داوە بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا تا رادەی مەستبوون، هەموو ئەم فاکتەرە سیاسی و تەکنیکی و داراییانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی نەوتی بەردینی ئەمریکا نەرم و خۆڕاگر بێت لە بەرامبەر دابەزینی نرخەکاندا، بەپێچەوانەی بەرهەمهێنەرانی نەوتی تەقلیدی کە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەر زیانێکی زۆر دەکەن.

## ستراتیژی ئۆپیک

پەندێک هەیە دەڵێت "چاڵ بۆ کەسێک هەڵبکەنی، خۆت تێی دەکەوی". ئەو چاڵەی کە ئۆپیک هەڵیکەند خۆی تێیکەوت، ئەگەر ئۆپیک رێگەی نەدابا رکابەری بکەوێتە نێوان ئەندامەکانی بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنەرە گەورەکان بەرهەمهێنەرە بچووکەکانیان قووت نەدەدا. لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت بودجەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و کۆمپانیا نەوتییەکان کێشەی تێکەوت، ئەمەش جێنشینی سعودیە محەممەد بن سەلمانی ناچار کرد لەگەڵ فلادیمیر پۆتین سەرۆکی رووسیا کۆببێتەوە بۆ ئەوەی بەهاوکاریی رووسیا هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێننەوە.

ئەوەی کە بووەتە بەربەست لەبەردەم ستراتیژەکەی ئۆپیک، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکایە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێشبینی کردووە لە کۆتاییەکانی ئەمساڵدا ئاستی بەرهەمهێنان لەلایەن ئەمریکاوە بگاتە 10 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەمەش پلانەکەی ئۆپیک بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت قورستر دەکات، چونکە هەر کەمکردنەوەیەک کە ئۆپیک بیکات لە بەرهەمهێنانی نەوت، ئەمریکا قەرەبووی دەکاتەوە لە رێگەی زیادکردنی خستنەڕووی نەوت.

بەپێی دوایین راپۆرتی بانک ئۆف ئەمەریکا، نەوتی بەردینی ئەمریکا زۆر کەیفی بەوە دێت نرخی نەوت لە نێوان 44 — 55 دۆلار بێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی نەوت بە بڕی 1$ دەبێتە هۆکاری زیادکردنی خستنەڕوو یان کەمبوونەوەی خستنەڕووی نەوت بە بڕی 100.000 بەرمیل لە رۆژێکدا.

بۆیە بانکەکە پێیوایە ئەگەر نرخی نەوت لە ئاستی 45$ بێت، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی بە بڕی 200 هەزار بەرمیلی دیکە زیاد بکات، ئەگەر نرخی نەوتیش بگاتە 55$ دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی بەبڕی 1.1 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوە.

خاڵی گرنگ کە بانکەکە و بەشێکی زۆر لە شرۆڤەکارانی بازاڕە داراییەکان کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە مانەوەی نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە نێوان 45- 50$ لەگەڵ زیادبوونی خواست لەسەر نەوت و درێژکردنەوەی رێککەوتننامەکەی ئۆپیک دەبێتە هۆکاری گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت و شێوەی بازاڕی نەوت بۆ "باکوردیشن" دەگۆڕێت کە وادەکات گرێبەستەکانی ئێستای نەوت گرانتربێت لە گرێبەستە ئایندەکانی نەوت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە بڕی 3– 7$ ، گرانبوونی نرخی نەوت بە بڕی 7$ وا دەکات کە کۆگاکردنی نەوت قازانجبەخش نەبێت، ئەمەش ئاستی نەوتی کۆگاکراو دادەبەزێنێت کە نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە.

گەورەترین تەحەدا کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت رووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوەیە کە بە نرخی ئێستای نەوت رازی نین، چونکە کورتهێنانی بودجەیان کاتێک نامێنێت یان کەم دەبێتەوە کە نرخی نەوت دەچێتە سەرووی 65$ بۆ هەر بەرمیلێک. بۆیە تەنیا رێگە لەبەردەم ئۆپێکدا ئەوەیە پارێزگاری لە نرخی ئێستای نەوت بکات و هەوڵبدات چالاکیی کۆمپانیاکانی بواری نەوتی بەردین سنووردار بکات، چونکە بەشێک لەو کۆمپانیایانە سەرەڕای ئەو زیانەی کە دەشیکەن بەڵام هێشتا بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی نەوت.

## لە کۆیە کورتەفیلمی دوعا بەرهەمدێت



**ڕووداو- هەولێر**

دوعا، نوێترین کورتە فیلمی کوردییە کە ماوەکەی 11 خولەکە و لەم ڕۆژانە لە شاری کۆیە و دەوروبەری بەرهەمهاتووە، محەممەد شێروانی دەرهێنەری فیلمەکەیە، گرفتەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی کردووەتە مژاری فیلمەکەی. محەممەد شـێروانی دەرهێنەری گەنج، لە تورکیا ماسـتەری لە بواری سـینەما وەرگرتووە. شـێروانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە ئازاری ئافرەتێک دەکات، کە بەهۆی فشاری خێزانەکەیەوە لە حەز و ئارەزووەکانی خۆی بۆ خوێندن و گەیشتن بە ئامانجەکانی ژیان بێبەش دەبێت". بە گوتەی شێروانی، کارەکتەری سەرەکی بەرهەمەکە کچە هونەرمەندێکی تورکە و یەکەمجارە لە بەرهەمێکی کوردی بەشداردەبێت.

## جانیٚ، خانمە گۆرانیبێژی کورد بۆ (ڕووداو):

# دوو ساڵ لە کۆبانیٚ شەڕڤان بووم

پێیەکی لەنێو هونەرە و پێیەکی لەنێو سیاسەت، ئەو پێیوایە هونەر و سیاسەت لە کوردستان پێکەوەن. جانیٚ خانمە گۆرانیبێژی کوردی باکووری کوردستان کە نیشتەجێی ئەڵمانیایە، ماوەی دوو ساڵ لە کۆبانیٚ شەڕڤان بووە، بەڵام وازی لە هونەرەکەی نەهێناوە و لەویٚ جگە لە چەند گۆرانییەک، فیلمێکیشی بەرهەمهێناوە. جانیٚ لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی خۆی دەکات و چەند نهێنییەکیش لەبارەی ژیانی منداڵی و شووکردن و جیابوونەوەی دەدرکێنیٚ.

ڕووداو- ئەڵمانیا



دەمیرتاش لە زیندانەوە نامەیەکی بۆ ناردووم

سیاسەت و هونەر لە کوردستان پێکەوەن

**ڕووداو: ماوەیەکە زۆر بەچڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسە لەسەر سیاسەت دەکەی، هۆکارەکەی چییە؟**

**جانیٚ:** هونەرمەندانی کورد وەکو هونەرمەندانی جیهان ئازاد نین، چونکە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، من ئەوەندی خۆم بە هونەرمەند دەزانم، خۆم وەک سیاسییەکیش دەبینم. من لە ڕێگەی گۆرانییەکانمەوە توانیومە پەیامە سیاسییەکانیشم بگەیەنم.

**ڕووداو: واتە هونەر بەبیٚ سیاسەت نابێت، یان بە پێچەوانەیەوە سیاسەت بەبیٚ هونەر نابێت؟**

**جانیٚ:** سیاسەت و هونەر لە کوردستانە پێکەوەن، چونکە دەوڵەتت نییە.

**ڕووداو: بەڵام زۆر لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان وەکو تۆ گویٚ بە سیاسەت نادەن؟**

**جانیٚ:** ڕاستە زۆر هونەرمەند هەن گرنگی بە سیاسەت و کوردایەتی نادەن، چونکە ئەوان زۆرتر گرنگی بە پارە دەدەن، ئەوان زۆربەیان لە کەناڵی تەرەتە شەش خۆیان بۆ پارە فرۆشتووە.

**ڕووداو: ئەی ڕات چییە لەسەر ئەو هونەرمەندە کوردانەی بە تورکی گۆرانی دەڵێن؟**

**جانیٚ:** من تاوەکو ئێستا بە زمانی تورکی گۆرانیم نەگوتووە، چونکە من وابیر دەکەمەوە کە ئەگەر لەو وڵاتەی من تێیدا دەژیم وەکو خۆی ئازاد نەمبینیٚ ناتوانم بە زمانی ئەو گۆرانی بڵێم. ڕەنگە لە دواڕۆژدا گۆرانییەک بە زمانی تورکی بڵێم، بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی من هەمە بە تورکەکانی بگەیێنم.

**ڕووداو: ئێستا کەمتر لە تورکیا و باکووری کوردستان دەبینرێی، هۆکارەکەی چییە؟**

**جانیٚ:** من کە لە ئەڵمانیا دەژیام بۆم نەبوو بگەڕێمەوە تورکیا، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی داواکاریی زۆرم بۆ هات، گەڕامەوە تورکیا، لەویٚ دەستگیرکرام و بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لە زیندان بووم، دواتر لە ڕێگەی باڵیۆزی ئەڵمانیا ئازادکرام، چەند جارێکی دیکەش گەڕامەوە، بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێکە ناوێرم سەردانی تورکیا بکەم.

**ڕووداو: نوو ئەلبوومی گۆرانی نوێت بڵاوکردەوە، کەمێک باسی ناوەڕۆکی ئەلبوومەکە بکە؟**

**جانیٚ:** ئەو ئەلبوومە نوێیەم زۆر تایبەت بوو، چونکە من نزیکەی دوو ساڵ لە کۆبانیٚ بووم، ئەو شەڕە زۆر کاریگەری لەسەر من و کارە هونەرییەکانم هەبوو، بۆیە چەند گۆرانییەکم لەسەر کۆبانی و شنگال دروستکرد. ئەوانی دیکە ئەڤینداری و غەریبییە، بەگشتی ئەلبوومێکی سڵۆیە. هاوکات ئەلبوومی دووەم تایبەت بوو بە لاوک، وەکو ئێوە دەزانن، من خەڵکی دەڤەری سەرحەدم لە باکووری کوردستان کە بە دەنگبێژی و لاوک زۆر ناودارە.

**ڕووداو: چی وای لێکردی لە کۆبانیٚ بیر لە دروستکردنی فیلمێک بکەیتەوە؟**

**جانیٚ:** کاتێک شەڕ لە کۆبانیٚ هەڵگیرسا، منیش وەک سەدان کوردی دیکە بۆ هاوکاریی شەڕڤانان چوومە کۆبانیٚ و بوومە شەڕڤان. لەویٚ زەحمەتییەکی زۆرم بینی، چەند بیرۆکەیەکی هونەریم بۆ هات، هەروەها چوومە نێو ئەو شنگالیانەی لە دەستی داعش هەڵاتبوون، لە دەمی ئەوانەوە کارەساتی شنگالم بیست، بۆیە لەگەڵ برادەرێک بەناوی بریار کوتی چیرۆکەکەمان کردە عەرەبی، دواتر گوند بەگوند گەڕاین بۆ ئەوەی ئەکتەر بۆ فیلمەکە بدۆزینەوە، پاشان دەستمان بە وێنەگرتنی فیلم کرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

**ڕووداو: بەنیازی بەرهەمهێنانی فیلمێکی نوێی، دەکرێت زانیاری زیاتر بدرکێنی؟**

**جانیٚ:** من هونەرمەندێکی نەتەوەییم، هەموو حیزبەکانی کوردستانم خۆشدەوێت، بۆیە هەموو کارەکانم سیاسین. فیلمی ئەمجارەم دیسان لە کۆبانیٚ دەستپێدەکات و دەچێتە جزیرا بۆتان، باس لە شەڕی باکووری کوردستان دەکات، ئێستا لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی بیانی لەگفتوگۆداین.

**ڕووداو: لە گۆرانیبێژە کچەکان زیاتر دەنگی کامە هونەرمەندت لا خۆشە؟**

**جانیٚ:** دەنگی زۆربەی کچەکانم پێخۆشە، بەڵام لای من هێڵی لەڤ زۆر تایبەتە، حەز لە دەنگ و ستایلی ئەو دەکەم.

**ڕووداو: بەشێک لە خانمە گۆرانیبێژەکان لەگەڵ هەڵکەوت زامیر کاردەکەن، ئێوە بیرتان لەوە نەکردووەتەوە؟**

**جانیٚ:** ماوەیەکی زۆرە بەیەکەوە قسەمان کردووە و یەکترمان بینیوە، بۆ ئەوەی گۆرانییەکم بۆ ئامادە بکات، بڕیارە لەم ماوەیەدا ئەو بەرهەمە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردن.

**ڕووداو: لە بواری کۆمەڵایەتی و باری خێزانی جانیٚ هەمیشە بە تەنیایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**جانیٚ:** هەموو ژیانم بۆ هونەر و گەلەکەم بووە. هیچ کات بیرم لە خۆم نەکردووەتەوە. کاتیشم نەبووە بۆ خۆشەویستی. من و دیلانی کچم بەیەکەوە دەژین، ئەو سەرقاڵی خوێندنە و منیش خەریکی هونەر و سیاسەتم. ئیدی ژیانێکی نۆرماڵ دەگوزەرێنین.

**ڕووداو: بۆچی لە هاوژینەکەت جیابوویتەوە؟**

**جانیٚ:** من لەبیرم نایەت کەی شووم کرد، 12 ساڵان بووم بوومە دایک، ئەوکات ژیان زۆر زەحمەت و دژوار بوو، خێزانەکان هاوبەشی ژیانیان بۆ منداڵەکانیان دەدۆزییەوە، لەبەر ئەوە ژیانی خێزانیم زۆر ناخۆش بوو. تەمەنم 11 ساڵان بوو، هیچم لەبارەی کاریماڵەوە نەدەزانی، بۆیە هاوژینەکەم ژنێکی دیکەی بەسەرمهێنا، دواتریش کوڕێکم بوو، بەڵام لە تەمەنی حەوت ڕۆژی ئەویان بۆ خۆیان برد، ئێمە لێکجودابووینەوە و تاوەکو ئێستا کوڕەکەم نەبینیوەتەوە.

**ڕووداو: جانیٚ عاشق نەبووە؟**

**جانیٚ:** ئێستا عاشق نیم و کەس لە ژیانمدا نییە، بەڵام چەند ساڵێک پێش ئێستا خۆشەویستم هەبوو، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد، ئێستاش دڵم زۆر بریندارە و باوەڕ ناکەم جارێکی دیکە عاشق ببمەوە.

**ڕووداو: نەشتەرگەری جوانکاریت نەکردووە؟**

**جانیٚ:** نەخێر، بەڵام ئەگەر پارەیەکی باشم هەبێت لە تەمەنی 45 ساڵیدا دەیکەم.

**ڕووداو: دەڵێن سەلاحەدین دەمیرتاش، یەکێکە لە هاوڕێیە نزیکەکانت، ئاگات لێیە؟**

**جانیٚ:** بەڵێ دەمیرتاش هاوڕێیەکی زۆر نزیکی منە، بەر لە چەند ڕۆژێک لە زیندان نامەیەکی بۆ ناردم. لە نامەکەدا دەڵیٚ ڕەوشی زۆر باشە، نامەکەی دەمیرتاش لە وەڵامی نامەیەکی من بوو کە بۆ ئەوەم ناردبوو لە زیندان، هیوادارم بەزووترین کات ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە نێو کاری سیاسی.

## زینە زەکی، خانمە دیزاینەری عێراقی بۆ (ڕووداو):

# جلوبەرگم بۆ دایکی کیم کارداشیان دیزاین کردووە



دەگەڕێمەوە کوردستان

دایکم هەمیشە دەڵێت خەڵکی هەولێرم

لە دایکێکی کورد و باوکێکی عەرەبی عێراقی لەدایکبووە، یەکێکە لە بەناوبانگترین دیزاینەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێستا ناوبانگی بۆ جیهان هەڵدەکشێ، جلوبەرگی بۆ زۆربەی ئەستێرە عەرەبەکانی وەکو دورە، ئیلهام شاهین، شیرین عەبدولوەهاب و یوسرا و دەیانی دیکە دروستکردووە. بۆ چەندین ئەستێرەی هۆلیوودیش، لە نێویاندا ئێڤا لانگۆریا، کریس جێنەر و دایکی کیم کارداشیان. زینە زەکی دیزاینەری جلوبەرگی کورد و عێراقی و جیهانی، وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە.

دەرباز یونس
ڕووداو – عەممان

**ڕووداو: دوایین چالاکی تۆ بریتی بوو لە دیزاینکردنی چەندین مۆدێلی جلوبەرگی جیاواز بۆ چەند نمایشکارێکی تۆکرانی، ئەمە چۆن بوو؟**

**زینە زەکی:** تەواوی ئەو دیزاینانەی بۆ ئافرەتە جوانەکانم لە هەموو جیهاندا کردووە، گرنگ نەبووە لام ئافرەتەکە چ ڕەنگێکە، خەڵکی کوێیە، ئەمە پەیامی منە لە کارکردندا، چونکە مرۆڤ جوانە، بەهێزە، ژیرە و بە ئازادی لەدایکبووە. دوایین چالاکیش کارێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دیزاینەکان جیاواز بوون و بۆ من جێی سەرنج بوو.

**ڕووداو: تۆ جلوبەرگی زۆرینەی ئەو ئەستێرە عەرەبانەت دیزاین کردووە کە لە خولی ڕابردووی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دوبەی لەسەر فەرشی سوور بوون و ئێمە وەکو ڕووداو ڕووماڵی فێستیڤاڵەکەمان دەکرد؟**

**زینە زەکی:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، من لەو فێستیڤاڵەدا دیزاینی جلوبەرگی زۆرینەی ئەستێرەکانم کردبوو کە بەشێکیان هەڵبژێردرابوون بۆ وەرگرتنی ناسناوی جوانترین دەرکەوتن و جوانترین کراس کە پۆشیبوویان لەو بۆنەیە. من سوپاسی هەموو ئەو ئەستێرانە دەکەم کە لە نێو ئەو هەموو دیزاینەرانەی لە جیهاندا هەن، منیان هەڵبژارد.

**ڕووداو: دەتوانی ناوی ئەو ئەستێرانە بڵێی کە جلوبەرگی تۆیان پۆشیوە؟**

**زینە زەکی:** زۆر زۆرن، بۆ نموونە جلوبەرگی دورە، لە دەرەوەی فێستیڤاڵیش شیرین عەبدولوەهاب، ئۆە خوایە لەم کاتەدا هەموو ناوەکانم بیر نایەتەوە، جلوبەرگی زۆر لە ئەستێرەکان، دەتوانن لە لاپەڕەی من لە ئینستاگرام ببینن، وێنەکانم داناون.

**ڕووداو: دەڵێن جلوبەرگت بۆ ئەستێرەکانی هۆلیوودیش دیزاین کردووە؟**

**زینە زەکی:** بەڵێ ئێڤا لانگۆریا، کریس جێنەر، دایکی کیم کارداشیان و زۆر ناوی دیکە.

**ڕووداو: بەنیازی چیت؟ بۆ نموونە ئەو ئەستێرانەی لە داهاتوودا جلوبەرگیان بۆ ئامادە دەکەی کێن؟**

**زینە زەکی:** گرنگترین پرۆژەی داهاتووم ئەوەیە کە کارەکانم فراوان بکەم لە هەموو جیهاندا. من تا ئێستا کارم بۆ زۆربەی ئەستێرە عەرەبەکان و ئەستێرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی جیهانی، بۆیە مەبەستمە کارەکانم زیاتر جیهانی بن، ئێستا کاتیەتی لە پاریس بم، لە ڕۆما بم، لە هەموو شوێنێک بم.

**ڕووداو: دەڵێن دایکت کوردە، خەڵکی کامە پارچەی کوردستانە؟**

**زینە زەکی:** دایکم هەمیشە دەڵێت من خەڵکی هەولێرم.

**ڕووداو: کەواتە تۆ نیوە کوردیت، هیچ پرۆژەیەکت هەیە سەردانی کوردستان بکەیت؟**

**زینە زەکی:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە زۆر حەز دەکەم، نیازم هەیە سەردانی بکەم و خەڵکی کوردستان ببینم.

**ڕووداو: دیزاینەری جلوبەرگ و نمایشکاری کارێکی نوێیە لە کوردستان، زۆر کچ و کوڕی گەنج لە کوردستان حەز دەکەن بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لەم بوارەدا کار بکەن، تۆ وەک دیزاینەرێکی کوردی عێراقی جیهانی پەیامت بۆ دیزاینەر و نمایشکارانی کورد چییە، چۆن بتوانن پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن؟**

**زینە زەکی:** من هەوڵدەدەم باسی چیرۆکی خۆم بکەم بۆیان، چونکە هەر دیزاینەرێک چیرۆکێکی سەرکەوتنی هەیە، 16 ساڵ بەر لە ئێستا من کچێکی گەنج بووم کە تەنیا خەونم هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ خەونەکانم بوونەتە ڕاستی و من وامکرد ڕووبدات. ئەگەر خەونت هەبێت، هیچ شتێک مەحاڵ نییە، چونکە هەموو دیزاینەرە جیهانییەکان وەکو دیزاینەرە فەرەنسییەکان، لوبنانییەکان و ئێمەش هەمان کار دەکەین.

**ڕووداو: بۆچی بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە کوردستان قوتابخانەیەکی دیزاینی فاشن و نمایشکاری بکەیتەوە؟**

**زینە زەکی:** من خەونی زۆرم هەن. پێموایە هەموو کارێک کاتی خۆی دێت کە ئەنجامی بدەیت، بەڵام ناتوانی هەموویان بەیەکەوە بکەیت. من لە کارەکانم لەسەر خۆم و پەلە ناکەم، هەنگاوەکانم بە هێواشی بەرەوپێش دەنێم، بەڵام هەمیشە قاچەکانم لە شوێنێکی ڕاست دادەنێم، نامەوێ هەڵە بکەم و شکست بهێنم، ڕەنگە ڕۆژێک قوتابخانە لە هەموو جیهاندا بکەمەوە، ڕەنگە یەکەم قوتابخانەم لە کوردستان بێت، بۆچی نا؟

**ڕووداو: وەک گوتمان تۆ نیوە کوردیت، کەواتە دەبێت زانیاری باشت لە بارەی کوردستانەوە هەبێت؟**

**زینە زەکی:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە، من زانیاری باشم لە بارەی کوردستان هەیە، بەڵام با ڕاستییەکت پێ بڵێم، دوایین جار کە سەردانی کوردستانم کرد تەمەنم تەنیا 15 ساڵ بوو، ئەو کاتە دیزاینەری فاشن نەبووم، بەڵام ئەو کاتەی چوومە کوردستان شوێنێکی زۆر جوان بوو، سروشتێکی دڵڕفێن، ئەو کاتە بەخۆمم گوت، ئۆە خوایە من دەبێت جارێکی دیکەش سەردانی ئەم شوێنە بکەمەوە، چونکە سروشتەکەم پێ جوان بوو، خەڵکەکەم لا خۆشەویست بوون، لایف ستایلی خەڵکم پێ جوان بوو، سادەیی ئەو خەڵکەم پێ جوان بوو، بەڕاستی هەموو شتەکان جێگەی سەرنج بوون بۆ من، کەواتە من سەردانی کوردستان دەکەمەوە.



## ئەڵمانیا 300 هەزار کۆچبەری دیکە وەردەگرێ

**ڕووداو ـ هەولێر**

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاندووە 300 هەزار کۆچبەری سووری و عێراقی دیکە دەتوانن بە بیانووی یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزانەکەیان بچنە ئەڵمانیا. مافی یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزان بە تایبەتی بە هاوژین و منداڵی خوار 18 ساڵ بەخشراوە. بەگوێرەی وەزارەتی نێوخۆی ئەڵمانیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 90 هەزار 389 کۆچبەر هاتوونەتە ئەڵمانیا. قەیرانی کۆچبەران لە ئەڵمانیا لە 2015 دەستی پێکرد، کاتێک لەو ساڵەدا زیاتر لە 890 هەزار کۆچبەر ڕوویان لەو وڵاتە کرد. ئەڵمانیا لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی گشتی لە پێشە و لە ئێستاوە پارتە سەرەکییەکانی ئەڵمانیا دژی وەرگرتنی لێشاوێکی دیکەی کۆچبەرانن.

### لە سوێد عەیبە ناوت سنوور یان پاییز بێت

# کورد ناوی خۆیان بۆ ئەوروپی دەگۆڕن

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

لە سەرەتای ئەم مانگەوە یاسای گۆڕینی ناو و ناسناو لە سوێد چووە قۆناغی جێبەجێکردن، بەشێک لە کوردی سوێد خۆشحاڵن بە دەرچوونی یاساکە، چونکە پێشتر گۆڕینی ناو و ناسناو بە تایبەتی بۆ ناوی باپیر و ناوی خێزانی، زۆر قورس بوو.

ڕوان دانیار 41 ساڵ، دانیشتووی شارێکی نزیک هێلسینکی پایتەختی فینلاند، ناوی خۆی و باپیرەشی گۆڕیوە، چونکە هەردوو ناوەکە عەرەبی بوون و حەزی لەوە نەکردووە.

ڕوان کە پێشتر ناوی محەممەد بووە، گوتی "وشە و پیت و ناوی عەرەبی لەنێو کورد شتێکی غەریبە و لە ئەنجامی داگیرکارییە، لێرە ئەو دەرفەتەم هەبوو، بەخۆشحاڵییەوە گۆڕیم".

ڕوان تەنیا کەس نییە ناو و ناسناوی خۆی گۆڕیبێت، بگرە ناوگۆڕین بووەتە دیاردە لەناو کوردی ئەوروپا.

یەکتا کە لە خێزانێکی خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستانە و لە دوسلدرۆف دەژین، گوتی "پێشتر لە تورکیا بۆمان نەبوو ناوی کوردی بخەینە سەر ناسنامە و دوو ناومان هەبوو، یەک بۆ دەوڵەت و یەکێکیان بۆ ماڵ. ئێستا لێرە ئەم دەرفەتە هەیە و تەنانەت ناوی باپیرەشم گۆڕیوە". یەکتا پێشتر ناوێکی تورکیی هەبووە کە سەرەڕای ئەوەی بووەتە ڕابردووش، هێشتا حەزی نەکرد ئاشکرای بکات.

بەڵام هەموو کورد هەر وەکو یەکتا ناوەکانیان بۆ کوردی ناگۆڕن، بەڵکو زۆر کوردیش هەن ناوەکانیان دەگۆڕن بۆ ناوی ئەوروپی.

### لە محەممەدەوە بۆ سڤانسۆن.

تەنیا بە گەڕانێکی خێرا لەنێو وێبسایتی تۆماری هاووڵاتیان لە سوێد، چوار حاڵەتی گۆڕینی ناومان لە محەممەدەوە بۆ سڤانسۆن بەدی کرد.

یەکێک لەوان کە ناوی یەکەمی خۆی ئاشکرا نەکرد و تەنیا لەسەر گۆڕینی پاشگر و ناسناوەکە (ناوی خێزانی) قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی: "لێرە زۆر باوی ناسناوە و هەر بەوەش بانگت دەکەن، حەزم نەکرد محەممەد ناسناوم بێ، گوتم بۆچی سڤانسۆن نەبێت". دەشڵێت "سوێدییەکان کە بانگم دەکەن بە سڤانسۆن، کاتێک دەبینن سەر ڕەشم، پێیانخۆشە و پێدەکەنن".

سڤانسۆن و یۆهانسۆن و ئیندرشۆن لە ناوە زۆر باو و ناسراوەکانی سوێدن کە هاوشێوەی محەممەد و فاتیمە و عەبدوڵڵا و عومەر و عەلی لەنێو کورد زۆرن، بەڵام وەرگرتنی ناوی ئەوروپی وەک ناسناو، بەپێی گەڕانی (ڕووداو) زیاتر لە سوێد باوە وەک لە ئەڵمانیا و فینلاند.

(س. محەممەد) هاوژینەکەی سوێدییە، بەڵام دژی گۆڕینی ناوە، ئەو دەڵێت "من کەسێکی دینداریش نیم، بەڵام هێندەی ئیسلامییەک شانازی بە ناسناوەکەم دەکەم کە محەممەدە. محەممەد ناوی باوکمە، شوناس و سیمبولی خێزانیمە، بۆ شەرمی لێ بکەم". گوتیشی "ئەو ناو گۆڕینە لە لاساییکردنەوە بترازێ، هیچی دیکە نییە".

بەیان کچێکی کوردە و ناسناوی هاوژینە سوێدییەکەی هەڵگرتووە. ئەو دەڵێت "هاوژینەکەم کە سوێدییە زۆرم خۆشدەوێ، لێرەش نەریتەکە وایە بۆ ژن، پاشگرەکە دەبێتە ناوی هاوژینەکەی، ئەگەرنا هەرگیز ناوی خۆم نەدەگۆڕی".

ئەگەرچی لە زۆر وڵاتی ئەوروپی دوو یان چەند ناوێک بەکاردێت بۆ منداڵ، تا ئەو کاتەی گەورە دەبێ و خۆی یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، بەڵام یاسای نوێی سوێد کە ڕۆژی یەکی تەمموز چووە قۆناغی جێبەجێکردن، دەرفەتەکانی زۆر ئاسان کردووە.

بەیان لاندهێت کە پارێزەرە، دەڵێت: "یاسا تازەکەی سوێد وەک ئازادییەکی تاکەکەسی ئەوەی بەخشیوە، بۆیە شتێکی باشە، چونکە ئەوەمان لەبیر بێت کەسمان ئازاد نەبووین لەو ناوەی هەمانە، حەزی دایک و باوک و کەسوکار بووە، مەبەستی یاساکەش گەڕانەوەی ئەو ئازادییە بۆ کەسەکە خۆی".شیاندن و گونجان لەگەڵ کۆمەڵگە ئەوروپییەکان شتێکی گرنگە و کێشەی ناو لەنێو زۆر لەو نەتەوانە هەیە کە لە سوێدن. بەتایبەت گەنج و ئەو منداڵانەی لە سوێد لەدایک دەبن، زۆرجار تووشی کێشە دەبن بەهۆی ئەوەی ناویان تەواو نامۆیە.

ستیفن، 11 ساڵان، لە سوێد لەدایکبووە، ناوێکی کوردیشی هەبوو کە ڕێناس بوو، بەڵام ستیفنەکەی هەڵبژاردووە. ئەو گوتی "خۆم زۆرم حەز بەو ناوەیە".

هێلین 16 ساڵ کە پێشتر ناوی عائیشە بووە، لە خۆشەویستیی پووری ئەو ناوەی لێنراوە و لەژێر فشاری سوێدییەکان ناوەکەی گۆڕیوە "هاوڕێ سوێدییەکانم ئەو ناوەیان بۆ نەدەهات، تووڕەیان دەکردم، ناچار کردمە ناوێک کە بیانی و ئینتەرناشناڵ بێت و بە کوردیش نامۆ نییە".

### ناوی نامۆ

هەندێک ناو کە لەنێو کورد ئاساییین، لە سوێد بە هەمان دەربڕین بەڵام بە مانای جیاواز و بگرە جێی پێکەنینیش هەن، بۆ نموونە سنوور و پاییز کە یەکەمیان لە سوێد بەمانای چڵم دێت و دووەمیشیان بە مانای پیسایی. بۆیە هەندێک کۆچبەر کە ئەو ناوانەیان لێبووە، بە ناچاری گۆڕیویانە.

لیسا، 21 ساڵ، پێشتر ناوی سنوور بووە و ناوەکەشی پێ خۆش بووە، بە کەمێک شەرمەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کە چوومە قوتابخانە، هاوڕێکانم، بگرە مامۆستاکەشم پێدەکەنین". لیسا دەڵێ خەریک بوو واز لە قوتابخانە بهێنێ، بەڵام دواتر توێژەری کۆمەڵایەتیی قوتابخانەکەی پێشنیازی بۆ کردووە ناوەکەی بگۆڕێ، ئەویش قبوڵی کردووە.

### حاڵەتی پێچەوانە

تەنیا تاراوگەنشینان نین ناوەکانیان دەگۆڕن، بگرە سوێدییش هەن بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینی ناوی خۆیان بۆ کوردی و عەرەبی گۆڕیوە.

بیلال گەنجێکی سوێدیی قژ زەردە، پێشتر ناوێکی سوێدی هەبووە، دوای ئەوەی دەبێتە موسوڵمان، ناوەکەشی دەگۆڕێ. بیلال دەڵێت: "باوەڕی تەواوم بە ئیسلام هەیە، لەوەتای ناوی خۆم گۆڕیوە، زۆر پێی ئاسوودەم".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و شارەزا لە بواری بەریەککەوتنی کولتووری دەڵێت :"تێکەڵبوونی ناو و ناسناو، شتێکی زۆر باشە و کاردانەوەی درێژخایەنی هەیە". سەمیحە سوهرابی توێژەر و مامۆستای زانکۆ کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زیاتر لە 30 ساڵە لەنێوان سوێد و ئەڵمانیا دەژی، گوتی: "ناو و ناسناوی کوردی سەد ساڵی دیکە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵایەتیی ئەوروپا".



زۆر کورد ناوی خۆیان لە محەممەدەوە دەگۆڕن بۆ سڤانسۆن

# کوڕ و کچی کۆچبەر بۆ خەتەنە دەهێنرێنەوە کوردستان

### بە تاوانی خەتەنە و بەشوودانی بەزۆر گەشتکردن لە هەندێک کۆچبەر قەدەخە دەکرێ

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

کوڕێکی 6 ساڵان و خوشکە 17 ساڵەکەی، بەناوی گەشت لە سوێدەوە هێنرانەوە کوردستان، بەڵام دواتر دەرکەوت کچە بۆ بەشوودان و کوڕەکەش بۆ خەتەنە هێنرابوونەوە. دۆسیەی ئەحمەد و ڕەنای خوشکی بابەتێکی گەرمی میدیا و ڕێکخراوەکانی سوێد بوو لە ڕابردوودا.

ئەگەرچی ئەوان عەرەبی عێراقن و کورد نەبوون، بەڵام هێنانەوەیان لەڕێی فرۆکەخانەکانی کوردستانەوە، بابەتەکەی خستە ژێر پرسیارەوە.

ئانا یۆهانسۆن کە پارێزەری ئەو خوشک و برایەیە، دەڵێ: "جەستەی ئەحمەد تێکدراوە، لە دەرەوەی خواستی خۆی خەتەنە کراوە و بەشوودانی خوشکەکەشی لە دەرەوەی سوێد، تاوانە".

چەندین کەیسی لەم شێوەیە، حکومەتی سوێد ناچار دەکات بیر لە ڕێسای تازە و توندکردنی سزای ئەو کەسانە بکاتەوە کە لە پشت ئەم کارانەوەن.

### ڕێگرتن لە گەشت

خەتەنە و بەشوودانی بەزۆری هەرزەکار و مێرمنداڵانی خوار 18 ساڵ، لەناو تاراوگەنشیناندا باوە.

حکومەتی سوێد سزای کەسوکار و خێزانی ئەوانە دەدات کە بۆ ئەو مەبەستانە دەبرێنەوە وڵاتەکانیان، تا ئاستی ڕێگرتن لە گەشت و لێسەندنەوەی پاسپۆرتەکانیان. ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی بەریتانیا کە لە 2008وە دەستی پێکردووە. (ڕووداو) زانیویەتی دەیان خێزانی کورد لە بەریتانیا گەشتکردنیان لێ قەدەغەکراوە.

مۆرگان یۆهانسۆن، وەزیری دادی سوێد ڕایگەیاند، تێکدانی جەستەی منداڵ، بەشوودانی بەزۆر لە سوێد ڕێگەی پێنادرێ، هەتا بتوانین سزاکەی توند دەکەینەوە.

دیاردەی خەتەنەکردنی کوڕ و کچ کە خەریکە هی پیاوانیش وەک دیاردەیەکی نامۆ سەیر دەکرێت، هاوشێوەی بەشوودانی بەزۆر دەبێتە کێشەیەکی تازەی نێو تاراوگەنشینان.

هەمزە عەبدوڵڵا، دانیشتوویەکی دێرینی سوێدە. لەژێر گوشاری دابونەریت و قسەی کەسوکارەکەی دوو کوڕەکەی خەتەنە کردوون. ئەو دەڵێ: "هەست بە تاوان دەکەم کە بە گوشار و قسەی خەڵک بە گەورەیی خەتەنەم کردن".

لە سوێد خەتەنەی کوڕ ئاساییە و بگرە کلینیکی فەرمی هەیە و بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو جووانەی خەتەنە دەکەن، پرۆسەکە لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە زۆر پێشکەوتووە، بەڵام کۆچبەران کار بەوە ناکەن و لەسەر ڕێگە کلاسیکییەکەی خۆیان بەردەوامن کە تا ئاستێک کارێکی نائاساییە.

ئەو کوڕە کوردانەی لە سوێد گەورە دەبن، کەمتر حەز دەکەن خەتەنە بکرێن. ڕێژوان، 15 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکێکی سوێدینشینە. ئەو نیگەرانە لەوەی خەتەنە کراوە و دەڵێت هاوڕێکانی لە مەلەوانگە گاڵتەیان پێکردووە.

بەڵام ئالان فەتحوڵڵا، دانیشتووی ستۆکهۆڵم بە گرنگی دەزانێت پابەندی ڕێساکانی ئەو وڵاتە بێت، بۆیە سێ کوڕەکەی خەتەنە نەکردووە و بڕیارەکەی بۆ ئەوان جێهێشتووە کاتێک گەورە دەبن.

هەندێک لە تاراوگەنشینان، بەتایبەت ئەوانەی بە موسوڵمانی ڕادیکاڵ ناسراون، پێیانوایە خەتەنەی کچ واجبە و خەتەنەی کوڕانیش لەسەر ڕێگەی جووەکان کە لە سوێد زیاتر باوە، بە حەرام دەزانن.

هاژە ڕەحیمی کە چالاکڤانێکی کوردە و لە ڕێکخراوی (KYEO) کاردەکات، دەڵێت :"ئاماری وردمان نییە، بەڵام دەیان کەیس هەیە کە بەدزییەوە کچەکانیان لە دەرەوەی وڵات خەتەنە کردووە و دەستگیرکراون".

مەلا ئەحمەد بناوی، مامۆستای ئاینیی نیشتەجێی سوێد دەڵێت: "خەتەنە موتڵەقەن بۆ کچ کارێکی ناڕەوایە. ئەسڵ و ئەساسیشی نییە کە ئەوەی لەلایەن پزیشکە جووەکانەوە بۆ کوڕان دەکرێت حەرام بێت".

### پزیشکێکی کورد ئەو کارەی کردووە

(س.ئا) پزیشکێکی کوردی دانیشتووی شاری یۆتۆبۆرییە و لە ڕابردوودا بە نهێنی کاری خەتەنەی کردووە و ئێستا وازی هێناوە. (س) بە (ڕووداو)ی گوت :"بەداخەوە زۆر خێزانی کورد، هاوشێوەی عەرەب و موسوڵمانەکان باوەڕیان بەو شێوەیە نییە و حەز ناکەن وەک جووەکان و بە تەقەڵ بکرێت، دەیانەوێت هاوشێوەی کوردستان و وڵاتانی خۆیان لە کەشێکی ئاینیدا بیکەن". گوتیشی "تەنیا لەبەر ئەوەی وەک نەریتە کۆن و کلاسیکییەکە بێت، خێزانە کوردەکان پەنا بۆ خەتەنەی نائاسایی دەبەن کە خەرجیشی زۆرترە، بۆ نموونە لە کلینیکی فەرمی خەرجییەکەی ڕەنگە نەگاتە هەزار کرۆن، کەچی بۆ خەتەنەیەکی نائاسایی لە ماڵ، زیاتر لە پێنج هەزار کرۆن دەدەن".

(س) خۆشحاڵ نییە بە کارەکە و ئێستا وازی لێهێناوە. باسی لەوەش کرد کە چەندجارێک لەلایەن خێزانی کورد و عەرەب و تورکەوە داوای لێکراوە کچەکانیان خەتەنە بکات، بەڵام دەڵێت هەرگیز نەیکردووە.

### بۆ خەتەنە دەیانهێننەوە کوردستان

ئەردەڵان بە واجبی دەزانێت، پابەندی ئەو نەریتە بێت و بۆ ئەو مەبەستە کوڕەکەی هێناوەتەوە هەولێر تا خەتەنەی بکات. "دە جاریش سزا بدرێم، من کاری خۆم دەکەم". بە تووڕەییشەوە گوتی: "کەس دەتوانێت ڕێگە لەوان بگرێت کە منداڵەکانیان تووشی هەڵە دەبن، ئەی بۆ ڕێگە لە جووەکان ناگرن، چییان لە ئێمە داوە".



## پزیشکێک: چەندین خێزانی کورد لە سوێد داوایان لێکردووم کچەکانیان خەتەنە بکەم

### کوشتنی کچێک یاسای گۆڕی

**لەساڵی 2008 و دوای کوشتنی کچە کوردێک لەلایەن کەسوکاری و پاشان لەتوپەتکردنی، بەریتانیا دەستی بەجێبەجێکردنی یاسایەکی تازە کرد. وێڕای چاودێریی توند، لەندەن سزای سەندنەوەی پاسپۆرت و ڕێگریی گەشتکردنی لەو کەسانە دا، کە گومانی لە بردنەوەی کوڕ و کچەکانیان هەیە. جەمیل کاوانی چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ لە لەندەنەوە بە (ڕووداو)ی گوت :"دەیان کەس هەیە کە حیجز خراوەتە سەر پاسپۆرتیان، چونکە تاوانبارن بەوەی منداڵەکانیان بردووەتەوە کوردستان و ویستوویانە بەشوویان بدەن".**

ژنان
ڕووداو
ژمارە (464) - دووشەممە 2017/7/10





## ژنانی کورد کۆنفرانس دەبەستن

**ڕووداو – سلێمانی**

ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 2017/7/9 نوێنەری سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، یەکەمین کۆبوونەوەی ئامادەکاری بەڕێوەچوو، ئامانجی کۆبوونەوەکە بۆ دیاریکردنی کاتی کۆنگرەکەو دروستکردنی کۆمیتەیەکە بۆ باسکردنی پرسەکانی ژنانی کورد. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نوێنەری پارتی بەشداری لەو کۆبوونەوەیە نەکردووە و تاوەکو ئێستاش دیار نییە بەشداری کۆنفرانسەکە دەکات یان نا .ئەم کۆنگرە پێشتر لە ساڵی 2010دا لە ئامەد کراوە، لە هەولێریش 2012 ئەنجامدراوە، بڕیاریش بوو دوو ساڵ جارێک بکرێ، بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە دواکەوت.

# یەکێک لە مامەکانی تۆمەتبارە بە کوشتنی ڕۆژین

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژین سەفەر، تەمەن 17 ساڵان، لەناو ماڵی خۆیاندا لە شارۆچکەی سۆران بە چوار چەقۆ لە مل و سکی دەدرێت و دواتر دەخنکێنرێ، پۆلیس چەند کەسێک بەو تۆمەتە دەستگیر دەکات کە یەکێکیان مامی خۆیەتی.

دوای ئەوەی لە ڕۆژی 2017/7/3 خێزان و کەسوکاری ڕۆژین بۆ هێنانەوەی تەرمی نەنکی و بەخاکسپاردنی ماڵ بەجێدەهێڵن، ڕۆژین بەهۆی ئەوەی کە قوتابیی قۆناغی نۆی بنەڕەتی بووە و خەریکی خۆئامادەکردن بووە بۆ تاقیکردنەوە، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، بڕیار بووە شەو بچێتە ماڵی مامی، بەڵام دوای کاژێر 11ی شەو لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا بەر چەقۆ دەدرێت و دەکوژرێت.

لەکاتێکدا بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران دەڵێن هێشتا خەریکی لێکۆڵینەوەن لە ڕووداوەکە و خێزانەکەی سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، کەسێک بەناوی (د.ئا) کە مامی ڕۆژینە و پۆلیسی هاتوچۆیە، لەلایەن ئاسایشی سۆرانەوە دەستگیرکراوە، لەکاتی گوتە وەرگرتنیشدا چەند جارێک قسەی خۆی گۆڕیوە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە ئاسایشی سۆرانەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ قسەیەک لەسەر دەستگیرکردنی مامی بکەن بەبیانووی ئەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە لەلای بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سۆرانە.

ملازم شیروان خالید، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سۆرانیش تەنیا ئەوەندەی گوت کە "کەیسەکە لای ئاسایشی سۆرانە و هێشتا نەهاتووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان، بەڵام ئاگادارین لە دەستگیرکردنی کەسێک و لە ئایندەیەکی نزیکدا کەسەکە و هۆکاری کوشتنی ڕۆژین ئاشکرا دەکەین".

سەردار ئەنوەر، مامی ڕۆژین کە پێشتر لەڕێی ڕووداوەوە داوای دۆزینەوەی بکوژی برازاکەی و هۆکاری کوشتنی ڕۆژینی کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکوو کاتی دادگاییکردنی براکەم لەسەر ئەم کەیسە هیچ شتێک ناڵێم و پێویستە باوکی قسە بکات".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە باوکی ڕۆژینەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەی نەدایەوە.



پۆلیس : لە ئایندەیەکی نزیکدا هۆکاری کوشتنی ڕۆژین ئاشکرا دەکەین

## 9 کەس لەسەر دۆسیەکەی دەستگیرکراون

# 16 ڕۆژە تەرمی ژنێک لە دادپزیشکی سلێمانییە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

زیاتر لە دوو هەفتەیە تەرمی ژنێک لە پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانییە و هێشتا کەسوکارەکەی نەهاتوون بۆ بردنەوەی، ئەو ژنە کە خەڵکی هەولێرە، مانگی ڕابردوو لەگەڵ هاوژینەکەی لەلایەن کەسوکاری ژنەکەوە درانە بەر چەقۆ و کوژران.

ڕۆژی 2017/6/24 تەرمی ژن و پیاوێک بەناوەکانی (و.م) (و.ش) لە شوقەیەکدا دۆزرانەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، ئەو ژن و مێردە کە خاوەنی دوو منداڵ بوون، بە چەقۆ لەلایەن کەسوکاری ژنەکەوە کوژراون. کوشتنی ژن و مێردەکە پەیوەندی بە کێشەیەکی پێشووتری کۆمەڵایەتییەوە هەبووە. دوای ڕووداوەکە کەسوکاری پیاوەکە تەرمەکەیان لە دادپزیشکی وەرگرتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 16 ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەدا هێشتا کەس نەهاتووە تەرمی ژنەکە بباتەوە.

(و.م) و (و.ش) خەڵکی شاری هەولێر بوون و پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، ساڵی 2012 سەری خۆیان هەڵدەگرن و چەند شوێنێک دەکەن، تا دواجار لە سلێمانی نیشتەجێ دەبن.

(ت.ن) کە ئاگاداری کێشەی ئەو ژن و مێردەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەکاتێکدا (و.م) مێردی هەبووە و دایکی پێنج منداڵ بووە، بەڵام لەگەڵ (و.ش) لە پەیوەندییەکی سۆزداریدا بوون، ئەو ژنە چەند جارێک ویستوویەتی لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام هاوژینەکەی ئامادە نەبووە لێی جیاببێتەوە، بۆیە لەگەڵ (و.ش) پلانی هەڵهاتن دادەنێن، سەرەتا بەرەو ڕانیە هەڵهاتوون، بەڵام بەهۆی مەترسیی دۆزینەوەیان، زوو زوو شوێنی خۆیان گۆڕیوە، دواجار لە شوقەیەکی گەڕەکی بەختیاری لە سلێمانی نیشتەجێ دەبن".

(ت) باسی لەوەش کرد کە خێزانی (و.ش) چەند جارێک لەگەڵ بنەماڵەی (و.م) تووشی کێشە بوون، بەهۆی ئەوەی کوڕەکەیان بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی ئەوان کچەکەیانی بردووە، بەڵام ماڵی کوڕەکە خۆیانی لێ بێبەری دەکەن، ماڵی ژنەکەش بەهەمانشێوە پشتگیری لە هاوژینی یەکەمی (و.م) دەکەن و حەقیان بە هاوژینی یەکەمی داوە، چونکە بەبێ جیابوونەوە هەڵهاتووە و لای مامۆستای ئاینی مارە کراوەتەوە بەبێ ئەوەی ژنەکە ئاشکرای بکات کە منداڵ و مێردی هەبووە.

دوای ڕووداوەکە، سەرەتا پۆلیس حەوت کەس و دواتریش دوو کەسی دیکەی دەستبەسەر کرد، لەنێویشیاندا دوو برای هەردووکیان و هاوژینی پێشووی ژنەکە کە هەرسێکیان لە هەولێر بە هەماهەنگیی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی دەستگیرکران. جگە لەو سێ کەسە، دراوسێیەکی پێشوویان و شەش کەسی دیکەش لە سلێمانی کە گومانلێکراون، لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەوانە یەکێکیان عەرەبە و دراوسێی ژن و پیاوەکە بووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ژن و پیاوە خەڵکی هەولێرن، ماوەی شەش مانگ بوو هاتبوونە سلێمانی و لە شوقەیەکدا لە گەڕەکی بەختیاری نیشتەجێ بوون، بە تۆمەتی کوشتنیشیان نۆ کەس دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە".

پێشتریش کەسوکاری پیاوەکە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاندبوو، پەیوەندییان لەگەڵ کوڕەکەیان نەماوە، دوای کوژرانیشیان، لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراونەتەوە، بۆیە نازانن چۆن و کێ ئەوانی کوشتووە، ئەوان تەنیا زانیویانە کە چەند مانگێکە (و.م) و (و.ش) لە سلێمانی نیشتەجێبوون و (و.ش) کاری نانەوایی کردووە، هەر بۆیە دوای ڕووداوەکە چوونەتە سلێمانی و تەرمی کوڕەکەیان وەرگرتووەتەوە.

دکتۆر محەممەد نوری، پزیشک لە پەیمانگای دادی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "کەسوکاری پیاوەکە تەرمی (و.ش)یان بردووەتەوە، بەڵام هێشتا تەرمی ژنەکە لە دادپزشکی ماوەتەوە و هیچ کەسێک لە کەسوکارەکەی لێیان نەپرسیوەتەوە، بۆیە ئێمە ماوەی 60 ڕۆژ دەوەستین و تەرمەکە لەلای خۆمان دەهێڵینەوە، ئەگەر کەس نەهات بۆ بردنەوەی، دادوەر بڕیار دەدات ڕادەستی شارەوانیی سلێمانی بکەین و لەلایەن شارەوانییەوە بەخاک دەسپێردرێ".



هاوسەرگیری ئەو ژن و پیاوە بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاریان بووە

# لەترسی بڵاوبوونەوەی وێنەکانی، خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

هەوار ماوەی 24 ڕۆژ لە نەخۆشخانە بەدەم ئازاری برینەکانی سووتانەکەیەوە هاواری کرد و هەر لە نەخۆشخانە سەری نایەوە. ئەو ماوەیە بەردەوام داوای لە دایکی دەکرد لە مافی دڵە بریندارەکەی و جەستە سووتاوەکەی خۆشنەبن.

ڕۆژی 2017/6/8 کچێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی هەوار جاسم قاسم، تەمەن 26 ساڵ، لە ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی کێوەڕەشی قەزای ڕانیە، نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. هەوار پێش ئەوەی گیانی دەربچێ سکاڵای لەسەر کوڕێک تۆمار کردووە بەناوی (ر.ع) کە پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە.

ژیان محەممەد، دایکی هەوار کە بەرگی ڕەشی بۆ مەرگی کچەکەی پۆشیوە، زوو زوو کچەکەی دەلاواندەوە و دەیگوت: "زۆر بە ناز پەروەردەم کرد، زۆر بە شەرم و حەیا بوو".

ژیان دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ کچەکەی هاوڕێیانە بووە، بۆیە هەموو شتێکی خۆی بۆ باسکردووە. ئەو گوتی "کچەکەم پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبوو، بەڵام کاتێک زانیویەتی دەستی پێدەکات و بەڕاستی خۆشی ناوێ، هەوار ویستوویەتی کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان بهێنێ، بەڵام ئەو کوڕە هەڕەشەی لێکردووە کە دەبێت بەردەوام بێ لەگەڵی، پێیگوتبوو دەستکاری وێنەکانت دەکەم و بڵاوی دەکەمەوە. تەنانەت هەڕەشەی ڕفاندنیشی لێکردبوو، هەروەها پێیگوتبوو شوو بە هەر کەسێک بکەی ژیانی تۆ و ئەویش تاڵ دەکەم".

ژیان باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کچەکەی، خۆی سووتاندووە و دەڵێت "ڕەمەزان بوو، کچەکەم بە ڕۆژوو بوو، زۆر قەلەق دیار بوو، هەر دەهات و دەچوو، بە تەلەفۆن هەر هاواری دەکرد، زۆری پێنەچوو قیژاندی، کە چوومە دەرەوە بینیم ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە".

ژیان پێیوایە تاکە هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەی، هەڕەشەکانی ئەو کوڕە بووە کە پەیوەندی لەگەڵ هەوار هەبووە، لە نەخۆشخانەش بە دایکی گوتبوو ئەو کوڕە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی کردووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

سەبارەت بە هەڵوێستی کەسوکاری کوڕەکەش، ژیان گوتی :"کەسوکارەکەی خۆیان لە مەسەلەکە نەکردووەتە خاوەن، تەنانەت تەلەفۆنێکیشیان نەکرد. نەهاتنە پرسەکەی، ئەگەر بشهاتبان دەرمدەکردن".

شیلان کە پوورزای هەوارە، لە نەخۆشخانە سێ شەو لەلای بووە، دەڵێت "هەوار لە نەخۆشخانە پێیگوتم کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، چەند جارێک داوای لە کوڕەکە کردبوو بچێتە خوازبێنی، بەڵام کوڕەکە هەر جارێک بە بیانوویەک خۆی لێ دزیبووەوە، بۆیە هەوار وای دەزانی ئەو کوڕە بەڕاستی خۆشی ناوێت و داوای لێکردبوو کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان بهێنن، بەڵام کوڕەکە هەڕەشەی لێکردبوو ئەگەر وازی لێ بهێنێ، بە فۆتۆشۆپ دەستکاری وێنەکانی دەکات و بڵاویان دەکاتەوە، ئەویش لە داخان خۆی سووتاند".

شیلان دەڵێت هەوار لە نەخۆشخانە بەردەوام دەیگوت پەشیمانە لەوەی خۆی سووتاندووە "دەیگوت زۆر پەشیمانم و کارێکی زۆر هەڵەم کرد کە ئاگرم لە خۆم بەردا، دوعام بۆ بکەن زوو چاک ببمەوە و دەست بە ژیانێکی نوێ بکەمەوە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، سەبارەت بە خۆسووتاندنی ئەو کچە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کچە خوێندکاری قۆناغی سێی پەیمانگەی کۆمپیوتەر بوو، لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، دەرکەوت نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە. ڕێژەی سووتانەکەی 50% بوو، بۆیە بەڕێمانکرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام ڕۆژی 2017/7/2 لەوێ گیانی دەرچوو".

دوای ڕووداوەکە، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بەدواداچوونیان کردووە و دەرکەوتووە ئەو کچە بەهۆی ئەوەی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی لێکراوە، خۆی سووتاندووە.

ملازم ڕێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کچە چەند وێنەیەکی لەلای کوڕێک بووە، کوڕەکەش هەڕەشەی لێکردووە دەستکاری وێنەکانی دەکات و بڵاویان دەکاتەوە، بۆیە لە ترسی بڵاوبوونەوەی وێنەکانی، خۆی سووتاندووە".

بە گوتەی بەرپرسەکەی پۆلیس، کچەکە ئەوکاتەی لە نەخۆشخانە بووە سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار کردووە، بۆیە پۆلیس بە بڕیاری دادوەر بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە هاندان بۆ خۆکوشتن، کوڕەکەی دەستگیر کردووە. کوڕەکە لە لێکۆڵینەوەی بەرایی پۆلیسدا گوتوویەتی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچەکەدا هەبووە، بەڵام ڕەتیکردووەتەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی لێ کردبێ.



## لە گوندێکی ئاکرێ دوو کەس دەکوژرێن

**ڕووداو- ئاکرێ**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/7 لە گوندی باژێرانی سەر بە قەزای ئاکرێ شەڕەتەقە لەنێوان دوو بنەماڵەی سەر بە هۆزەکانی هەرکی و زێباری ڕوویدا. بەو هۆیەشەوە دوو کەس کوژران و سێی دیکەش بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکان سەرەتا شەڕەکە لەنێوان دوو کەس لەسەر جۆگەیەکی ئاو دروست بووە، پاشان گەورە بووە و شەڕەتەقەی تێکەوتووە و دوو کەس کوژراون، یەکێک لە کوژراوەکان هەرکییە و یەکێکیشیان زێبارییە. عەزیز عەلی، یەکێک لە گەورەپیاوانی هۆزی هەرکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کێشەکە لەسەر جۆگەیەکی ئاو دروست بووە، ژمارەی قوربانیانیش دوو کوژراو و دوو بریندارە.



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (464) - دووشەممە 2017/7/10

## نۆ کەس دەستگیرکراون

# دوو برا لە ناحیەی ڕزگاری کوژران

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە گەڕەکی ئاوباریکی ناحیەی ڕزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلار، کێشەیەکی کۆنی نێوان دوو بنەماڵە زیندوو دەبێتەوە و شەڕ لە نێوانیان دروست دەبێ و بەو هۆیەوە دوو برا دەکوژرێن. دوای ڕووداوەکەش پۆلیس نۆ کەس دەستگیر دەکات کە یەکێکیان بکوژی دوو براکەیە.

مێژووی کێشەی نێو ئەو دوو بنەماڵەیە بۆ نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی بەهۆی کێشەی زەویوزارەوە دوو بنەماڵەکە بەشەڕدێن. لەو شەڕەدا کەسێک بەناوی (ع.ق) و کوڕێکی هێرش دەکەنە سەر بنەماڵەکەی دیکە و پیاوێک بەناوی (ئا.ب) لەو بنەماڵەیە دەکوژن. دوای ڕووداوەکە پۆلیس باوک و کوڕەکە دەستگیر دەکات، دواتر بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی، هەردووکیان حوکم دەدرێن.

بەڵام کوڕی کوژراوەکە کە تەمەنی 23 ساڵانە، دەست هەڵناگرێت و دەیەوێ تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە، بۆیە ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/6 بە چەکەوە هێرش دەکاتە سەر ماڵی (ع.ق)، لەوکاتەدا ئەوان خەریکی نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەن و چەند کرێکارێکیش کاری تێدا دەکەن، (ئا.ئا) دەستڕێژی گوللە لە ماڵەکە دەکات و بەو هۆیەوە دوو برا، بە ناوەکانی (زانا.ع) و (دانا.ع) کە کوڕی بکوژی باوکی (ئان)، بریندار دەکات، دوای ماوەیەکی کەم زانای تەمەن 31 ساڵان گیانی دەردەچێ و دانای تەمەن 16 ساڵانیش بە سەختی بریندار دەبێت و دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە ئەویش دەمرێ، هەر لە ڕووداوەکەدا ئاسنگەرێک لەگەڵ کوڕەکەی کە لە خانووەکەدا کاریان دەکرد، بریندار بوون. دوای ڕووداوەکەش تۆمەتبارەکە هەڵات.



کەسوکاری بکوژ و کوژراوەکان نایانەوێ لەوە زیاتر خوێن لەنێوانیان برژێ

سامان قادر، برای هەردوو کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "نازانم چی بڵێم برا و باوکم لە زیندانن و حوکمدراون، دوو برام کوژراون. ئێمە ڕازیبووین بە چارەسەرکردنی کێشەکە لەلایەن یاساوە. باوک و براکەم دەستگیرکران، کەچی وایان بەسەرهێناین".

سامان قادر هەرچەندە باوک و برایەکی لە زیندانە و دوو براشی کوژراون، بەڵام دەڵێت بیر لە تۆڵەکردن ناکەنەوە و نایانەوێ لەوە زیاتر خوێن برژێ، چاوەڕێن یاسا کاری خۆی بکات و بکوژی دوو براکەی سزا بدات.

کەسوکاری ئەو گەنجەی ئەو دوو برایەی کوشتووە، دەڵێن هەرچەندە بنەماڵەی دوو برا کوژراوەکە دەستپێشخەر بوون، بەڵام نیگەرانن لەو ڕووداوە و حەزیان نەکردووە دوژمنارییەکە نوێ ببێتەوە.

کەسێکی نزیک لە خانەوادەی (ئا.ب) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە زۆر دڵگرانین بەو ڕووداوە، هەرچەندە سەرەتا ئەوان کەسێکیان لەم بنەماڵەیە کوشتووە، بەڵام یاسا سزای داون". دەشڵێت "ئەو کەسەی ئەم کارەی کردووە، کوڕی کوژراوەکەیە و لە تۆڵەی باوکی تاوانەکەی کردووە، بەڵام ئێمە پێمانوایە کارێکی هەڵەی کردووە".

بە گوتەی ئەو کەسەی بنەماڵەی تۆمەتبارەکە، سەرەتا تۆمەتبارەکە هەڵهاتبوو بۆ دەربەندیخان، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون خۆی حەشار بدات و داوایان لێکردووە خۆی بداتە دەست هێزە ئەمنییەکان.

سەبارەت بە بەشداریکردن لە پرسەی ئەو دوو گەنجە، یان پەیوەندی پێوەکردنیان، ئەو کەسە گوتی "بەهۆی دڵگەرمیی بنەماڵەی کوژراوەکان بەشداریمان لە پرسەکەیان نەکرد، چەند کەسێکمان ڕاسپاردووە تا هاوخەمیمان بگەیەننە ئەوان، ئێمە نامانەوێ لەوە زیاتر خوێن برژێ و کەسی دیکە ببێتە قوربانی".

لەبارەی ڕووداوەکەوە، ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 2017/7/6 بەهۆی کێشەی زەویوزار لەنێوان دوو بنەماڵە کەسێک دەستڕێژی گوللەی کردووە، بەو هۆیەشەوە دوو برا لە بنەماڵەکەی دیکە کوژران و باوک و کوڕێکی ئاسنگەر کە لەو خانووە کاریان دەکرد، بریندار بوون".

گوتەبێژی پۆلیس گوتیشی "کەسی تۆمەتبار کە کوڕێکی تەمەن 23 ساڵانە، بە هاوکاریی پۆلیس و ئاسایش دەستگیرکراوە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی زیندانی کراوە، جگە لە ئەویش هەشت کەسی دیکە دەستگیرکراون".

## دواتر خۆیشی کوشت

# گەنجێک خۆشەویستەکەی لە مۆتێلێکدا دەکوژێ



دایکی زەهرا ڕێگر بوو لەوەی کچەکەی شوو بە کوڕە کوردێک بکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر، دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێ لە ڕازیکردنی دایکی ئەو کچەی کە خۆشی دەوێ تاوەکوو کچەکەی بداتێ، لە مۆتێلێکدا کچەکە دەکوژێ و دواتر خۆیشی دەکوژێ.

(زەهرا.ه.م) کچێکی عەرەبی خەڵکی فەللوجە بوو، دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارە بوون و لە یەکێک لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەولێر نیشتەجێ بووبوون، ڕۆژی 2017/7/2 لەلایەن کوڕێکەوە بەناوی محەممەد کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵی هەبوو، کوژرا. دواتر کوڕەکە خۆیشی کوشت.

### چۆن یەکدییان ناسی؟

(و.م) دایکی زەهرایە و خاوەنی چوار منداڵە، هاوژینەکەی لە پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقدا لە ساڵی 2003 کوژراوە. زەهرا منداڵی دووەمی بووە و تەمەنی 20 ساڵان بوو، قوتابیی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی بوو.

(و) دەڵێت "کە هاتینە کوردستان، لە یەکێک لە کۆمەڵگەکانی هەولێر لەگەڵ منداڵەکانم نیشتەجێبووین، لە کۆمەڵگاکەدا کوڕێکی کورد بەناوی محەممەد هەبوو، سەرتاشی کوڕە بچووکەکەمان بوو، لەو ڕێگەیەوە خێزانی ئێمە و کچەکەمی ناسی".

دایکی زەهرا دەڵێت: هەرگیز پێشبینی نەکردووە کچەکەی بەو شێوەیە لەلایەن ئەو کوڕەوە کە خۆشیدەویست، بکوژرێ. ئەو دەڵێت "تاوەکوو ئێستاش وا هەست دەکەم خەون دەبینم".

دوای ئەوەی محەممەد پەیوەندی لەگەڵ زەهرا دادەنێ، داوای لێدەکات شووی پێ بکات، زەهرا ڕازی دەبێ، بەڵام دایکی ڕێگر دەبێ. دایکی زەهرا ئەوەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "محەممەد داوای هاوسەرگیری لە کچەکەم کردبوو، بەڵام من لە سەرەتاوە ڕازی نەبووم، چونکە ئێمە ئاوارە بووین لە کوردستان، هیچ شارەزاییەکمان لە کولتوور و ژیانی ئێرە نەبوو. بێجگە لەوەش کچەکەم تەمەنی تەنیا 20 ساڵ بوو، قوتابی بوو، ئامانجی گەورەی هەبوو لە ژیان، چونکە ئێمە خانەوادەیەکین هەموومان خاوەن بڕوانامەی بەرزین".

بە گوتەی دایکی زەهرا، سەرەتا کچەکەشی ڕازی نەبووە شوو بەو کوڕە بکات. دایکی زەهرا دەڵێت "کچەکەم ڕازی نەبوو، بەڵام محەممەد وازی نەدەهێنا و ماوەی دوو ساڵ بەردەوام داوای دەکرد و ئێمە هەر ڕەتماندەکردەوە. تا دواجار کچەکەم کەوتە داوی خۆشەویستیی محەممەدەوە".

### چۆن کوشتی؟

دایکی زەهرا کە هێشتا شۆکی مردنی کچەکەی بەرینەداوە، باسی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە کە کچەکەی لەلایەن محەممەدەوە کوژرا و دەڵێت "ئێمە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش چووین بۆ گەڕان بۆ شەقڵاوە، دواتر گەڕاینەوە مۆتێلێکی شاری هەولێر. محەممەد بە نهێنی هاتبووە مۆتێلەکە. لەناکاو نازانم چی ڕوویدا، کاتێک بانگیان کردم بینیم کچەکەم شەڵاڵی خوێنە. محەممەد گوللەیەکی لەسەری دابوو، دواتر خۆیشی کوشتبوو".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بەهۆی ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا محەممەد بەردەوام چووەتە خوازبێنی زەهرا، بۆیە خێزانەکەی بێزار دەبن و بڕیار دەدەن هەولێر جێبهێڵن. وەک کەسێکی ئاگادار لە دۆسیەکە بە (ڕووداو)ی گوت "محەممەد بەردەوام دەچووە خوازبێنی زەهرا، دایکی زەهراش ڕازی نەدەبوو، بۆیە بڕیاریاندا هەولێر بەجێبهێڵن و بچنە شەقڵاوە".

بە گوتەی ئەو کەسە، ئەوان لە شەقڵاوە مۆتێلێکیان بەکرێ گرتبوو لەوێ دەژیان، بەڵام محەممەد دەچێت و پێیاندەڵێت زەهرا تاقیکردنەوەی هەیە و نامەوێت خوێندنەکەی لەدەستبچێت، بۆیە ئێوە بگەڕێنەوە هەولێر، ئەوانیش ڕازی دەبن و دەچنە مۆتێلێک لە شاری هەولێر، تاوەکوو تاقیکردنەوەی زەهرا تەواو دەبێت. دواتر شەوێک محەممەد دەچێتە مۆتێلەکە و بە کچەکە دەڵێت دەمەوێت بەتەنیا قسە بکەین، دوای ئەوەی لەگەڵ کچەکە دادەنیشێت، دەمانچەکەی دەردەهێنێ، سەرەتا زەهرا دەکوژێت، ئینجا خۆی".

دوای ئەو ڕووداوە خێزانەکەی زەهرا بە ناچاری دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان. دایکی زەهرا دەڵێت "دوای ڕووداوەکە تەرمی کچەکەمم بردەوە بۆ فەللوجە و لەوێ ناشتم. دوای کوژرانی کچەکەم ئیقامەمان لە هەولێر لێسەندرایەوە، بۆیە ناچاربووین بگەڕێینەوە فەللوجە، ئێستا لەگەڵ ماڵی باوکم دەژین".

کەسێکی نزیک لە محەممەد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیکردەوە محەممەد بەزۆر لەگەڵ زەهرا بووبێت، بەڵکو ئەو کەسوکاری زەهرا بە هۆکاری ڕووداوەکە دەزانێت و دەڵێت "محەممەد و زەهرا یەکدییان خۆشویستووە، بەڵام دایکی زەهرا بەهۆی ئەوەی ڕازی نەبووە، ئەو ڕووداوە تراژیدییەی لێکەوتەوە، بۆیە ئەوان هۆکاری ئەو ڕووداوە بوون". دەشڵێت "کەسوکاری محەممەدیش حەزیان نەدەکرد کەسێکی نەناس بێتە ناویانەوە، بەڵام لەبەر دڵی کوڕەکەیان ڕازی بوون. بەداخەوە محەممەد نەیتوانی دەستبەرداری ئەو کچە ببێ، بۆیە وای بەسەر خۆی و کچەکە هێنا".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "شەوی 2017/7/2 پاش ئاگادارکردنەوەمان لە حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتن، تیمی بەڵگە و تاوان بە هەماهەنگیی پۆلیسی بەڵگە و تاوان چوونە شوێنی ڕووداوەکە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت گەنجێک بەهۆی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کچێک، دوای ئەوەی لە مۆتێلێکدا یەکدی دەبینن، کچەکە لەلایەن کوڕەکەوە بە گوللەیەکی دەمانچە کوژراوە. دواتر کوڕەکە خۆیشی کوشتووە".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# سێکسی دواوە ناپاکییە

ساڵێک دانی بەخۆیدا گرت، بەڵام چیدی بەرگەی ئەو تەکلیفەی مێردەکەی نەگرت کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕێگەپێدراو نییە و زانستی پزیشکیش بە پەسەندی نازانێ، بۆیە سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد.

ئەوەی لەو گۆشەیەدا باسی دەکەین دۆسیەی ژنێکە کە بە تۆمەتی ئەوەی لەدواوە سێکسی لەگەڵ کردووە، سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد. ئەو ژنە بۆی باسکردین کە چەند ساڵێکە شووی کردووە، دوو منداڵی هەیە، دوو ساڵ هاوژینەکەی لەگەڵی هەوڵی داوە لەدواوە سێکسی لەگەڵ بکات، سەرەتا ڕازی نەبووە، بەڵام دواتر ملی بۆ داوای هاوژینەکەی داوە، بۆ ماوەی ساڵێک لەدواوە سێکسی لەگەڵ کردووە. ئەو ئافرەتەکە دواتر پرسیاری ئەو جۆرە سێکسکردنەی لە خەڵکی دیکە کردووە و پێیانگوتووە حەرامە و خراپیشە ڕەنگە تووشی نەخۆشی ببی، بۆیە ژنەکە چیدی ڕازی نابێت هاوژینەکەی بەو جۆرە سێکسی لەگەڵ بکات.

ئەو ژنە زۆر هەوڵی لەگەڵ هاوژینەکەی داوە کە واز لەو خووەی بهێنێ، بەڵام ئەو سوور بووە لەسەر ئەوەی لەدواوە سێکسی لەگەڵ بکات. وەک ژنەکە دەگێڕێتەوە، چەند جارێک بە زۆر بەو جۆرە سێکسی لەگەڵ کردووە، تا وای لێهات بە پەت دەیبەستایەوە، ئینجا سێکسی لەگەڵ دەکرد، بەو هۆیەوە جارێکیان ژنەکە ئازاری زۆری پێدەگات و تووشی خوێنبەربوون دەبێ، کاتێکیش بۆ چارەسەر دەچێتە نەخۆشخانە و هەڵسوکەوتی مێردەکەی بۆ پزیشکە ئافرەتەکان باس دەکات، یەکسەر ڕاپۆرتێکی پزیشکی بۆ دەنووسن و ئامۆژگاریی دەکەن سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی تۆمار بکات. ژنەکە بڕیار دەدات چیدی خۆی نەکاتە قوربانی ئارەزوو و هەوەسەکانی هاوژینەکەی، بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات.

کاتێک دۆسیەی ئەو ژنە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی کرا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هاوژینەکەی دەرچوو، بەپێی مادە 7 لە یاسای ژمارە هەشتی 2011 ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

وەک لە یاساکەدا هاتووە، بەزۆر سەرجێیکردنی هاوسەرێتی، جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی، بکەرەکەی سزا دەدرێت بە ماوەیەک بەندکردن کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ، هەروەها بە بڕە پارەیەک غەرامە دەکرێ کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

هەروەها یاسای باری کەسێتی عێراق کە لەساڵی 1959 دەرچووە و لە ساڵی 2015 پەرلەمانی کوردستان هەمواری کردووەتەوە، دەڵێت ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات ئەگەر هاوژینەکەی لە دواوە سێکسی لەگەڵ کرد. وەک لە بڕگە دووی مادده 40ی یاساکەدا هاتووە "دادگا هاوژینەکان لێک جیادەکاتەوە، ئەگەر یەکێک لە هاوژینەکان ناپاکیی هاوژینی بکات، هەروەها جووتبوونی پیاو لەگەڵ ژنەکەی لەدواوە، نێربازییە و بە ناپاکی هاوژینی ئەژمار دەکرێ".

لە هەرێمی کوردستان داواتۆمارکردن لەسەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە زۆر کەمە، چونکە هەندێک لە ئافرەتان شتێک پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێ پێیان شەرمە باسی بکەن. زۆر لە ئافرەتان کە سکاڵا تۆمار دەکەن دەڵێن هاوژینەکانیان وەکو کاڵایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و هەمیشە دەیانەوێ بەو جۆرە سێکسیان لەگەڵ بکەن کە خۆیان دەیانەوێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# ئەو ژنە ئێزدیانە دەبەنە دەرەوە کە منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

هەندێک لەو ئافرەتە کوردە ئێزدییانەی لە دەستی داعش رزگارکراون، منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە. ژمارەیەک لەوان لە ترسی کاردانەوەی کەسوکاریان، ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن و بگەڕێنەوە ناو کەسوکاریان، بۆیە رێکخراوێک هەوڵ دەدات ئەو ژنانە راستەوخۆ دوای ئازادکردنیان بگەیەنێتە وڵاتانی ئەوروپا.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، ژمارەیەک لەو ژنانەی لە کاتی پەلامارەکەی داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014 رفێنراون و دواتر کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە و وەکو کۆیلەی سێکس مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، ئێستا منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە و ئێستا ناتوانن دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن.

جگە لەو ژنە ئێزدییانە، هەندێک لە ژنانی عەرەبیش لە مووسڵ کە بەشێکیان بەمدواییە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، منداڵیان لەو چەکدارانە هەیە، زۆربەی چەکدارەکانیش لە شەڕی مووسڵدا کوژراون.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری کەیسی ئەو ژنە ئێزدیانەیە، بە (رووداو)ی گوت "ئاگاداری دۆسیەی چەند ئافرەتێکی کوردی ئێزدین کە بە زۆر ناچارکراون منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەبێ. هەندێک لەو ئافرەتانە دوای رزگاربوونیان دەستبەرداری منداڵەکان بوون و بەجێیانهێشتوون، بەڵام بەشێکیان ناتوانن دەستبەرداریان ببن".

سەرچاوەکە باسی کەیسی ژنێک دەکات و دەڵێت "مانگێک لەمەوبەر دوو ئافرەتی کوردی ئێزدی لە رەققە رزگارکران، هەر یەکێکیان دوو منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەبوو، یەکێکیان تەمەنی 23 ساڵ بوو، بۆی باسکردین کە دوای ئەوەی رفێندراوە، لە چەکدارێکی داعشی تونسی مارە کراوە، دوو منداڵی لە چەکدارەکە بووە، چەکدارەکە سێ مانگ لەمەوبەر کوژراوە، کاتێک رزگاری بووە زۆر دوودڵ بووە، بەڵام دواجار منداڵەکانی لەگەڵ خۆی هێناون و دڵی نەهاتووە لەوێ بەجێیان بهێڵێ". ئەو ژنە ئێستاش دەستبەرداری منداڵەکانی نەبووە و بە سەرچاوەکەی (رووداو)ی گوتووە دەیەوێ منداڵەکان گەورە بکات.

ئێستا چەند رێکخراوێکی بیانی کار لەسەر دۆسیەی ئەو جۆرە ئافرەتانە دەکەن، هەر ئافرەتێک لە دەستی داعش رزگار ببێ و بزانن منداڵی لە چەکدارانی داعش هەیە، رەوانەی وڵاتانی ئەوروپای دەکەن.

ئەو سەرچاوەیە باسی رەوانەکردنی ئەو منداڵ و ئافرەتانەی بۆ دەرەوەی وڵات کرد و گوتی: "وەکو کارێکی مرۆڤایەتی، چەند رێکخراوێکی بیانی یەکسەر ئەو ژن و منداڵانە دەبەنە دەرەوەی وڵات".

رێکخراوی ژیندا بۆ پاراستنی ژنانی زەرەرمەندی شەڕ، یەکێکە لەو رێکخراوانەی بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئەو ئافرەتانە دەکات کە لە چنگی داعش رزگاریان دەبێ. بەرپرسی رێکخراوەکە دەڵێت تاوەکو ئێستا هاوکاریی جۆراوجۆریان پێشکەش بە 900 ژنی رزگاربوو کردووە.

چیمەن رەشید، بەرپرسی رێکخراوی ژیندا بە (رووداو)ی گوت: "لە شەڕی داعشدا هەموو شت روویداوە، رزگاربووی کوردی ئێزدی هەبووە منداڵی چەکداری داعشی لە سکدا بووە، دوای رزگاربوونی هاواری کردووە ئەگەر نەشتەرگەریم بۆ نەکەن و ئەو منداڵە دەرنەهێنن، خۆم بەچەقۆ سکم هەڵدەدڕم و دەریدێنم".

چیمەن پێیوایە ئەو ژنانەی بەو جۆرەن هیچ تاوانێکیان نییە و دەبێ رەچاوی بارودۆخیان بکرێ، چونکە ئەوان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بە زۆر دووگیان کراون. گوتیشی "ئێستا ئەو منداڵانە جەرگی ئەو ژنانەن، زۆر زەحمەتە بتوانن دەستبەرداری جەرگی خۆیان ببن".

بەرپرسی رێکخراوی ژیندا پشتڕاستی کردەوە کە ئەو ژن و منداڵانە دەبرێنە دەرەوەی وڵات و گوتی: "نەک ئەو ژنانە، بەڵکو ئەو منداڵانەش دەنێردرێنە دەرەوە کە هەتیون و کەسیان نییە، بەڵام زۆرتر ئەو کەسانە دەنێردرێنە دەرەوە کە لێرە مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە".

ژنێک دوای رزگاربوونی هاواری کردووە:

**ئەگەر نەشتەرگەریم بۆ نەکەن و ئەو منداڵە دەرنەهێنن، خۆم بەچەقۆ سکم هەڵدەدڕم**

بەرپرسی رێکخراوێک:

**ئەو منداڵانە جەرگی ئەو ژنانەن، زۆر زەحمەتە بتوانن دەستبەرداری جەرگی خۆیان ببن**



ئافرەتێکی ئێزدی و منداڵەکەی کە باوکی منداڵەکە چەکدارێکی داعشی بەرەگەز لوبنانی بوو

# ژنانی داعش بە منداڵە ساواکانیانەوە خۆیان دەتەقێننەوە

هەڵۆ کاکەوەیس
رووداو- هەولێر

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، ژنە خۆکوژێکی داعش کە منداڵێکی ساوای لە باوەش بوو، خۆی بە هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا تەقاندەوە. ئەو ژنە بە منداڵەکەی باوەشییەوە وای نیشان دەدا کە لەترسی بۆردومان هەڵاتووە و دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ناوچەیەکی ئارام.

هێزە ئەمنییەکان دەڵێن ئەوان کێشەی پشکنینی ئەو ئافرەتانەیان هەیە کە لەژێر دەسەڵاتی داعش رادەکەن.

ئەم رووداوە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی کردەوە خۆکوژییەکانی داعشدا لە بەرامبەر نەیارەکانی، چونکە پێشتر کارکردنی ژن لەچوارچێوەی ماڵ و چەند کارێکی دەستەی پۆلیس و چاودێریکردنی ژنە زیندانییەکاندا بوو.

رائید ئەحمەد مەعمووری، ئەفسەر بە پلەی رائید لە هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق کە لەو هێرشەی ئافرەتەکەدا ئامانجە سەرەکییەکە بووە و ئێستا بریندارە، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە هێزەکانمان بەرەو نێو جەرگەی مووسڵی کۆن لە پێشڕەویدا بوون، دەیان خێزان بەرەوڕوومان هەڵدەهاتن. تێبینیمان کرد ژنێک کە منداڵێکی ساوای لەباوەش گرتووە، هەڵسوکەوتی ئاسایی نییە، لەوکاتەی قسەمان لەگەڵ دەکرد، دەستبەجێ خۆی تەقاندەوە".

بە گوتەی رائید ئەحمەد مەعمووری ئەو ژنە دوو جانتای لەشان بووە، دەستێکی پێچرابوو، هەستیان کردووە شتێکی نامۆ هەیە، بەڵام بەرلەوەی دەستگیری بکەن، خۆی تەقاندووەتەوە و بەو هۆیەشەوە شەش کارمەندی دژە تیرۆری عێراق بریندار بوون.

ئەو ئەفسەرە دەڵێت "هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ژنێک منداڵی لەباوەشدابێت و خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام داعش هەرچی سەیر و نامۆیە کردی".

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی فیدراڵی و دژەتیرۆر و بەرپەرچدانەوەی خێرا، مانگی رابردوو 38 ژن لە مووسڵ خۆیان تەقاندووەتەوە، هەفتەیەک بەر لەئێستاش ژنە خۆکوژێکی داعش لە کەمپێکی پەنابەران لە رۆژئاوای بەغدا 14 کەسی کوشت.

سەلام عوبێدی، فەرماندە لە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی دژەتیرۆری عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند: "حەوت هەوڵی ژنە خۆکوژەکانی داعشمان لە مووسڵ پووچەڵ کردوونەتەوە، بە دەیانیشیان خۆیان تەقاندووەتەوە".

سەلام عوبێدی دەشڵێت "ئەو خۆکوژانەی داعش ناچارمان دەکەن بەهەموو شێوەیەک رووبەڕوویان ببینەوە".

### کەتیبەی ژنە خۆکوژەکانی داعش

داعش دوو کەتیبەی بەناوەکانی خەنسا و ئوم رەیحان بۆ ژنە خۆکوژەکان لە سووریا دروستکردبوو. ئوم میقداد، بەرپرسی ژنە خۆکوژەکانی داعشە و تەمەنی 45 ساڵە، بە رەگەز سعودیە. ئوم هاجەریش بەرپرسی کەتیبەی خەنسایە و بە 60 ژنی راهێنراوەوە هاتە عێراق و بە رەگەز تونسیە.

چاودێرانی تەکتیکەکانی داعش دەڵێن ژن ئاسانتر لە پیاو جموجۆڵ دەکات و چاودێریکردنی ئاسان نییە، بۆیە ئاسانتر دەگاتە ئامانجەکانی. تۆ ناتوانی بزانیت چی لەژێر جلوبەرگەکانیدا حەشارداوە.

راپۆرتێکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەبارەی تیرۆرەوە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی ژنانی داعش تونسین.

### پشتێنێکی بۆمبڕێژ.. مارەیی ژنە خۆکوژەکان

ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی لیبیا لە دادگای شەرعیی شاری سرت دەستیان بەسەر چەند بەڵگەنامەیەکدا گرتووە، لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوتووە، مارەیی مەریەمی نەیجیری پشتێنێکی بۆمبڕێژکراو بووە کاتێک بووەتە هاوژینی ئەبو مەنسووری تونسی.

دوای راگەیاندنی خەلافەت لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە، بە سەدان بیانی لە کوڕ و کچ روویان لە سووریا و عێراق کرد. بەپێی مەزەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆی 4 هەزار بیانی 550 ژن لە تەواوی جیهانەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە کە لە 50 وڵاتی جیاوازەوە چوونەتە نێو داعش، تەمەنی ئەوانەش لە نێوان 16-24 ساڵ دەبێت.

فەرەنسا پشکی شێری بەرکەوتووە و زۆرترین ژن لەوێوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، بەجۆرێک رێژەکەی دەگاتە 40%، لەپاش ئەو بەریتانیا و ئەڵمانیا لەڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدان کە زۆرترین ژن لێوەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە.

**38** مانگی رابردوو ژن لە مووسڵ خۆیان تەقاندووەتەوە

فەرماندەیەکی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی دژەتیرۆری عێراق:

**حەوت هەوڵی ژنە خۆکوژەکانی داعشمان لە مووسڵ پووچەڵ کردوونەتەوە**



ئامانجی خۆتەقاندنەوەی ئەو ژنە، کوشتنی ئەفسەرێکی دژە تیرۆری عێراق بوو

## ئەنجوومەنێک بۆ ئێزدییەکان دادەمەزرێنێ

# حەشدی شەعبی بەرپرسە ئیدارییەکانی ناوچەی شنگال دەگۆڕێ

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

حەشدی شەعبی لە باشووری شنگال سەرقاڵی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنە. بەرپرسێکی کوردی ناو حەشدی شەعبی دەڵێت دوای دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە، سەرجەم بەرپرسە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دەگۆڕدرێن، چونکە بە گوتەی ئەو زۆربەیان پێشتر هاوکاریی داعشیان کردووە، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت حەشدی شەعبی بۆی نییە بەرپرس بگۆڕێ.

حەشدی شەعبی دەڵێن ئۆپەرسیۆنەکەیان لە رۆژئاوی مووسڵ کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێستا دەیانەوێ شوێنپێی خۆیان لەو ناوچانە قایم بکەن کە پێشتر رزگاریان کردووە، بە تایبەتی قەزای بەعاج، بۆیە ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی ئەنجوومەنێکن بۆ ئەو ناوچانە کە ناوچەی ئێزدین.

نایف جاسم، فەرماندەی کەتایبی ئێزدیخان لەنێو حەشدی شەعبی کە موختاری گوندی کۆچۆیە و سەرۆک هۆزی مەندکانە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا خەریکی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی سیاسیی ئیدارین بۆ ئەم ناوچانە، لە رێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە بەرپرسی نوێ بۆ یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دادەنێین، رێگە نادەین بەرپرسە کۆنەکان بگەڕێنەوە، چونکە کاتی خۆی خیانەتیان لێکردین و دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کرد".

بەڵام بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت: "حەشدی شەعبی ناتوانێ یەک بەرپرسی ئەو ناوچانە بگۆڕێ، چونکە لەڕووی یاساییەوە گۆڕینی هەر بەرپرسێکی پارێزگای نەینەوا لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگایە". کیکی بێئاگایی خۆی لەو نیازەی حەشدی شەعبی دەربڕی.

نزیکەی دوو مانگە حەشدی شەعبی ئەو ناوچانەی ئازادکردوونەتەوە، بەڵام هێشتا کەس نەگەڕاوەتەوە، قسەی جیاواز لەبارەی نەگەڕانەوەی ئەوان دەکرێ، نایف جاسم دەڵێت پێشمەرگە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بەرپرسە. ئەو گوتی "تاوەکو ئێستا تەنیا نۆ ماڵ گەڕاونەتەوە، چونکە رێگری لە گەڕانەوەی خەڵک دەکرێ، چیدی نابێ کورد رێگری لە گەڕانەوەی خەڵک بکات. ئەوان هەر بەوە نەوەستاون، بەڵکو دەیانەوێ ئەو گەنجانەش پەشیمان بکەنەوە کە هاتوونەتە ریزی حەشدی شەعبی، بۆیە ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین".

نایف جاسم لەسەرەتای هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال و دەوروبەری ئاوارەی شاری دهۆک بوو، دواتر چووە ئەڵمانیا، بەڵام دوای ئەوەی حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باشووری شنگالی راگەیاند، گەڕایەوە و یەکسەر سەردانی بەغدای کرد و پەیوەندی بە ریزەکانی حەشدی شەعبییەوە کرد و کەتیبەیەکیان بەناوی ئێزدیخان بۆ دامەزراند.

نایف باسی ئایندەی کەتیبەکەی دەکات و دەڵێت "بەرپرسە باڵاکانی حەشد لەم ناوچانە بۆ جەژنی رەمەزان گەڕابوونەوە ناوچەکانیان، بەمزووانە دێنەوە، لە سەربازگەی گەورەی شنگال سەرجەم هێزەکانمان دەست بە مەشق و راهێنان دەکەن".

حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنەکەیدا لە باشووری شنگال 13 گوند و چەند کۆمەڵگەیەکی ئێزدییەکان و 3 گوندی کوردی موسڵمانیان کۆنترۆڵ کردەوە. لە گرنگترین ئەو شوێنانەشی کۆنترۆڵیان کردەوە قەزای بەعاج بوو.

ئەبوو مەهدی ئەلموهەندس، فەرماندەی باڵای حەشدی شەعبی پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو، سەرجەم ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵیان کردوونەتەوە رادەستی خەڵکی ناوچەکەیان دەکەنەوە، بەڵام فەرماندەیەکی کوردی حەشدی شەعبی بە (رووداو)ی گوت کە حەشد بەڵێنەکەیان نەبردە سەر.

نایف جاسم لەوبارەیەوە دەڵێت: "حەشدی شەعبی جدین لە هاوکاریکردنی ئێمە، هەموو جۆرە چەکێکیان بەئێمە داوە، هەروەها بڕیاریانداوە مەشقمان پێ بکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین ناوچەکانمان بپارێزین".

لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا، ژمارەیەک کوردی ئێزدی چوونە ریزەکانی ئەوان. سەعید موراد کە ئەفسەرێکی پێشمەرگە بوو لە فەرماندەی شنگال و لەگەڵ 20 پێشمەرگە چوونە ریزەکانی حەشد، دواتر خۆی و 18 پێشمەرگە گەڕانەوە ریزەکانی پێشمەرگە.

سەعید موراد بە (رووداو)ی گوت "ئێمە نەچووبووینە ریزەکانی حەشد، تەنیا بۆ ئەوە چووین کە بەشداری لە رزگارکردنی ناوچەکانی خۆمان بکەین و ناوچەکانی خۆمان ببینین، دوای 25 رۆژ گەڕاینەوە، ئێستا هەموومان پێشمەرگەین".

سەعید موراد بە دووری زانی هەتا حەشدی شەعبی لەو ناوچانە بمێنن بگەڕێنەوە و گوتی "هەتا پێشمەرگە نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە و نەیانپارێزێ، کەس ناگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا:

**حەشدی شەعبی بۆی نییە هیچ بەرپرسێکی ئیداری بگۆڕێ**

بەرپرسی کەتائیبی ئێزدیخانی حەشدی شەعبی:

**بەمزووانە لە سەربازگەی کۆنی شنگال راهێنان دەکەین**

ڕووداو
ژمارە ( 464 ) - دووشەممە 2017/7/10

# کورد داهاتی "گەشتیاریی پزیشکی" لە ئێران بۆ 10 هێندە بەرز دەکەنەوە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- تاران، سلێمانی**

چەند کەسێک لەلایەن کارمەندانی فڕۆکەخانەوە هێنرانە نێو ئەو فڕۆکەیەی لە سلێمانییەوە بەرەو تاران دەفڕی، ئەوانە نەخۆش بوون و چاویان لە چارەسەرێکی باشتر بوو لە ئێران. لە گەڕانەوەشدا، جگە لەو جۆرە سەرنشینانە، خەڵکی دیکەش لە نێو فڕۆکەکەدا بوون کە توند نێوچەوانیان پێچابوو، سەریشیان پڕ برینی ورد ورد بوو، ئەوانە لە ڕوواندنەوەی قژ تەواو بووبوون و بەرەو کوردستان دەگەڕانەوە.

ئێستا بەشێکی بەرچاو لەوانەی نەخۆشن یان گومانی نەخۆشییان هەیە، بۆ دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشییەکەیان ڕوودەکەنە ئێران، بەشێکیان دەڵێن نائومێد بووینە لە پزیشک و نەخۆشخانەکانی کوردستان، بەشێکی دیکەش لە ناچاریدا دەچن، پزیشکانیش دەڵێن چاولێکەری و ڕۆڵی خراپی میدیا هۆکاری سەرەکین.

لەنێو فڕۆکەخانەی سلێمانی یاوەری یەکێک لە نەخۆشەکان باسی مەبەستی سەفەرەکەیانی بۆ (ڕووداو) کرد. ئەو بڕوای نەبوو ڕۆشتنەکەیان موعجیزە بێ و باوکی بگێڕێتەوە دۆخی جارانی "هەر دەبوو بڕۆین لەبەر قسەی خەڵکی، هەرچی دەهات، دەیگوت ئەی بۆ نایبەن بۆ ئێران؟ دەترسین بەو نەخۆشییە بمرێ و ببێتە نەنگییەکی گەورە کە نەمانبردووەتە دەرەوە".

(د.ش) پزیشکە و لە مەبەستی ئەو هاووڵاتییە باش تێدەگات، ئەو باوکی نەخۆشییەکی کوشندەی هەبوو کە لە هەموو جیهاندا هەمان چارەسەری هەبوو، بەڵام هێندە لە قسەی خەڵکی بێزار بووە، پەشیمانە لەوەی باوکی نەبردە دەرەوە و ئێستا لە ژیاندا نەماوە "ڕەنگە مردنەکەی باوکم هێندەی تانە و قسەی ئەو خەڵکە بە ئازار نەبووبێ، خۆ ناشکرێ یەک یەک بچی ئەو هەزاران خزم و کەسە تێبگەیێنی، بۆیە دەڵێم خۆزگە بمبردایە تەنانەت ئەگەر تاوەکوو سەرسنووریش بمایە".

ئێستا داهاتی "گەشتیاری پزیشکی" لە ئێران لە هەڵکشاندایە، بە جۆرێک بەپێی ئامارێک کە ئاژانسی دەنگوباسی فارس بڵاویکردەوە، لە ساڵی 2012دا ژمارەی ئەوانەی بۆ دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشی ڕوویان لە ئێران کردووە 30 هەزار کەس بووە، کەچی ساڵی 2015 بەپێی ئاژانسی ئیرنا ژمارەکە گەیشتە نزیکەی 200 هەزار کەس، بەگوتەی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، پلانیان هەیە ژمارەکە بگەیێننە 500 هەزار کەس! ئەوەش سەرچاوەیەکی باشی داهات دەبێ بۆ دەوڵەت.



● لە هەندێک نەخۆشخانەی دەرەوە چوار قات پارە لە نەخۆشی کورد وەرگیراوە

## نەشارەزایی گرفتی گەورەیە

بەشێک لە نەخۆشەکان بۆ هەندێک لە پشکنین و چارەسەری دەچن کە لە کوردستان نییە، ئەوانە لەلایەن پزیشکی کوردستانەوە ڕێنمایی دەکرێن و دەکرێ بگەنە شوێنی دروست، بەڵام هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کۆمپانیا و گرووپی گەشتیاری خەڵکی دەبەنە دەرەوە و بە وردی لە سرووشتی نەخۆشیی کەسەکە و ئەو نەخۆشخانەیەی دەبێت چارەسەری لێ وەربگرێ، شارەزا نین "من بۆ نەخۆشیی دەمار باوکم هێنا و ئێمەیان هێنایە لای پزیشکێکی نەشتەرگەریی گشتی، بەشێک لەو کۆمپانیا و گرووپانە تەنیا لە خەمی وەرگرتنی پارەی خۆیاندان و باکیان بە چارەنووسی نەخۆشەکە نییە" ئەوە گوتەی سامانە کە بە نائومێدییەوە لە تاران دەگەڕایەوە.

پزیشکێکیش ئاماژە بۆ بێسەروبەری و بەربڵاویی ڕیکلام دەکات بۆ پزیشک و نەخۆشخانەکانی دەرەوەی کوردستان.

د.محەممەد بابان، پزیشکی جومگە و ڕۆماتیزم دەڵێ "چەندینجار من خۆم ڕیکلامم بینیوە لە دەوروبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن و فێرکاریی سلێمانی بەسەر خەڵکدا دابەشکراوە و ئاماژە بە چەندین پسۆڕی و ئاسانکاری کراوە بۆ گواستنەوەی نەخۆش بۆ ئێران".

دەگوترێ ئەوانەی لە کوردستانەوە دەچنە دەرەوە بۆ چارەسەر، بەهۆی نەشارەزاییان پارەیەکی زۆریان لێ دەکێشرێتەوە.

د.فەرید حەدداد، پزیشکی پسپۆڕ لە چاندنی گورچیلە دەڵێ "لە تورکیا بووم، لە نەخۆشخانەیەکی ئەنقەرە دەوامم دەکرد، دەمدی ڕۆژانە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە نەخۆش دەهاتن، دەمدی چۆن پارەیان لێدەسەندرا، گاڵتەشیان پێدەکردن و دەیانگوت بیری نەوتیان هەیە هەموو ژمارەیەک زەربی چوار بکەن، واتە نرخەکە ئەوەندە زۆر بکەن لەسەریان".

## کوڕی نەخۆشێک: باوکم لەبەر قسەی خەڵک دەبەم

## پزیشکێک لە سلێمانی: لێرە بە ئاشکرا ریکلام بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران دەکرێ

## سیستمی تەندروستیی کوردستان پاڵنەرە

ژمارەیەکی بەرچاوی پزیشکان سیستمی تەندروستیی کوردستان بە پاڵنەرێکی بەهێز دەزانن کە هەم کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان کەمدەکاتەوە و هەم پەڵنەری نەخۆشە تاوەکوو بەدوای چارەسەری دیکەدا بگەڕێ.

د.ئاڤار سەڵاح بە (ڕووداو) ی گوت "سیستمی تەندروستیی کوردستان و عێراق سیستمێکی کۆنە و تێیدا ئەولەوییەت بۆ نەخۆش نییە".

د.ئیسرا شا محەممەد، پسپۆڕ لە خۆراکناسی، کە لە بەریتانیا پسپۆڕییەکەی خوێندووە، دەڵێ بە گشتی کورد بڕوای بەو باوەڕە هەیە کە دەڵێ "گڵی دوور دەرمانە، واتە تا دوورتر بڕۆی، چارەی باشتر هەیە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایشارێتەوە کە لە وڵاتانی دەرەوە لایەنی پەرستاری و خزمەتی نەخۆش و چاودێریکردنی باشترە "گرفتی سەرەکی کوردستان نەشارەزایی پزیشک نییە، بەڵکو لاوازیی چاودێری و پەرستارییە بۆ نەخۆشەکە لەکاتی مانەوەی لە نەخۆشخانە".

بەشێک لە پزیشکانیش کەمیی مووچە و خراپیی بژێوی پزیشک بە هۆکاری سەرەکی پەنابردنی نەخۆشەکانی کوردستان بۆ پزیشکی بیانی دەزانن.

دکتۆر پێشەوا غەفوور دەڵێ "پشتگوێخستنی توانای پزیشکانی خۆمان لەلایەن حکومەتەوە هۆکارێکی سەرەکییە، لێرە شێوازی ماندووبوون و پاداشتکردن پەیڕەو ناکرێ".

پزیشکێکیش کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت "تۆ دوای 25 ساڵ دکتۆرایەک دەهێنی کە دەبینی مووچەکەت 400 هەزار دینارە، ئیدی چۆن خولیای پێشکەوتنت دەبێ".

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەک چاو تەماشای هەموو حاڵەتەکان ناکات و دەڵێ هۆکارەکان بەپێی هەر حاڵەتێک دەگۆڕێن.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆربەی ئەوانەی دەچنە دەرەوە بەهۆی چاولێکەری و پڕوپاگەندەی نادروستە، بەتایبەتی هەندێک میدیا نازانین مەبەستیان چییە کە کار لەسەر کەمکردنەوەی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشکان دەکەن". بەڵام بە گوتەی بەرپرسەکەی وەزارەتی تەندروستی "بەشێکیشیان وەک بەشێک لەمافی خۆیان کە توانای ماددییان هەیە بۆ چارەسەر ڕوودەکەنە دەرەوە، ئەوە شتێکی ئاساییە و لە هەموو دونیا هەیە".

دوا گرووپ کە د.خاڵس باسیان دەکات ئەوانەن کە "بۆ هەندێک جۆری نەشتەرگەری کە لە هەرێمی کوردستان ناکرێت، یان پشکنینەکە لێرە نییە، بۆیە دەچنە دەرەوە".

# چۆن خۆمان دڵخۆش بکەین؟

**د.خاڵس قادر***

هەر کەسێک لە ئێمە پێناسە و قەناعەتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دڵخۆشبوون و باشبوون، بەڵام ئێمە لێرەدا باسی ڕێگایەکی زانستی دەکەین بۆ چۆنیەتی دڵخۆشبوون و باشبوون کە لە فاکتەرە بایۆکیمیاییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو مادە کیمیاییانەی لە لەشدا دروست دەبن، لە کردارە ناوخۆکانی لەشدا لە مێشک و دەمارەکان، هەست و سۆز و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دیاریی دەکەن.

ئەو مادە کیمیاوییانەی پێیاندەگوترێت (گوازەرەوەی دەماری) ئەرکیان گواستنەوەی پەیام و تەزووە دەمارییەکانە لە نێوان خانە دەمارییەکانی مێشک و کۆئەندامی دەماری لە جەستەدا، پێنج ماددەی هەرە گرنگ و کاریگەر لە جەستەدا هەن کە بریتین لە: دۆپامین (ماددەی کیمیایی چێژوەرگرتن)، سیرۆتۆنین (ماددەی کیمیایی دڵخۆشبوون)، ئیندۆرفین (مۆرفینی سروشتیی نێو جەستە)، ئۆکستۆسین (ماددەی کیمیایی خۆشەویستی) و گابا (ماددەی کیمیایی خاوبوونەوە).

## دۆپامین:




دۆپامین ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە چێژ وەرگرتن، بەئاگابوون، تەرکیزکردن، جووڵە و چالاکی، دڵخۆشی، بیرەوەری. کەمیی دۆپامین هۆکارە بۆ نەخۆشیی پارکینسۆن (کەمبوونەوەی جووڵە، ڕەقبوون، لەرزۆکی و نەمانی هاوسەنگی و خەمۆکی).

ئاڵوودەبوون هۆکارەکەی بۆ ئەو مادەیە دەگەڕێتەوە، چونکە ماددە هۆشبەرەکان لەڕێگەی زیادکردنی دۆپامین هەستکردن بە چێژ و کەیفخۆشیی دروستکراویان بۆ پەیدا دەبێت.

**ڕێگە سروشتییەکانی زیادکردنی دۆپامین لە جەستەدا بریتین لە:**

- وەرزشکردن: ڕۆیشتنی خێرا بۆ نیو کاژێر ڕۆژانە.
- تەئەمولکردن، ڕۆژانە (10 – 20) خولەک.
- گوێگرتن لە مۆسیقا (خاو)
- خەوتن بۆ هەشت کاژێر لە شەودا
- خواردنی وەک گۆشت، چەوریی بەسوود وەک ئۆمێگا 3. ڤیتامین (E) کە لە مۆز، گێزەر، بڕۆکلی، فراولە، بیبەر، گوڵەبەڕۆژە و بادامدا هەیە.
- شەکر و شیرینەمەنییەکان دۆپامین کەم دەکەنەوە، بەڵام چوکلێتی ڕەش دۆپامین زیاد دەکات.
- سوپاسگوزاری و گەیشتن بە ئامانجەکان هەرچەند بچووکیش بێت.



## سیرۆتۆنین






ماددەی دڵخۆشبوون، باشبوونی مەزاج، باشبوونی خەو، ئارەزووی خواردن، تەرکیزکردنە. کەمی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی خەمۆکی.

**سەرچاوە سروشتییەکانی سیرۆتۆنین بریتین لە:**

- وەرزشکردن، ڕۆیشتنی خێرا بۆ 30 خولەک ڕۆژانە
- بەسەربردنی کات لە شوێنی کراوە و بەر خۆر ڕۆژانە بۆ ماوەی نیو کاژێر.
- تەئەمولکردن.
- خۆراکی دروست، وەک گۆشتی کەم چەوری، ماسی، شیر، پەنیر، هێلکە، چەرەزات و مۆز.
- خەوتن (شەوانە هەشت کاژێر)
- بیرکردنەوە لە شتی باش

## گابا






پێیدەگوترێ ڤالیۆمی سروشتیی نێو جەستە، مێشک خاو دەکاتەوە، دڵەڕاوکێ و ترس ناهێڵێ. ڕێگا سروشتییەکانی زیادبوونی ئەو مادەیە لە جەستەدا بریتییە لە خواردنەوەی چای سەوز، خواردنی مۆز، بڕۆکلی و چەرەزات.

## ئۆکسیتۆسین:




ئۆکسیتۆسین ئەو ماددەیەیە کە لە کاتی لەدایکبوونی سروشتیدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و پێویستی سەرەکییە، هەروەها لە کاتی شیرپێدانی سروشتی بەڕێژەی زور دەردەدرێت و هۆکارێکە بۆ زیادبوونی سۆز و خۆشەویستی نێوان دایک و کۆرپەکەی. ڕۆڵی گرنگی هەیە لە خۆشویستن، پەیوەندیی بەهێزی نێوان مرۆڤەکان، کەیفخۆشبوون و کەمکردنەوەی سترێس و شڵەژانی دەروونی. متمانە و باوەڕبەخۆبوون، کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ.

**ڕێگا سروشتییەکانی زیادبوونی ئۆکسیتۆسین لە جەستەدا:**

- مۆسیقای خاو و کەشی ڕۆمانسی
- پێکەنین
- تەئەمولکردن
- گوێگرتن بە تاسەوە بۆ کەسێک یان بابەتێک
- خواردنی دروست وەک مۆز، بیبەر و هێلکە.
- بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دیداری دۆستان.



## ئیندۆرفین:



هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئازار و ژان لەگەڵ کەیفخۆشبوون و باشبوونی مەزاج.

**سەرچاوە سروشتییەکانی زیادبوونی لە لەشدا:**

- وەرزشکردن
- خەندە و پێکەنین
- خۆراکی دروست، ئەوانەی ڤیتامین C یان زۆر تێدایە وەک مزرەمەنییەکان. هەروەها خواردنە تیژەکان، چوکلێتی ڕەش.
- سێکسکردن



*** پزیشکی شارەزای هەناوی**

## بۆ ئەوەی قەڵەو نەبی

# کاتی نانخواردنت بگۆڕە

**ڕووداو- دۆیچەڤێللە**

پسپۆڕانی خۆراک دەڵێن تەنیا جۆر و بڕی خواردن هۆکار نین بۆ زیادبوونی کێش، بەڵکوو کاتی خواردنیش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە.

وەک ئەوان دەڵێن، نابێ لە ماوەی سێ کاژێری بەر لە خەوتندا خواردن بخورێ، چونکە لەو بارەدا توانای جەستە بۆ کاربۆهێدراتەکان کەمە و ئەو وزەیەی دەیدەن بەشێوەی چەوری لە لەشدا کۆدەبێتەوە و دەبێتە هۆی قەڵەوی.

توێژینەوەیەکی زانکۆی پەنسلڤینیا لە ئەمریکا دەریخستووە ئەگەر خواردنەکانمان لەنێوان کاژێر هەشتی بەیانی و 7ی ئێوارەدا بخۆین، ئەگەری قەڵەوبوونمان کەمترە بە بەراورد بەوەی هەمان بڕ و جۆری خواردن لەنێوان 12ی نیوەڕۆ و 11ی شەودا بخۆین، لەگەڵ ئەوەی لە هەردوو بارەکەدا ماوەکە 11 کاژێرە.

مۆنیکا بیشۆف، پسپۆڕی خۆراکناسی لە نێوەندی پزیشکیی خۆراک لە میونیخی ئەڵمانیا دەڵێ شکستهێنانی هەندێک کەس لە دابەزاندنی کێش سەرەڕای پەیڕەوکردنی ڕێجیم، بۆ هەندێک هەڵەی بچووک دەگەڕێتەوە "بۆ نموونە خواردن لە شەواندا ئەگەر بە بڕی کەمیش بێ زیاتر دەبێتە هۆی قەڵەوی، بە بەراورد بە خواردنی کاتی ڕۆژ".

خواردنی شەوانە تەنیا کێشی جەستە زیاد ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئەنسۆلینەوە بە تێپەڕبوونی کات، وادەکات جەستە بۆ کاری ئەو هۆرمۆنە هەستیار نەبێ و ئەنجامەکەشی ئەگەری زۆرە کەسەکە تووشی نەخۆشیی شەکرە بکات.

توێژینەوە ئەمریکییەکە هەروەها دەریخستووە ئەگەر بڕی کالۆرییەکانی شەوانە کەمبکەینەوە و زیاتر بیانخەینە ڕۆژ، ئەوە ئاسانتر کێشمان دادەبەزێنین. ئەوەش واتا وا باشترە سفرەی نانی ئێوارە خاڵی بێ لە برنج، پەتاتە، ماکەڕۆنی و ئەو خواردنانەی دیکە کە بە کاربۆهێدراتەکان دەوڵەمەندن.

جگە لە کاتی نان خواردن، ماوەی نێوان ژەمەکانیش گرنگە. بە گشتی وا باشە لە نێوان دوو ژەمی خواردندا لانیکەم 4 — 5 کاژێر خواردنی دیکە نەخۆی، ئەوەش بۆ ئەوەی یارمەتیی جەستەت بدەی ئاستی ئەنسۆلینی خۆی ڕێکبخات.

وەرزش و جوڵەی نێوان ژەمەکانیش گرنگە بۆ ڕێکخستنی ئاستی ئەنسۆلینی جەستە و دووربوون لە قەڵەوی و شەکرە.

پسپۆرە ئەڵمانییەکە دەڵێ لایەنی بایۆلۆژیی جەستەی مرۆڤیش گرنگە بۆ سەرکەوتنی ڕێجیم و دابەزاندنی کێش. "جەستەی هەندێک کەس وەهایە خۆگرە و لەنێوان ژەمەکاندا هیچی ناوێ بۆ خواردن، کەچی هەندێک جەستەی دیکە وەها هەڵکەوتوون کە زوو زوو خاوەنەکەیان بێزار دەکەن و زوو زوو داوای خواردنی لێدەکەن".



# ئـێـران.. ئامانجی داهاتووی گرووپە جیهادییەکان

**رووداو- هەولێر**

ئاسەوارەکانی بەشداری سەربازیی ئێران لە کێشەکانی جیهانی عەرەبیدا خەریکە دەردەکەون و فراوانکردنەوەی بەشداریی ئێران لە قەیرانی سووریا، ناتوانێ مەترسی هێرشی گرووپە توندئاژۆکان لەسەر ئێران لابدات.

لە چەند ساڵی رابردوودا ئێران بەردەوام ئەمریکای بە هۆکاری پەیدابوونی گرووپە توندئاژۆ سوننەکان لەقەڵەم داوە، هەر بەمدواییە عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گوتارێکدا گوتی: "کێ داعشی دروستکرد؟ ئەمریکا". ئالێکس وەتەنخا، لێکۆڵەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئامادەکاری راپۆرتێکە بۆ گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی، پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە ئێران دان بەوەدا بنێت کە "کێشەی تیرۆر لە ئێران بە هاویشتنی مووشەک بۆ رۆژهەڵاتی سووریا و هەڕەشەکردن لە ئەمریکا چارەسەر نابێت". وەتەنخا دەڵێت "ئەگەر تاران دووربین نەبێت، لە داهاتوودا بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە ئامانجی هێرشی گرووپە جیهادییەکان".

بە بۆچوونی وەتەنخا، هێرشەکەی داعش بۆ سەر مەزارگەی ئیمام خومەینی و پەرلەمانی ئێران لە تاران لە حەوتی حوزەیرانی رابردوو "بەروونی ئەوەمان بیردەخەنەوە کە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی عەرەبی، کاریگەریی قورس لەسەر رەوشی نێوخۆیی ئێران دادەنێ".

رۆژی حەوتی حوزەیرانی رابردوو پێنج چەکداری داعش هێرشیان کردە سەر پەرلەمانی ئێران و مەزارگەی خومەینی لە تاران. لە ئاکامی ئەو هێرشەدا 23 کەس کوژران کە پێنجیان لە ئەنجامدەرانی هێرشەکە بوون. هەمان رۆژ داعش بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی هێرشەکان بەرپرسیارێتی خۆی راگەیاند.

هەر پێنج هێرشبەرەکەی داعش لە تاران، کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون و ناوچەکانیان دراوسێیە لەگەڵ عێراق کە لە دوای ساڵی 2003وە مۆڵگەی شەڕێکی تایفی قورسە. ئەم شەڕە لە ساڵی 2012 دا شەڕی نێوخۆی سووریاشی هاتە سەر. وەتەنخا دەڵێت بەشداری و دەستتێوەردانی ئێران لە قەیرانەکانی ئەم دوو وڵاتە "شەڕەکانی درێژتر و قورستر کردووەتەوە".

لەو گرتە ڤیدیۆییەی داعش بەرپرسیارێتی هێرشەکە لە ئەستۆ دەگرێ، ژمارەیەک چەکدار بەڵێن دەدەن "تاران دەبێ بە مەیدانێکی کراوە بۆ شەڕی



● هێرشەکەی داعش بۆ سەر تاران مانایەکی بۆ ستراتیژی "سیاسەتی بەرگری لە هێڵی پێشەوە" نەهێشتەوە

سەربازانی دەوڵەتی ئیسلامی". بەبۆچوونی وەتەنخا ئەوە ئاماژەیە بەوەی داعش بە نیازی هێرشی زیاترە لە ئێران.

وەتەنخا پێیوایە ژمارەی زۆری دانیشتووە سوننەکانی ئێران، شوێنی جوگرافیایان لە ئێران و کێشەکانیان لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندیی ئێران، هۆکارن بۆ ئەوەی داعش بتوانێ هەڕەشەکانی خۆی بباتە سەر. لە کۆی 80 ملیۆن دانیشتووی ئێران نزیکەی 10%یان سوننە مەزهەبن، زۆربەیان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران نیشتەجێن، واتە بەلوچستان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، ناوچە کەنارئاوەکانی باشووری ئێران و کوردستانی ئێران کە زۆربەی سنووری نێوان ئێران و عێراق دەکەوێتە ئەو ناوچەیە.

بەپێی راپۆرتەکە، کۆمەڵگەی سوننەی ئێران کێشەیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی زۆرە، لەوانەش "پەراوێزخستنی سیاسی و بێبەشبوون لە سەرچاوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وڵات". بەڵام بەم حاڵەشەوە "سوننەکانی ئێران بەردەوام خۆیان وەکوو بەشێک لە ئێران دەبینن و هیواخوازن رۆژێک لە رۆژان چاکسازی جیدی لە ئێراندا رووبدات". لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیوایە "لە خۆڕا نەبووە کە رووحانی لە هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی سەرۆکایەتی ئێراندا دوو لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی لە بەلوچستان و کوردستان بوون".

لە دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکارییەک لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستان و بەلوچستان لەدژی حکومەتی ناوەندی دروستبووە، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە بەلوچ و کورد چوونە ناو گرووپە سوننە جیهادییەکانی عێراق، لەوێشەوە فۆکەسی دژایەتی ئەوان لەگەڵ ئێران لە دەوڵەتێکی فارسییەوە بۆ هێزێکی شیعەمەزهەب گۆڕا".

سەرهەڵدانی داعش لە 2014 ئەو رەوتەی خێراتر و بەهێزتر کرد. لە کاتێکدا لە بەلوچستان گرووپی (جوندوڵڵا) بەئاشکرا پڕوپاگەندەی بۆ داعش دەکرد. لە کوردستانیش گرووپی (ئەنسارولئیسلام) بەیعەتیان بە داعش دا. ئامادەکاری راپۆرتەکە دەڵێت :"هەرچەندە ئەم دوو گرووپە بە بچووکی مانەوە، بەڵام گۆڕانی جەوهەریی ئەو دوو گرووپە پەیوەندی راستەوخۆی بە شەڕە تایفییەکانی ناوچەکەوە هەبوو، کە ئێران خۆی وەکوو لایەنگرێک تاوانبارە تێیاندا".

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە تاران ئاگای لە پەرەسەندنی داعش لە نێوخۆی ئێران هەبووە "چونکە ئەو کاتەی میلیشیا شیعەکانی ئەفغانستان و پاکستانیان بۆ شەڕ لە بەرژەوەندیی ئەسەد دەبردە سووریا، ئەو چەکدارە سوننییە پاکستانی و ئەفغانیانەیان دەستگیر دەکرد کە بە نیازبوون لە ئێرانەوە خۆیان بگەیەننە عێراق و سووریا". بەڵام هێرشەکەی حەوتی حوزەیران سەلماندی داعش تەنیا بۆ گواستنەوەی چەکداران بۆ سووریا و عێراق ئەو وڵاتەی بەکارنەهێناوە، بەڵکو توانیویەتی "بناغەیەکی لۆجیستیکیش لە ئێران دامەزرێنێت کە بۆ هێرشەکانی تاران پێویست بوون".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی فۆرین پۆڵسی "تاران چەندین ساڵە بە دروشمێک پاساو بۆ دەستتێوەردانەکانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە دەهێنێتەوە. دروشمەکە دەڵێت: لە ئێران و عێراق شەڕی گرووپە چەکدارە جیهادییەکان دەکەین، بۆ ئەوەی ناچار نەبین لە نێوخۆی وڵاتدا رووبەڕوویان ببینەوە، بەڵام هێرشەکەی تاران بێمانابوونی ئەو ستراتیژەی ئاشکرا کرد".

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، ئێران ئێستا دوو بژاردەی لەبەردەمە: "یەکەمیان ئەوەیە بە سیاسەتی دەستدرێژیی خۆیدا بچێتەوە. دووەمیشیان سیاسەتی دەستتێوەردانەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات، کە بە سیاسەتی بەرگری لە هێڵی پێشەوە ناوی دەرکردووە".

ئەوەی لە لێدوانی بەرپرسان و فەرماندە سەربازییەکانی ئێراندا بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە تاران هەتا ئێستاش سوورە لەسەر ئەوەی لە "سیاسەتی بەرگری لە هێڵی پێشەوە" بەردەوام بێت. سوپاسالاری هێزە سەربازییەکانی ئێران بەڵێنی داوە وانەیەک بە داعش بدەن کە لەبیر نەکرێت.

بەپێی راپۆرتەکە، دوای سەرکەوتنی میانڕەوەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا، خامنەیی سوورترە لەسەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر گوزارشت لە تێڕوانینەکانی "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" بکات، ئەمەش بەو مانایەیە کە لەمەودوا "دەستی کەسانی وەکوو قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزەکانی قودسی ئێران، واڵاتر دەکات بۆ ئەوەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر جیهانی عەرەبی جێبەجێ بکەن".

خامنەیی هەوڵەکانی لە سوپادا کورت نەکردووەتەوە، لە مانگی تشرینی دووەمی پارساڵەوە کیومەرس حەیدەری بە فەرماندەی نوێی ئەرتەش دانا. ئەرتەش هێزێکی فەرمیی ئێرانە و زۆرتر ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی پێدراوە، بەڵام حەیدەری کە پێشینەی کارکردن لە سوپای پاسدارانی هەیە، پلانی دروستکردنی هێزێکی لەناو ئەرتەش هەیە کە لە چالاکییە سەربازییە دەرەکییەکاندا بەشداری بکات، وەکوو ئەوەی ئێستا سوپای قودس لە سووریا، عێراق و لوبنان دەیکات. وەتەنخا پێیوایە ئەو گۆڕانکارییانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئێران چاوی لە شەڕێکی درێژخایەنی ناوچەیی بێت، بەڵام دەبێ بیرێکیش لە خەرجیی شەڕەکە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی نێوخۆیی ئێران بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانێ پشت بە هاوپەیمانەکانی خۆی (وەکو رووسیا) ببەستێت، چونکە رووسیا بۆ بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانی خۆی لە سووریایە و رێگە نادات ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەت بۆ مۆسکۆ دابنێ.

ئالێکس وەتەنخا دەڵێت ئێران دەبێت بۆ دۆزینەوەی هۆکاری بەهێزبوونی گرووپە سوننە جیهادییەکان لە ئێران سەیری سیاسەتە نێوخۆییەکانی خۆی بکات، سیاسەتی توندی ئەمنیی سوپای پاسداران لە 2008وە هەتا ئێستا شکستی هێناوە، شکستی ئێران لە پوچەڵکردنەوەی هەڕەشەکان دەریدەخات ستراتیژێک لەسەر بنەمای زەبروزەنگ دانرابێت ناتوانێ لێکەوتەکانی کێشەکان و توندوتیژیی گرووپە جیهادییەکان چارەسەر بکات.

# ئێران کێشەی ئاوی تەنیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە؟

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی پێشوو ئێران بۆ ماوەیەک ئاوی زێی بچووکی گرتەوە و پاشان رێژەیەکی کەم لە ئاوەکەی بەردایەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی گرتنەوەی ئاوەکە، دەنگۆی ئەوە پەیدا بوو کە ئێران دەیەوێ ئاو وەکوو کارتی گوشاری سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێ، بەڵام وەکوو لە راپۆرتی ناوەندێکی ئەمریکیدا دەردەکەوێت، ئێران لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی، هەمان کێشەی هەیە.

پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە راپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشەی کەمئاوی لە ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی قەیراناوی، بەجۆرێک کێشەکە چیدی وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی و ئەمنی لە نێوخۆی ئێراندا نەماوەتەوە و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە لەگەڵ دراوسێکانیشی داناوە.

هەفتەی پێشوو حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لە کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی تۆز و خۆڵ لە تاران، وڵاتانی دراوسێی ئێران، بە تایبەتی تورکیا و ئەفغانستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەبێ راوێژکردن بە ئێران، ژمارەیەکی زۆر بەنداو دروستدەکەن و ئەوەش کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ژینگەی ئێران داناوە. روحانی وەک ئاماژەیەک بۆ تورکیا گوتی: "ئەوە راستییەکە کە وڵاتانی دراوسێمان کار لەسەر دروستکردنی 22 بەنداو دەکەن و ئەمەش کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر رووبارەکانی دیجلە و فورات دروست دەکات".

### قەیرانی ئاو لە ئێران

هەرچەندە لە پەیوەست بە قەیرانی کەمئاویدا لە ئێران هەمیشە پەنجە بۆ پارێزگاکانی خوزستان لە باشووری رۆژئاوا، سیستان و بەلوچستان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران درێژ دەکرێ، بەڵام وەکوو لە راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەردەکەوێت، کەمئاوی لە ئێران بووەتە دیاردەیەکی سەرتاسەری و هەڕەشەی جدی لەسەر کەرتەکانی تەندروستی، کشتوکاڵ، ئابووری و ئاسایشی ئێران دروستکردووە.

پێشتر نوێنەرێکی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران هۆشداری دابوو کە ئەگەر قەیرانی ئاو لە ئێران ئاوڕی لێنەدرێتەوە، لە 20 ساڵی داهاتوودا ئێران تووشی کێشەی گەورە دەبێت. سێرجی ناکوزی، نوێنەری رێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران، هۆکاری ئەم قەیرانە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای گۆی زەوی، ئیدارەکردنی خراپی سەرچاوە ژێرزەمینییەکانی ئاو و هەوڵەکانی حکومەت بۆ پشتبەخۆبەستن لە بواری کشتوکاڵ و خۆراک دەگەڕێنێتەوە.

لە ماوەی یەک دەیەی رابردوودا ئێران هەوڵیداوە لەرووی سەرچاوەکانی خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە سەربەخۆ بێت و لە بواری هەناردەکردنیشدا سەرچاوەی نوێی ئابووری بدۆزێتەوە، ئەم پلانەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر شێوازی ئیدارەکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ئێران هەبووە. لەبەر ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە دەبوایە ژمارەیەک بەنداو دروستبکرێن کە پێویستیان بە گلدانەوەی ئاوی رووبارەکان و گۆڕینی ئاراستەی رووبارەکان هەبووە. 92%ی بەکارهێنانی ئاو لە ئێران بۆ بواری کشتوکاڵە.

بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی وزەی ئێران، ئێستا 500 شار و شارۆچکەی ئێران کێشەی کەمئاوییان هەیە کە لەدرێژخایەندا دەکرێ کاریگەریی گەورەی لەسەر دیمۆگرافیی ئێران و زیادبوونی رێژەی بەبیابانبوون لە ئێران هەبێ.

### قەیرانی ئێران و پەیوەندییە دەرەکییەکان

روحانی حکومەتی تورکیای بەوە تۆمەتبار کرد کە بۆ دروستکردنی بەنداو لەسەر دیجلە و فورات لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر کاریگەرییەکانی بەنداوەکان لەسەر ناوچەکە، بەتایبەتیش لەسەر




● تاران چەکی قورسی داوەتە تاڵیبان بۆ ئەوەی لەو بەنداوانە بدات کە ئەفغانستان لەسەر ئاوەکانی ئێران دروستیان دەکات

ئێران و عێراق نەکردووە و بە دروستکردنی بەنداو مافی وڵاتانی حەوزەی خوارەوەی رووباری دیجلە و فورات دەخوات. تورکیا 19 بەنداوی لەسەر ئەو دوو رووبارە دروستکردووە و پلانی دروستکردنی سێ بەنداوی دیکەشی هەیە.

بەڵام تورکیا پێیوایە ئاو و چۆنێتی ئیدارەکردنی سەرچاوە ئاوییەکان کێشەیەکی نێوخۆیی وڵاتانە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە تارانیش ژمارەیەکی زۆر بەنداوی لەسەر رووبارەکانی سەر سنووری نێوان ئێران و عێراق دروستکردووە.

نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ کاروباری باشووری ئاسیا، لە کۆنفرانسەکەی تاراندا لەسەر ژینگە، گوتی بەنداوەکانی تورکیا لە دوای لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنە دروستکراون و ئەنقەرەش پابەند نییە بەوەی لەبارەی بەنداوەکانییەوە گەرەنتی بە ئێران بدات. ئەو گوتی ئێرانیش کاتێک بەنداو دروست دەکات، پرس بە وڵاتانی دراوسێی ناکات و هیچ گەرەنتییەکیشیان ناداتێ.

وڵاتێکی دیکە کە تاران کێشەی ئاوی لەگەڵ هەیە ئەفغانستانە. عەبدولبەسیر عەزیمی، بریکاری وەزارەتی وزە و ئاوی ئەفغانستان لە وەڵامی قسەکانی روحانیدا رایگەیاند "ئەفغانستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی و رێزگرتن لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی ئیدارە و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاوی خۆی دادەڕێژێ".

ئێران بە تایبەتی کێشەی لەگەڵ دوو بەنداو هەیە کە لە پارێزگاکانی نیمروز، فەرەح و هێلمندی ئەفغانستان دروستدەکرێن. بە گوتەی بەرپرسانی ئەفغانی، هەوڵەکانی ئێران بۆ رێگری لە تەواوبوونی پڕۆژەی بەنداوەکان تەنیا هەوڵی دیپلۆماسی نین، بەڵکو تاران کەڵک لە بزووتنەوەی تاڵیبانیش وەردەگرێ بۆ ئەوەی کێشە بۆ پڕۆژەکان دروست بکات. حەیاتوڵڵا حەیات، پارێزگاری هێلمند، ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە چەکی قورسی داوەتە تاڵیبان تاوەکو ژمارەیەک لە بەنداوەکانی سەر رووباری هێلاماند لەکاربخات.

ئەحمەد مەجیدیار، لێکۆڵەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێت پاش تێکشکاندنی داعش لە عێراق و سووریا، ململانێی سەرەکیی نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکە دەبێت.

حەسەن روحانی لەبارەی سیاسەتی ئیدارەی ئاوی وڵاتان لە ناوچەکەدا گوتی "لەم ناوچەیەدا مومکین نییە بە شێوازێک مامەڵە بکەیت کە یەک وڵات کەڵک لە سەرچاوەکانی ئاو وەربگرێت و وڵاتانی دیکەی لێ بێبەش بن"، بەم حاڵەشەوە ئێران هەمان سیاسەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات. کۆتایی هەفتەی رابردوو ئێران وەکوو هەموو ساڵێک ئاوی ئەڵوەنی گرتەوە و چەند رۆژێک پێش ئەویش ئاوی زێی بچووکی گرتبووەوە و رۆژی دواتر تەنیا 15%ی ئاوەکەی بەردایەوە.

بەگوێرەی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان وڵاتی حەوزەی سەرەوەی سەرچاوەی ئاو (واتە ئەو وڵاتەی سەرچاوەی رووبارەکەی تێدایە) نابێت وڵاتانی حەوزەی خوارەوەی رووبارەکە لە ئاو بێبەش بکات. کێشەی دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئاو هەتا ئێستاش بەشێوازی دیپلۆماتیک و لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان وڵاتە پشکدارەکان چارەسەر دەکرێت، نەک بە گوشاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

# "سـووریا بەو مانایەی کە پێشتر هەبوو، کۆتایی هاتووە"



## باشترین بژاردە دابەشکردنی سووریایە بۆ سێ دەوڵەتی کوردی، عەلەوی و سوننی

**ڕووداو- هەولێر**

دەنیس دراگۆڤیچ، بەرپرسـی پێشووی کاروبارە مرۆییەکان لـە نەتەوە یەکگرتووەکان و شـارەزای شـەڕە نێوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ئاسیا و ریچارد ئایرن، پلەداری سەربازیی پێشووی بەریتانی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری ناشناڵ ئینترێست باس لە بژارەکانی بەردەستی هاوپەیمانان لە سووریا دەکەن و وێنەیەکی لێڵ و تاریک نیشان دەدەن.

بەگوێـرەی بابەتەکە ئەگەری سـەقامگیرکردنی سـووریا یەکجـار کەمە و "سـووریا بـەو مانایەی کە پێشـتر هەبـوو، مـردووە". هـۆکاری ئەمەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە شـەڕی سـووریا زۆر قووڵتـر بووەتەوە لەوەی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتی بتوانێت بیگەڕێنێتەوە دۆخی پێش شەڕەکە، چونکە هەم لەڕووی سـەرچاوە و هەم لەڕووی ئیرادەشەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانای نەماوە ئەمە بکات.

دراگۆڤیـچ و ئایرن پێیانوایە بۆ دامەزراندنەوەی وڵاتێـک دوای شـەڕی نێوخۆیـی سـێ مـەرج پێویستن (دەوڵەتێکی خاوەن ڕەوایەتی، ئاسایش و دابینکردنـی خزمەتگوزارییـە بنەڕەتییـەکان). نەبوونی هەرکام لەم سـێیە جارێکی دیکە وڵاتەکە بـەرەو ناسـەقامگیریی نـوێ دەبـات. بەبۆچوونی ئـەو دوو نووسـەرە "ئەزموونـی ئەفغانسـتان و عێـراق ئاماژەیەکـن بـۆ ئـەوەی بـۆ تێپەڕاندنـی تەحەدا گەورەکان، دەبێ سـنوورەکان سـەرلەنوێ بکێشـرێنەوە". بۆیـە پێشـنیاز دەکـەن "گرووپە جیاوازەکان ڕێگەیان پێبدرێت ئیدارەی سەربەخۆی خۆیـان دامەزرێنـن و بـە پشـتگیریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێگە بۆ نەخشەڕێیەک بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکان خۆشبکرێ".

لە بەشـێکی دیکەدا، هەردوو نووسـەر جەخت لـەوە دەکەنەوە کـە ڕێککەوتننامەکانی سـایکس پیکۆ و سـیڤەر چیدی وەڵامـدەرەوەی ئەو واقیعە نوێیـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نیـن، ئەمە جگە لەوەی "نەخشەکان بەرهەمی ئەو مێژوو، سیاسەت و کولتوورانـەن کـە بە بەردەوامـی دەگۆڕێن، بۆیە نەخشـەکانیش نەگۆڕ نیـن"، ڕەخنە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیـش دەگـرن کـە هەتا ئێسـتا لە بری شەرعیەتی نێوخۆیی پشت بە شەرعیەتی دەرەکیی دەوڵەتان دەبەستن بۆ ئەوەی دەوڵەتێک بە شەرعی بزانن.

یەکێـک لـەو ئەڵتەرناتیڤانـەی بـۆ سـووریا باسـدەکرێت، پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوانە کە شوێنی حکومەتەکەی ئێستا بگرێتەوە. وتارەکە جەخـت لەوە دەکاتـەوە کە کۆکردنـەوەی هەموو لایەنە ناکۆکەکانی سـووریا لەسـەر یەک پلاتفۆرم کارێکـی مەحاڵـە، لەبەرئەوەی شـەڕی نێوخۆیی سووریا بە پێچەوانەی شەڕە نێوخۆییەکانی دیکەوە، پاڵنـەر و ڕەهەنـدی جیاجیـای هەیـە، لەوانـەش جیاوازیـی چینایەتی، چەوسـانەوەی نەتەوایەتی، توندڕەویـی ئاینی و دوژمنایەتیـی مێژوویی. جگە لەمـەش "زۆربەی ئەو گرووپە ناکۆکانەی ناوچەیان بەدەستە (وەکوو کورد، ڕژێمی ئەسەد و هەندێک لە گرووپە سوننەکان) لە ناوچەکەی خۆیاندا جۆرێک لە دەسەڵاتیان دامەزراندووە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێ پشتگیرییان بکەن".

کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـش بـۆ پاراسـتنی سـووریایەکی یەکپارچـەی سـەقامگیر، دەسـتی بەستراوە. سـووریا 22.8 ملیۆن دانیشتووی هەیە کـە نیوەیان ئـاوارە، کۆچبـەر و پەنابەرن. بەپێی سـتانداردی پەسـەندکراو بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گرووپە یاخییەکان لە قۆناغی دوای شەڕدا پێویستە بۆ هەر 1000 دانیشتوو 20 سەربازی ئاسایشپارێز هەبێـت. بەم پێیەش سـووریا پێویسـتی بە 450 هەزار چەکداری پارێزەری ئاسایشە. دوو شارەزاکە پێیانوایە "ئەگەر دوو لەسـەر سێی ئەو هێزەش بۆ خەڵکی سووریا دابین بکرێ، دیسانیش پێگەیاندن و ڕاهێنانیـان پێویسـتی بـە پارە و کاتـە". 150 هەزار هێزە ئەمنییەکەی دیکەش دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتـی دابینی بکات کـە "پێناچێت وڵاتانی ڕۆژئاوایـی دوای زیاتـر لـە 10 سـاڵ لـە جەنگی ئەفغانستان و عێراق چیدی خوازیاری ئەوە بن هێز ڕەوانەی ناوچەیەک بکەن کە بەردەوام چارەنووسی نادیارە".

ئەمجـۆرە دەسـتێوەردانە دەرەکییـە پێویسـتی بـە کۆدەنگیی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیەکگرتووەکانـە، بـە تایبەتیش ڕووسـیا و ئەمریـکا. حاڵـی حـازر ئـەم کۆدەنگییـە نییە و پێناچێت لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دروست ببێت. بۆیەش هەردوو شارەزاکە پێیانوایە "هیچ بژارەیەکی ئاسـان یان باش لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی دوای ئاگربەسـت یان ئاشتی، سـووریایەکی یەکپارچەی سەقامگیر دابمەزرێ".

لە بەشـی کۆتایی وتارەکەدا، دراگۆڤیچ و ئایرن باسـی بژارەکـەی خۆیـان دەکەن کە سـەرلەنوێ کێشانەوەی سنوورەکانە. لەو حاڵەتەشدا ژمارەیەک دەوڵەتی نـوێ دادەمەزرێن کە بریتین لە دەوڵەتی عەلەوییەکان لە دیمەشق، کورد لە باکووری سووریا و سوننەکان لە ڕۆژهەڵات، هەرچەندە دەکرێ کورد و عەرەبـە سـوننەکان یەک بگرن و دەسـەڵاتێکی بنکەفـراوان لە باکـوورەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی سـووریا دامەزرێنن.

بەپێـی وتارەکە، خاڵـی پۆزەتیڤی ئەو بژارەیە ئەوەیـە کـە سـوننەکانی لێدەرچێت، هـەرکام لە هێزەکان لە ناوچەکەی خۆیان شەرعییەت و هێزی ئەمنیـی یەکگرتووی خۆیان هەیـە، جگە لەمەش سـنوورەکانیان لە ماوەی شەش سـاڵی ڕابردوودا بەشـێوەیەکی سروشـتی دیاریکراوە. بە بۆچوونی دوو نووسـەرەکە، بۆ دروسـتکردنی هێزی ئەمنی لـە ناوچە عەرەبە سـوننەکانیش، وڵاتانی عەرەبی سـوننەی ناوچەکە دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان بگێڕن.

یەکێک لەو ئەگەرانەی بۆ سووریایەکی دابەشبوو باسـی لێدەکرێت، دروستبوونی ناکۆکییە لە نێوان دەوڵەتە نوێیەکاندا، بەتایبەتیش لە نێوان دەوڵەتی عەلەوییـەکان و دەوڵەتـی عەرەبـە سـوننەکان. بەگوێرەی وتارەکە، مێژووی هەوڵە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەلماندوویەتی ئەم ڕێکخراوە "لە پاراسـتنی ئاشـتیی نێـوان دەوڵەتەکاندا زۆر سەرکەوتووتر بووە تاوەکو ئاشتیی نێوان کۆمەڵێک لایەنی ناکۆک کە لە یەک وڵاتدا لەدژی یەک شـەڕ دەکەن".

نووسەرەکانی بابەتەکە ئەوەش دەخەنەڕوو کە بـۆ گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان و گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییەکانیش دروستکردنی سێ دەوڵەت لە سـووریا بژارەیەکی باشترە لەوەی یەک حکومەتی ناوەندی ئەمە بکات. لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا هەر کام لە دەوڵەتەکان خزمەتگوزاری و هاوکارییەکان بە خەڵکی خۆی دەگەیەنێ، بێ ئەوەی مەترسـی ئـەوە دروسـت ببێت کـە حکومەتـی ناوەندی بە مۆنۆپۆڵکردنـی ناوەندەکانـی حوکـم، کەمینـە و پێکهاتەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە.

وتارەکـە باس لە نیگەرانییەکانی تورکیاش لە دروستبوونی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردستان لە سنوورەکانی باشووری تورکیا دەکات و دەڵێت هەر ئێسـتاش کورد دەوڵەتێکی دیفاکتۆی لە باکووری سووریا هەیە، ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا و ڕێگریکردن لە ڤیتۆی تورکیا دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی "چونکە ئەمە باشـترین دەرفەتە بۆ سـەپاندنی ئاشتییەکی درێژخایەن لە سووریای ئێستادا".

---

# قەیرانی ئۆکراینا و جۆرجیا لە بیلاڕووس دووبارە دەبێتەوە؟

**دانەرئەبوبەکر***

لـە 8ی ئۆکتۆبەری 1991 بـە چەند ڕۆژێک بەر لە ڕووخانی یەکێتیی سـۆڤیەت، ڕێکخراوی پێکەوەکارکردنی دەوڵەتانی سەربەخۆ (СНГ- CIS) لەلایەن کۆمارەکانی ڕووسیا، بیلاڕووسیا و ئۆکرایناوە کە بە هاوپەیمانێتی بێلاڤێژسکایە ناسـراوە، دامـەزرا. زۆربـەی شـارەزایانی سیاسـی ئەم بەروارە بە ڕۆژی هەڵوەشانەوەی ئۆتۆماتیکیی یەکێتیی سۆڤیەت لەقەڵەم دەدەن، چونکـە ناوەڕۆکی هاوپەیمانییەکـە و تەنانەت ناونیشانی ڕێکخراوەکەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ دروسـتبوونی دەوڵەتـی تـازە لەناو یەکێتی سـۆڤیەتدا. پاش ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانیە، زۆربـەی کۆمارەکانی دیکەی یەکێتی سـۆڤیەت بوونـە ئەندامـی، ئەمـە جگە لـە کۆمارەکانی ناوچەی بەڵتیک: (ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا) و تەنیا مۆڵدۆڤا بووە ئەندام لەم ڕێکخراوە.

دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشـە جوگرافـی و سیاسـی و ئابوورییەکانی نێـوان کۆمـارە تـرازاوەکان، یاخـود دەوڵەتە سەربەخۆکانی یەکێتیی سۆڤیەت بوو.

لای زۆربەمان ئاشکرایە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا سەنتەر و پایتەختی یەکێتی سۆڤیەتی پێشـوو بوو، تەواوی کاروبار و ڕێنمایی و یاسا و بڕیارە سیاسی و ئابوورییە گرینگەکان لەوێوە دەردەچـوون و دەگشـتێندران بەسـەر تەواوی کۆمارەکانی سـۆڤیەتدا. هەر بۆیەشـە هەمیشە کـە باسـی یەکێتی سـۆڤیەت دەکرێـت، زیاتر گرێدەدرێتـەوە بـە ڕووسـیاوە، لە کۆتاییشـدا هەر کۆماری ڕووسـیا بـووە میراتگری یەکێتی سـۆڤیەت هـەم لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیەکگرتـووەکان و هەمیش لەلایەنـی ئابووری و توانا سـەربازییە گەورەکەی یەکێتی سۆڤیەتەوە.

پـاش ڕووخانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و دامەزراندنی ڕووسیا نوێ، بەتایبەتی دوای هاتنە سـەر دەسـەڵاتی پوتیـن، بەهێزیی ڕووسـیای فیدراڵ گەیشـتە ڕادەیەکی وا بەهێز کە شوێنی یەکێتی سـۆڤیەتی پێشوو بگرێتەوە لە تەواوی ڕێککەوتننامە و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکاندا، تەنانەت کاربکات بۆ فراوانکردنی جیۆسیاسـی لەنـاو وڵاتانـی دەوروبـەر و زۆربـەی وڵاتانی جیهان بە هەمان سیاسەتی سۆڤیەتیانە، بەڵام بە بەرگێکی نوێی سەرمایەداری و مۆدێرنەوە.

ڕووسـیا هەمیشـە چـاو لـە دەوڵەتـە جیابووەکانی سـۆڤیەتی پێشـوو دەکات وەک بەشـێک لـە وڵاتەکەی هەم لـەڕووی هاریکاری ئابـووری بۆیان، هەمیش لە ڕووی پاراسـتن و بەرگری لە سەروەرییان، تەنانەت لە ڕێکخستنی پەیوەندییـە دیپلۆماسـیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی جیهان.

بـە دڵنیاییـەوە وڵاتانـی زلهێزی تـر لەوانە ئەمریکا و وڵاتانـی ئەوروپا و تەنانەت کۆماری چینـی میللیـش تارادەیەکی زۆر کە دراوسـێی نزیکـی بەشـێکی زۆری ئـەم دەوڵەتانـەن چاویـان بڕیوەتـە دەستخسـتنە نـاو کاروباری ئـەم دەوڵەتانـە و قۆرخکردنیـان بـە ئامانجی بەرژەوەندییـە باڵاکانیـان بەهـۆی هەڵکەوتەی گرینگـی شـوێنی جوگرافییـان و لاوازیـی بـاری ئابـووری و سـەربازییان وەک وڵاتانـی تازەپێگەیشتوو.

بێگومـان ڕووسـیا و چیـن لـە زۆر بـواردا هاوئامانجـن، بەتایبەتـی لـە دژایەتیکـردن و لاوازکردنـی کاریگەرییەکانـی ئەمریکا لەسـەر جیهان، هەردوو لایـەن پێکەوە لەیەک بەرەدان و خاوەنـی یـەک بیرۆکەن، تەنانـەت لە بواری سـەربازی و ئابووری زۆر پرۆژەی هاوبەشـیان هەیە لەم ڕووەوە.

بـەڵام شـارەزایان و سیاسـەتمەدارانی ڕووسـیا بـە گومانن لـە هاوپەیمانێتـی لەگەڵ چین، زۆر جار ترسـی خۆیان نەشـاردووەتەوە لەوەی ڕووسـیا ببێتە شـەریکێکی بچووک نەک هاوپەیمانێکی ستراتیژیی چین لە داهاتوودا.

کێشـەی جۆرجیا و ڕووسیا لە ساڵی 2008 و کێشـەکانی ڕووسـیا و ئۆکراینـا لـەم چەند سـاڵانەی دوایـی، بـە تایبەتی لەسـەر نیمچە دوورگـەی کریـم ڕەنگدانـەوەی زۆری تموحـی ئـەم دەوڵەتـە زلهێزانەیە. کاریگـەری و ڕۆڵی ڕووسـیای فیدراڵ تاوەکو ئێستا ڕێگری کردووە لە فراوانخوازی و دەستدرێژیی زلهێزەکانی دیکە بۆ سەر ئەم دەوڵەتانەی سۆڤیەتی پێشوو.

پـاش هەڵپەسـاردن و دروسـتبوونی تەنگوچەڵەمەیەکـی زۆر لـە نێـوان ڕووسـیا و هەردوو کۆماری پێشـووتری یەکێتی سۆڤیەت: جۆرجیـا و ئۆکراینـا، ئێسـتا پەیوەندییەکانی بیلارووس و ڕووسیا بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسـکدا تێدەپـەڕن، بەجۆرێـک لـە ئـان و ساتدایە بۆ تەقینەوە.

نابێـت ئەوەمـان لەبیربچـێ سـەرچاوەی سەرەکیی کێشە و قەیرانەکانی ئۆکراینا دووریی بەرژەوەندییەکانـی ڕۆژئاوا و ڕووسـیا بوون لە یەکترەوە.

پارسـاڵ مینسـکی پایتەختی بیلاڕووسـیا لەلایـەن وڵاتانـی ڕۆژئـاواوە وەک سـەنتەری کۆبوونەوەکانی ڕووسیا و ئۆکراینا و وڵاتانی تری جیهان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئۆکراینـا دیاری کرا، ئەمە لە کاتێکدا مینسـک ماوەیەکـی زۆر بوو لەلایەن وڵاتانـی ڕۆژئاواوە فەرامۆشکرابوو، تا ڕادەیەکیش خرابووە لیستی ڕەشـی وڵاتانـی ڕۆژئاوا، بەڵام بـەم هەنگاوەی ڕۆژئـاوا ئاسـۆیەکی گەش بەڕووی بیلاڕووسـدا کرایەوە و لۆکاشـێنکەی سـەرۆکی بیلاڕووسیا ئەمەی وەک هەلێکی زێڕین قۆستەوە و دەستی کرد بە کارکردن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەر لە نزیکتریـن ماوەدا تەواوی گەمارۆ ئابوورییەکانی سـەر بیلاڕووسـیا و شەخسی سـەرۆکی وڵات ئەلێکسـاندەر لۆکاشـێنکۆ هەڵگیـران لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە. لە بەرامبەریشـدا سـەرۆکی بیلاڕووسـیا بەشـێوەیەکی تاکلایەنـە و بـێ گەڕانـەوە بـۆ ڕێکخـراوی پێکەوەکارکردنـی دەوڵەتـە سـەربەخۆکان CIS ، ڤیزای لەسـەر 80 وڵاتی جیهان بۆ سـەفەرکردن بۆ وڵاتەکەی هەڵگـرت، لەنـاو ئـەم وڵاتانەشـدا ئەمریـکا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای تێدایە.

ئـەم هەنـگاوەی بیلاڕووسـیا بـووە مایەی نیگەرانـی بـۆ دەسـەڵاتدارانی ڕووسـیا و کاردانـەوەی لێکەوتـەوە، چونکـە هەموو ئەو کەسـانەی بەبـێ ڤیزا سـەردانی بیلاڕووسـیا دەکـەن، دەتـوان بەئاسـانی بێنـە نـاو ڕووسیاشـەوە، هـەر بۆیـە ڕووسـیا بڕیـاری دا لەمـەودوا سـنووری نێـوان هـەردوو وڵات وەکـو پێشـتر بەبـێ چاودێـری و ئـاگاداری کارمەندانـی تایبـەت بە سـنوور و پاسـپۆرت بەڕێـوە نەبردرێـت، تەنانـەت بـۆ هێڵەکانـی فڕۆکـەش دەبێـت بە هەمان یاسـا و ڕێنماییە سـنوورییەکانی نێـوان دوو دەوڵەتدا بڕۆن کە پێشـتر ئـەم ڕێنمایـی و یاسـایانە جێبەجێ نەدەکران بـە ڕووی هاووڵاتیانی نێوان هەردوو وڵات، بەڵکـو وەک هاتوچـۆی فڕۆکەوانـی ناوخـۆی ناو یەک وڵات مامەڵەی لەگەڵ دەکرا بـە گوێـرەی هاوپەیمانێتـی یەکێتـی خاکـی ڕووسیا و بیلاڕووس لە ساڵی 1996.

ئەمـە جگـە لـە ناکۆکی نێوانیان لەسـەر نرخـی نـەوت و گازی سروشـتی و پاڵاوگـە نەوتییەکانی دروستکراوی سەردەمی سۆڤیەت کە نەوتیان لە ڕووسیاوە بۆ هەنارده دەکرێت. ڕووسـیا داوا لـە بیلاڕووسـیا دەکات بەبـێ ئاگاداری و نەگەڕانەوەی داتا و حسـاباتەکان نـەوت و بەنزینـی ئـەم پاڵاوگانـە هەناردەی ئەوروپا نەکات. لەلایەکی تریشەوە بیلاڕووسیا داوای داشـکاندنی نرخـی گازی سروشـتی و نـەوت دەکات کـە بـە هەمان نرخـی ناوخۆی ڕووسـیا بێت. ناکۆکییەکانی نێوانیان لەسـەر نەوت و گاز گەیشتە ئاستی ڕاگرتنی هەناردەی نەوت و گاز بۆ بیلاڕووسیا لە ساڵی 2016.

ئەمە جگە لە پرسـەکانی تـری تایبەت بە بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان و میوە کە ڕووسـیا قەدەغـەی کردوون لـە ئەورووپـاوە هەناردەی وڵاتەکـەی بکرێن، بەڵام بە ئاسـانی لە ڕێگای بیلاڕووسـیاوە هاوردەی ناو بازاڕەکانی ڕووسیا دەکرێن.

دواتریـش پشـتگیرینەکردنی ڕووسـیا لەکاتـی کێشـەکانی کریمیا بۆ هاتنە سـەر خاکی ڕووسیا. هەمـوو ئـەو ناکۆکییانە بە پێشـهاتی مەترسـیدار دادەنرێـن بـۆ داهاتـووی پەیوەندییەکانـی نێـوان هەردوو وڵاتی ڕووسیا و بیلاڕووس.

بێگومان مێژوویەکی درێژ و لێکدانەبڕاو هەیە لە نێـوان گەلـی ڕووس و بیلاڕووسـدا، ئەمە جگە لە هاوپەیمانێتـی دوو قۆڵیی نێوانیان بەناوی یەکێتی ڕووسیا و بیلاڕووس بۆ هاوبەشی و پێکەوە کارکردن لـە بوارەکانـی سیاسـی و ئابـووری و سـەربازی و گومـرگ و دراوی هاوبـەش و یاسـا نوێیەکانـی نێوانیـان و بواری کولتـووری هاوبەش. بە جۆرێک بیلاڕووسەکان زمانی نەتەوەی خۆشیان لەبیرکردووە و زمانی ڕووسـی زمانی فەرمیـی وڵاتە. ئەمە جگە لە هاوبەشـی و تێکەڵیی هەردوو کولتووری ڕووسی و بیلاڕووس بەهەمان شـێوەی تێکەڵیی کولتووری ڕووسـی لەگـەڵ کولتـووری ئۆکرانـی و نزیکییان لەگەڵ هی جۆرجی. لە بیرشمان نەچێ ئەوەی بووە هۆکاری سـەرهەڵدانی قەیرانەکانی نێوان ڕووسـیا و ئۆکراینـا و ڕووسـیا و جۆرجیـا، هەمـان بابەتی ناکۆکیی نێوان ڕووسیا و بیلاڕووسیای ئەمڕۆیە.

کۆمـاری بیلـاڕووس بـە یەکێـک لـە کۆمـارە گرینگەکانی یەکێتی سـۆڤیەتی پێشـوو دادەنرێت هەم لەلایەن ڕووسیاوە هەمیش بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ئەوەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم وڵاتـە کـە دەبێتە هاوسـنووری ڕووسـیا و وڵاتانی ئەورووپا و یەکێتی ئەورووپا.

هـەردوو لایەنـی ئەمریکی و ڕووسـی لەهەوڵی ئـەوەدان دەسـەڵاتدارانی بیلـاڕووس ڕازی بکـەن سیسـتەمی دژە مووشەکی لەسەر سنوورەکانی ئەم وڵاتـە دابمەزرێنن، بە یەکلاییکردنەوەی ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ بارودۆخەکە لە نێوان ڕووسیا و بیلاڕووس یەکلادەبێتەوە.

بـە پێچەوانەشـەوە لـە ئەگـەری چەسـپاندنی سیسـتەمی دژە مووشـەکیی ئەمریکا لـەم وڵاتەدا وەک چۆن لە پۆڵەندا و باقی دەوڵەتانی تر دانراون و ڕووسـیا بە هەڕەشـە لەخۆی دەزانێت، پێشبینی دەکرێـت هەمـان سـیناریۆی ڕووسـیا و جۆرجیا، ڕووسیا و ئۆکراینا دووبارە ببێتەوە.




***خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پسپۆڕی کاروباری سیاسیی ڕووسیا.**



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود

ئەگەر لە مێژوودا تەنیا جارێک دەرفەتێک بۆ کورد رەخسابێت کە سێکوچکەی هەلومەرجی (نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیی) پێکەوە گونجاو بووبن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەوە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بووە. سیاسەتی ئەوکاتی نێودەوڵەتی یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی چەندین دەوڵەتی تازە، دۆخی هەرێمایەتیش بەهۆی شکست و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی، بەجۆرێک تێکچووبوو کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاری زلهێزەکان و براوەکانی جەنگ نەبێت لە بڕیاردان لەسەر لاشە و پاشماوەی ویلایەتەکانی پیاوە نەخۆشەکە. بەهۆی سەرهەڵدانی یاخیبوونە خێڵەکییەکان و بەرپابوونی شۆڕش و راپەڕینی جەماوەریی کورد، هەلومەرج و زەمینەی ناوخۆییش لەبار بوو لە یەکێک لە ویلایەتە کوردنشینەکان دەوڵەتێک بۆ کورد دروستبکرێت هاوشێوەی ئەو گەل و نەتەوانەی تری ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی.

هەرچەندە لە زۆر ناوچەی کوردستان، بەشێوازی جۆراوجۆر خەبات بۆ رزگاری و خواستی کورد بۆ دامەزراندنی حوکمێکی خۆبەڕێوەبەری سەری هەڵدابوو، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر زەمینەی چەسپاندنی هەبوو، باشووری کوردستان بوو کە ئەوکات شێخ مەحموودی حەفید رابەرایەتی شۆڕش و یاخیبوونی باشووری کوردستانی دەکرد. لەو ساتەدا هەمان ئەو زەمینانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک لە ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا بۆ عەرەبەکان لەئارادا بوو، هەمان ئەو واقیعە بە زیادەوە بۆ ویلایەتی مووسڵیش هەبوو کە بەو جۆرە بڕیار لە چارەنووسی بدرێت خەونی کورد لە بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردستان بێنێتەدی، بەڵام کورد خۆی هۆکاری ئەوە بوو ئەو دەرفەتەی لەدەست بچێت و چارەنووسی بەو جۆرە بێ کە ویلایەتەکەی پاش پێنج ساڵ لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، بێ لەبەرچاوگرتنی ماف و خواستەکانی، بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە تازەیە.

ئەوکاتەی ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا پێکەوە بەسترانەوە و بڕیار درا دەوڵەتی عێراقی لێ دروست بکرێت، لەناو هەموو سەرۆک خێڵ و کەسایەتییەکانی ئەوکاتەی عەرەب لەو دوو ویلایەتە پیاوێک نەبوو بتوانێ ئەم دەوڵەتە تازەیە بەڕێوەبەرێت، بەریتانییەکان چوون لە بنەماڵەی هاشمی کەسێکیان هێنا و کردیان بە پادشای عێراق. ئەوکاتە جگە لەوەی شێخ مەحموود کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و رابەر و سیاسییەکی سەردەمەکەی خۆی بوو، هەر ئەوکاتە لەناو شۆڕشەکە و لە دەوروبەری شێخ مەحموود چەندین کەسایەتی کورد هەبوون کە شیاویی ئەوەیان هەبوو وڵات بەڕێوەبەرن. بەڵام بەشێک لە منەوەرانی ئەو سەردەمە دژی ئەوەبوون دەوڵەتێکی مەلەکی هاوشێوەی عێراق بۆ کوردستان دروستبکرێت، بەپاساوی ئەوەی شێخ مەحموود پیاوێکی خێڵەکییە، دژایەتییان کرد و چوونە ژێر باڵی مەلیکی عێراقەوە.

دەوڵەتە مەلەکیەکەی عێراق نزیک بە چل ساڵ بڕی کرد و لەوکاتەوە بۆ ئێستا چەندینجار سیستەم و شێوازی حوکمڕانی لە عێراق گۆڕدراوە. چەندین نەوەی جیاوازی سیاسی هاتن و رۆیشتن، ئەوەی وەک خۆی مایەوە چوارچێوە و ناسنامەی دەوڵەتێکە بەناوی عێراق. ئەگەر ئەوکاتەش لەخراپترین حاڵەتدا دەوڵەتێکی مەلەکی لە کوردستان بۆ شێخ مەحموود و بنەماڵەکەی دابمەزرایە، لەوکاتەوە بۆ ئێستا دەیان بنەماڵەی تر و نەوەی سیاسی پەیدا بووبوون و رۆیشتبوون، ئەوەی بۆ میللەت دەمایەوە چوارچێوە و ناسنامەی دەوڵەتی کوردستان بوو. بەڵام لەبەرئەوەی کورد خۆی دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەوشێوەیە بوو، ئەو مێژووە خوێناوی و ئازاربەخشەی نزیک سەت ساڵی رابردووی بۆ مایەوە.

ئەگەر تەماشایەکی دۆزی فەلەستین و ئیسرائیلیش بکەین، لەوکاتەوەی کێشەی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیل هەیە، جووەکان دەیان کابینەی حکومەت و دەیان دەموچاوی سیاسییان گۆڕیوە، چەندین حیزب هاتنە سەر حوکم و رۆیشتن، بەڵام عەرەبەکان تا ئێستا یەک تەبەقەی سیاسی و یەک قوتابخانە نوێنەرایەتیان دەکات. ئەگەر تەمەنیش کۆتایی بە رۆڵی کارەکتەرێک بهێنێت، هاوخەباتەکانی یان قوتابیانی رێبازەکەی درێژە بە کاروانەکەی دەدەن. هۆکارەکەی روونە کە دەوڵەت چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی هەیە و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتداران و حاکم و حوکمڕانەکان بە ئاسانی روودەدات، بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی هەمیشە پاساوی ئەوەی هەیە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی پارێزبەندی مانەوەی نەوەیەکی سیاسی بێت. بۆیە عەرەبەکانی فەلەستین لەوکاتەوە بۆ ئێستا و تا کێشەی فەلەستینیش بەردەوام بێت، هەر مەحکومن بەوەی لە بازنەی هەمان ئەو قوتابخانە قەومچییەدا بخولێنەوە کە چارەنووسی فەلەستینییەکانی بەو دۆخە گەیاند.

ئەگەر لە کوردستانیش جگە لەو وێناکردنەی شێخ مەحموود، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک تەمەندرێژترین حیزبی کوردی بکەین بە نموونە، لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردووەوە کە پارتی دامەزراوە، بەهەشتی مەلا مستەفا سەرکردایەتی دەکرد و دوای خۆیشی کوڕی و دوای ئەویش نەوەکانی، ئەمە نەک بەتەنها بۆ ژیانی سیاسی پارتی وایە، بەڵکوو بۆ نوێنەرایەتی مەسەلەی نەتەوەیی کوردیش راستە، لەبەر ئەوەی کورد نەبووە بە دەوڵەت، لەوکاتەوە تا ئێستا بنەماڵەی بارزانی لەریزی پێشەوەی نوێنەرایەتی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد راوەستاون، تا کێشەی کوردیش بەردەوام بێت، تەمەنی سیاسی ئەم بنەماڵەیە نەوە لەدوای نەوە بە پاساوی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و رێباز و قوتابخانەی کوردایەتی بەردەوامییان دەبێت. ئەگەر گریمان ئەو رۆژەی پارتی دامەزرا دەوڵەتی کوردستانیش دامەزرابا و مەلا مستەفا ببووایە بە سەرۆکی، ئایا لەو کاتەوە بۆ ئێستا دەوڵەتی کوردستان هەر لە دەستی بنەماڵەی بارزانیدا دەبوو؟ بێگومان نەخێر، هاوشێوەی هەموو وڵاتانی تری جیهان و ناوچەکە کە لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی پشتاوپشت و بنەماڵەیش دامەزرابوون، کۆتاییان هات و دەوڵەت کەوتەوە دەستی گەلەکانیان. کام دەوڵەتی ناوچەکە چەند بەهێز بووبێت لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا ماوەتەوە لە حوکم؟ ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە وەک خراپترین گریمانە حوکمێکی دیکتاتۆریانەشی هەبووایە، لە ئەتاتورک و سەدام بەهێزتر نەدەبوو، چارەنووسی ئەوان بەکوێ گەیشت؟

لە کوردستان هەر کەسێک بەهۆی بوونی هەژموونی ئەم حیزب و ئەو بنەماڵەوە نیگەرانە لە دۆخی سیاسی، یاخود کەسانێک گوێ بە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانە نادەن کە بۆ کورد دێنە پێش بەهۆی ئەوەی گومانیان لەوە هەیە هەر کیانێک دروستبێت دەکەوێتە دەستی خێڵ و بنەماڵەکان، یا تەنانەت دژی سەربەخۆیی و دروستبوونی قەوارەی نەتەوەیین بۆ میللەتەکەیان بە پاساوی ئەوەی تەمەن و دەسەڵاتی ئەم نەوە سیاسییە درێژ دەکاتەوە، دەبێت لەوە دڵنیابن تەنها رێگەی دەرباز بوون لە سیستەمی خێڵەکی و حوکمی بنەماڵە و حاکم و حوکمڕانی خراپ، ئەوەیە کوردستان ببێ بەخاوەنی دەوڵەتی خۆی.



عەبدوڵڵا رێشاوی

# کۆمیسیۆنی بێ مۆراڵ

لەلای من هیچ دەزگایەک نییە هێندەی کۆمیسیۆنی "سەربەخۆ"ی هەڵبژاردنەکان چ لە عێراق بێت یان لە هەرێمی کوردستان، گرنگ و بەبایەخ بێت.

ئەم دەزگایە لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەش گرنگترە، چونکە وەسیلەی دانانی ئەو سەرۆکایەتیانەیە. لە هەموو وڵاتێکی دیموکراسیدا ئەم دەزگایە هەوێن و داینەمۆ و پارێزەری سیستمی دیموکراسی و میکانیزمی هەڵبژاردنە.

ناوی نییە و لەبەرچاو نییە، بەڵام بێ ئەم میکانیزمە دنیای دیموکراسی بەڕێوەناچێت، جا ئەگەر دەزگایەکی راستەقینە و راستگۆ بوو، ئەوە دەتوانێت دادوەرێکی راستەقینە بێت، خۆ ئەگەر ناڕاستگۆش بوو، ئەوا دەتوانێت چەواشەکارێکی راستەقینە و وەسیلەیەکی مەترسیداری تێکدانی دیموکراسی بێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لەلای من ئەوەیە ئایا ئەم دەزگایەی کە لە هەرێمی کوردستان ناوی دەستەی هەڵبژاردن و راپرسییە، خۆی بەم شێوەیە لە خۆی دەڕوانێت؟ ئایا ئەم دەزگایە و ئەم دەستەیە خۆی بەم شێوەیە و لەم ئاستەدا هەست بە گرنگیی خۆی دەکات؟

نەک هەر گومانم هەیە ئەم دەستەیە بەم شێوەیە هەستی بە گرنگی و گەورەیی خۆی و رۆڵی خۆی لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیی راستەقینە یان درۆزنانە کردبێت، بەڵکو بەپێی ئەزموونی ئەم چەند مانگە کە بۆ یەکەمجار ئەم دەستەیە کەوتووەتە بەر ئەزموونکردن، یەقینم هەیە ئەم دەستەیە خۆی زۆر لەوە بە بچووکتر و لاوازتر دەزانێت ئەندازیاری دیموکراسی و پارێزەری ژیانی سیاسی و مەدەنی بێت.

ئەم دەستەیە، ئێستا وەک بێ مۆراڵترین دەزگای هەرێم و بێ هەڵوێستترین یەکەی هەرێم خۆی نمایش دەکات. وای دەبینم ئەم دەستەیە لەبری ئەوەی بێت و لەڕووی حزبی و سیاسییەوە بێلایەن بێت، هاتووە لەڕووی یاسایی و لەڕووی مۆراڵ و بیرکردنەوەی دیموکراتیانەوە بێلایەنە و نایەوێت خۆی لەم سەرئێشەیە بدات!

مەترسیدارترین شت بۆ میکانیزمەکانی دیموکراسی ئەوەیە ئەم میکانیزمانەی دنیای دیموکراسی لە رۆحییەتی دیموکراتیانە و مۆراڵی یاساپارێزیی خۆیان خاڵی ببنەوە، واتە تەنیا بە بۆدی بمێننەوە، لە مۆراڵ خاڵی ببنەوە و تەنیا وەک دەزگایەکی جێبەجێکردن بمێننەوە، ئەو کاتیش نەبوونیان باشترە.

دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئەزموونی ئەم چەند مانگە کە پرسی ریفراندۆم و ناکارایی پارلەمان و پرسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم تیایدا گەرمە، هیچ دیدگا و هەڵوێستێکی سیاسی و مۆراڵی و دیموکراتیانەیان لێ بەدی ناکرێت.

من داوای ئەوە ناکەم ئەم دەزگایە بێت و وەک رۆشنبیرێک یان وەک دەزگایەکی فەرهەنگی یان وەک پارتێکی سیاسی دیدی خۆی بۆ ئەو کێشمەکێشە سیاسی و یاساییەی لە کوردستان هەیە روون بکاتەوە، بەڵکو سەرنجی من لەسەر ئەوەیە کە ئەم دەزگایە بە چاوپۆشی لەو لەتبوونە سیاسیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و بە خۆدزینەوە لەو کێشە یاساییانەی هەن، هاتووە بێ هیچ کێشەیەک و بێ هیچ پرسیارێک دەستبەکار دەبێت! بۆ؟ چونکە پارەی تێکراوە، چونکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بودجەی بۆ سەرفکراوە.

کۆمیسیۆنێک، دەستەیەک کە تەنیا خەمی لۆجستی هەیە و خەمی یاسایی نییە، بەبێ پارە ناتوانێت کاربکات، بەڵام بەبێ یاسا دەتوانێت کار بکات، ئایا ئەم کۆمیسیۆنە بێ مۆراڵ نییە؟

هەر لەیەکەم تاقیکردنەوەدا ئەم دەستەیە پێشێلی یاسای کرد لەبری ئەوەی لە غیابی پارلەماندا هیچ جۆرە هەنگاوێک نەنێت بەوپێیەی مەرجەعی یاسایی ئەوان پارلەمانە، بەڵکو راستەوخۆ لەگەڵ تێکردنی بڕێک پارە، ئەم دەستەیە کەوتە ئیشکردن، بێ ئەوەی پرسیار بکات، بێ ئەوەی باس لە رەهەندی یاسایی و شەرعیەتی یاسایی ئەو فەرمانە بکات کە بۆی دەرچووە. راستەوخۆ کەوتە کار، چونکە چەند پنسێکی تێکراوە.

لەڕاستیدا ئەم دەستەیە وەک ماشێنێک تەماشای خۆی دەکات کە بەپارە ئیش دەکات، پارەی تێبکە و ئیشی پێبکە، هەروەک ئەو دەزگا و ماشێنە ئەلیکترۆنیانەی دنیای تەکنەلۆژیا کە هیچ عەقڵ و مۆراڵێکی ناوەکی و ئیرادەیەکی زاتییان تێدا نییە، بەڵکو لەسەر بەپرۆگرامکردن کار دەکەن و تا پارەشیان تێنەکەیت کار ناکەن.

دەستەیەک لەناو ئەم هەموو کێشمەکێشە سیاسی و یاساییەی کوردستاندا، لەناو ئەم لەتبوونە قورسەی کۆمەڵگادا بەسەر دوو بەرەی ریفراندۆم و دژەریفراندۆم، دروستبووە، لەنەبوونی زەمینەی یاسایی و سیاسیدا، هیچ قسەیەکی نەبێت و تەنیا کێشەی ئەوە بێت ئەگەر پارەیان بدرێتێ ئامادەکارییەکان دەکەن و ئەگەر پارەش نەبێت هیچیان بۆ ناکرێت، دەبێت مۆراڵ و بەهای ئەم دەستەیە لەکوێدابێت؟ دەبێت ئەم دەستەیە جگە لە ماشێنێک کە بە ریمۆنتکۆنترۆڵ دەجوڵێنرێت چیدیکە بێت؟

بەپێی یاسا دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی لەبەردەم پارلەماندا بەرپرسە و دەبێت کارەکانی لەژێر چاودێریی پارلەماندا بەڕێوەبەرێت، بەڵام ئا لەم کاتەدا کە پارلەمان لەکاردا نییە، دەستەکە لەبەر ئەوەی پارەی تێکراوە دەجوڵێت و کاردەکات!

دەبوو ئەم دەستەیە یەکەم لایەن بێت لەسەر شەرعیەتی بڕیاری ریفراندۆم و شەرعیەتی شێوەی کارکردنی لە پرۆسەی ریفراندۆمدا قسەی هەبێت، بەڵام وا دیارە دواهەمین کەسیش نابێت کە قسەی هەبێت، چونکە ئەو خۆی وەک ماشێنێک دەبینێت کە بیر و هەستی نییە و تەنیا بە پارە ئیش دەکات. کێشەکانی لۆجستین نەک مۆراڵی. هەر کە کێشە لۆجستییەکانی چارەسەر کرا دەجوڵێت و دەڕوات، چونکە ئەو ماشێنە، نەک دەزگایەکی خاوەن بەها.

لەڕاستیدا دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە یەکەم ئەزموونی شکستی هێنا و متمانەی دۆڕاند، نەیتوانی لەڕووی حزبییەوە بێلایەن بێت و لەڕووی یاساییەوە پابەندی یاسا بێت و توندگیر بێت لەباری یاساوە.

ئەو پرسیارە یاساییەی کە دەبوو دەستەکە ئێستی لەبەردەمدا بکات، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو بێ پارلەمان و بێکۆدەنگیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

پێش تەواوبوونی وتارەکەشم، دەمەوێت رێ لە هەر کەسێک بگرم کە دێت و پێم دەڵێت: بەهەمان شێوەی بەڕێز بارزانی، بەڕێز یوسف محەممەدیش داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی ئاراستەی دەستەکە کردووە، ئەم قسەیە لای من هیچ مانایەکی نییە، چونکە یەکەم: دەستەکە بەپێی نامەکەی بەڕێز بارزانی دەستبەکار بووە نەک نامەکەی یوسف محەممەد.

دووەم: لەلای من هەردوو نامەکە وەک یەک نایاساییین، چونکە بەڕێز بارزانی لەوەختێکدا ئەم نامەیە دەنێرێت کە شەرعییەتی یاسایی نییە و خۆشی و هەموو لایەک دان بەمەدا دەنێین، هەروەها یوسف محەممەدیش لەکاتێکدا ئەم نامەیەی ئاراستەی کۆمیسیۆن کردووە کە پارلەمان کۆنەبووەتەوە، واتە لە ئەنجامدا بە سیفەتی شەخسی نامەکەی ناردووە نەک بە بڕیاری پارلەمان، بۆیە دەبێت هەردوو نامەکە لای کۆمیسیۆنەوە لەژێر پرسیاری یاساییدا بن، نەک دانەیەکیان جێبەجێ بکرێت و دانەیەکیان پشتگوێ بخرێت، ئەمە ئەو بێ مۆراڵییەیە کە ئێمە لەبەرامبەر دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا رادەگرێ.

ئەم دەستەیە شوێن جێگری سەرۆکی پارلەمان دەکەوێت و گوێ لەو دەگرێت، لەکاتێکدا چ سەرۆکی پارلەمان و چ سکرتێرەکەشی بە یاسا و بە دیفاکتۆ بوونیان هەیە و هیچ کێشەیەکیان نییە، جگە لە رێگرییەک لە گەڕانەوەیان بۆ سەر کارەکەیان. کەواتە ئەم دەستەیە لەخۆی ناپرسێت لەکاتێکدا پارلەمان بڕیاری نەداوە ریفراندۆم بکرێت، ئێمە بۆچی لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلەمان کۆبووینەتەوە؟

بۆیە لە هەرکوێوە هەڵوێستەکانی ئەم دەستەیە دەخوێنیتەوە و تەماشای دەکەیت، خاڵییە لە هەر جۆرە مۆراڵ و یاسا و بەهایەک.

ئەم دەستەیە کە دەبێت یەکەم بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی دیموکرات بێت و پارێزەری دیموکراسی بێت، لە ئێستاوە بەلاڕێدا براوەو لەتاریکی و بێدەنگیدا خیانەت لەیاسا دەکات و بێ مۆراڵ و بەرژەوەندیخوازانە کەوتووەتە کار.

ئەگەر بەم شێوەیەش بڕوات و ئێستێک نەکات و بیرێکی مۆراڵیانە لەخۆی نەکاتەوە، ئەوا پێموایە لە ئەنجامدا دەبێت بە دەزگایەک بۆ دروستکردنی دیموکراسییەکی درۆزنانە نەک راستەقینە. ئەویش لەبری چارەسەر دەبێت بەکێشەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان. لەبری بەخشینی شەرعییەت، خۆی دەبێتە دەزگایەکی ناشەرعی.



بێستوون عوسمان

# ئەی رۆڵەی نیشتیمانی کوردا!

ئەگەر پارتیت، ئەگەر یەکێتیت، ئەگەر گۆڕانیت، ئەگەر ئیسلامیت..
ئەگەر تورەیت، ئەگەر رازیت!
ئەگەر لایەنگری دەسەڵاتی ئێستایت یان هەوڵ بۆ گۆڕانکارییەک دەدەیت..

لە بیرت بێت ئێمە هەموو پێش ئەوەی پارتی بین، یەکێتی بین، گۆڕان بین، ئیسلامی بین، تورە بین یان رازی بین، کوردین و خاوەنی یەک مێژووین..

مێژوویەک کە بە درێژایی سەدان ساڵ تیایدا ستەممان لێکراوە، خوێنمان مژراوە، پاکتاو کراوین، ناومان سڕدراوەتەوە، کیمیاویمان بەسەردا کراوە و پۆل پۆل لەژێر تۆز و خۆڵی بیاباندا هەناسەمان قەتیسکراوە و خنکێندراوین.. تەنها لەبەرئەوەی کورد بووین..

## ئەی رۆڵەی نیشتیمانی کوردا!

باش بزانە ئەمڕۆ تۆ لەبەردەم بڕیارێکی مێژووییدایت.. لەبەردەم دووڕیانی مان یان نەماندایت.. لەبەردەم هەڵبژاردنی ئایندەدایت، نەک تەنها بۆ خۆت، بەڵکو بۆ منداڵ و نەوەکانیشت.. ئەمڕۆ تۆ بڕیار دەدەیت، نەوەکانت بە ژێردەستی و کۆیلەیی بژین، یان بە سەربەرزی و سەربەخۆیی..

کاتێک تۆ دەڵێیت، دیموکراسییەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات پێویستە بۆ ئەم وڵاتە، کاتێک دەڵێیت نابێت بنەماڵەیەک یان دووان دەسەڵات پاوان بکەن، کاتێک داوای ئاو و کارەبا و داهات دەکەیت، کاتێک دەڵێیت دەبێ وەک مرۆڤێک کەرامەتت پارێزراو بێت، تۆ لەسەر حەقیت.. ئەو مافانە هێندەی شیری دایکت حەڵاڵن بۆ تۆ، بەڵام کێ پێی گوتووی مانەوە لە نێو عێراقدا، زامنی ئەو مافانەتن؟!

کێ پێی وتیت، مانەوە لە عێراقدا، کوردستان دەکاتە بەهەشت؟ کام دوژمن، ئەم بیرە ژەهراوییەی بە خشپەیی چرپاند بە گوێچکەتدا و هەموو رابردووی تاڵی ژێر دەستەییتی لەبیر بردیتەوە؟! چ زوو بیرت چووەوە، لە چاوتروکاندنێکدا پێنج هەزار جار گیانت کێشرا؟ چ زوو بیرت چووەوە 182 هەزار هەناسەت لە چۆڵستانی باشووری عێراقدا خنکێندرا؟ کوژرایت، برایت، خنکێندرایت، لەناوبرایت، بەڵام یەک کەس لەسەر رووی زەوی نەبوو گوێی لە هاوار و ناڵەت بێت، چونکە ئەوەی تۆی لەناودەبرد دەوڵەت بوو، تۆش گەلێکی ژێردەستە بوویت.. ژێردەستەیی بوو ژیانی لە هەزاران گەنجی ئەم نیشتیمانە سەندەوە.. ژێر دەستەیی بوو ئایندەی سەدان هەزار مرۆڤی دزی.. ژێر دەستەیی بوو، بووە مۆتەکەی سەرسەری تاک بە تاکی ئەم گەلە.. چ زوو ژێردەستەییت لەبیرچووەوە؟

ئەمڕۆ رۆژی هاوبیری و هاودەنگی و هاوکردایی تۆیە.. رۆژی ئەوە نییە کینی دوێنێت بکەیت بە هەوێنی لەناوبردنی سبەی.. رۆژی هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆیی.. رۆژی هەنگاونانە بۆ بنیاتنانی وڵاتێک کە یاسا تیایدا سەروەرە و پێشمەرگە یەک پێشمەرگەیە و داهات تیایدا عادیلانە دابەشکراوە. رۆژی بنیادنانی دەوڵەتێکە کە تیایدا پەرلەمان پەرلەمان بێت و حکومەت حکومەت بێت و دادگا دادگا بێت.. هەنگاو بنێ و دەوڵەتێک دابمەزرێنە، تیایدا هیچ پارتێک نەتوانێت دەرگای پەرلەمان دابخات.. نە تۆ، نە ئەو.. وڵاتێک دابمەزرێنە کە هەموو تیایدا یەکسان بین و یاسا زامنی کەرامەتی هەمووومان بێت..

تۆ کە لە ساڵی 1992 دەنگت دا بۆ سەربەخۆیی، تۆ کە لە 2005 دەنگت دا بۆ سەربەخۆیی، چ خێرە ئەمڕۆ دەڵێیت نەخێر؟ هێندە بێزاریت لەمڕۆت، بڕیار بدەی سبەینێت بە دەستی خۆت بڕووخێنی؟ هێندە لە سەرۆکەکەت تورەیت، ژێردەستەیی و نەمانی خۆت هەڵبژێری بۆ زیانی ئەو.. تۆ هەرچییەک دەڵێیت بڵێ، من نەک ئەو سەرۆکەی تۆ رەخنەت هەیە لێی، سەددام حسەینیش پێم بڵێ سەربەخۆییت دەوێ یان ژێردەستەیی، هێندەی گەرووم رێگەم بدات هاوار دەکەم: سەربەخۆیی، سەربەخۆیی..

سەربەخۆیی زامنی ئایندەی منداڵ و نەوەکانمانە، نەک لەبەر خاتری ئەم و لە رقی ئەو، لە پێناوی ئایندەی منداڵەکانماندا، من کە لە ژیانمدا دەنگم بۆ هیچ پارتێک نەداوە، بەشداری لەم ریفراندۆمەدا دەکەم و دەڵێم بەڵێ.. تۆش پێش ئەوەی بڕیاربدەیت، دوو جار بیربکەرەوە، دەستت بخەرە سەر ویژدانت و بڕیارێک بدە کە سبەی بوێری سەیری چاوی منداڵەکانت بکەیت!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# مامی گەورە لە تاران و مامی گچکە لە پیرمام!

1

یەکێتی جامبازی سیاسییە و لەسەر چەندین پەت گەمە دەکات، ئەوەی ئێستا یەکێتی دەیکات، دەقاودەق جێبەجێکردنی میراتی سیاسیی مام جەلالە. مام جەلال لە ژیانی سیاسیی خۆیدا و بەناوی سیاسەت و دیپلۆماسییەوە، هەر ڕۆژە قسەیەکی دەکرد. دەچووە ئانکارا قسەی بە ئێران دەگوت، لە تارانیش قسەی بە تورکەکان دەگوت و نکوڵیشی لە قسەکانی پێشووی دەکرد. ئەوە ئەو میراتەیە کە تاڵەبانی بۆ بنەماڵە و حیزبەکەی بەجێیهێشت (ئەڵبەتە بۆ کوردستانیش). بۆیە هەڵوێست و کاری سیاسیی یەکێتی لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، جێی سەرسوڕمان نییە، بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە.

چاوەڕوانیی ئەوەی کە یەکێتی بتوانێ (بە ئاشکرا) خۆی یەکلایی بکاتەوە، زۆر ئەستەمە. بگرە دەبێ ئەو پەتانەی کە یەکێتی یارییان لەسەر دەکات، بپچڕێندرێن، ئەوکاتە دەردەکەوێ کە یەکێتی لەکام بەرەیە. ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ گۆڕاندا و درێژەدان بەشەراکەت لەگەڵ پارتیدا (دەبێ گۆڕان لەوە تێگەیشتبێت کە یەکێتی دەستبەرداری پارتی نابێت)، تاکە کەرەستەی سیاسیی ئەمڕۆی یەکێتین. لەوەشدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لای بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت کە یەکلایەنە و هەر بەپێی برگەیەکی ناو ڕێککەوتنەکەیان، هەم خۆیان و هەم خەڵکی کوردستان لەو سەرلێشێواوییەی کە بەهۆی یەکێتییەوە بەرۆکی کوردستانی گرتووە، ڕزگار بکەن. بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کە گۆڕانیش لە ڕووی سیاسییەوە چاوشکاوە و موحتاجی ئەو سووکە مەرحەبایەی یەکێتییە. ئەگەرنا هیچ لۆژیکێک لە درێژەدان بەو سیاسەتەدا نییە و هەق نییە گۆڕان ئەوە قەبوڵ بکات کە بکرێتە کەرەستەی موزایەدەی سیاسی.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەو هاوکێشانەدا، ئەوەیە کە هەموو ئەو قەیران و ڕێککەوتنانە لەلایەن یەک باڵ و یەک کەسەوە سەرکردایەتی دەکرێن (دواییش خەڵکی دیکەی ناو یەکێتی پێ تۆمەتبار دەکەن و پێیان دەڵێن ڕەفتار پارتی!)، واتا ئەوانەی تا سەرئێسقان شەریکی پارتین و نیوەڕۆ کوڕەکەیان لەگەڵ بارزانی لەسەر مێزی کۆمیتەی ریفراندۆمە، هەر ئەوانە بۆ ئێوارە و دوای چەند سەعاتێک لەگەڵ گۆڕان کۆدەبنەوە و باسی یەکڕیزیی نیشتمانی و لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەکان دەکەن. هەمان ئەوانەی کە خۆیان ئاگایان لە ورد و درشتی گرێبەستی نەوت و دینار بە دیناری ئەو وڵاتە و تێشیدا شەریکن، ئۆباڵی بێمووچەیی و گەندەڵی دەخەنە ئەستۆی پارتی!

## ئێران قۆڵی لێ هەڵماڵی

2

وەک ڕاگەیەندراوە، بڕیارە ئەم هەفتەیە، تاڵەبانی لەسەر داوەتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی (نەک حەزی شەخسیی خۆی) سەردانی تاران بکات. ئامانجی سەردانەکە روون نەکراوەتەوە )ئەگەرچی دەگوترێ بۆ پشووەوە)، بەڵام ئەگەر هێرۆ برایم ئەحمەد، لەو سەفەرەدا هاوڕێیەتی تاڵەبانی بکات، پێدەچێ بانگهێشتنامەکە بۆ ئەو هاتبێت نەک بۆ تاڵەبانی و، هەمدیس مام جەلال وەک چۆن لە ڕێککەوتنی دەباشان وەک دیکۆری ڕێککەوتنەکە بەکارهێنرا، ئاواش لە تاران هێرۆخان و شاندی یاوەری تەڕەفی سەرەکی بن نەک مام جەلال. ئێران زیرەکانە دەیەوێ تا دوا هەناسە کەسایەتیی مام جەلال (هەروەکو بنەماڵەکەشی وایان کردووە) بەکاربێنێت، ئەگەرنا بە دەردی تورک دەڵێن (سوڵتانی کەڕ)یش گوێی لێ بووە کە مام جەلال نە توانای قسەکردنی هەیە و نە دەتوانێ بۆچوون دەربڕێت. ئەگەر مام جەلال ئەو تواناییانەی ماوە، بۆ ڕۆژێک ئاوێکی بەو ئاگرەدا نەکرد کە لەناو حیزبەکەیدا بەرپا بووە و چوار پێنج رستە کۆتایی بە زۆر شت دەهێنا! بەڵام ئێران دەیەوێ وەک کەرەستەیەک، کۆمەڵێک پەیام و قسەی خۆی بەو جۆرە و (بە حزووری بێ حزووری) مام جەلال بگەیەنێت.

ئەو سەفەرە لەو کاتە هەستیارەدا کە ئێران دژایەتیی خۆی بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاندووە، تەنانەت ئەگەر دیدارێکی تەشریفاتی یان گەشتیاری یان ئەوەتا وەرگرتنی چارەسەریش بێت، بە دەیان تەئویل و تەفسیر هەڵدەگرێت و نیازەکانی پشتی پەردەی ئێران لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەردەکەون و لەوەشیاندا، ئێران یەکێتی و ناوچەی سلێمانی بۆ ململانێیەکی سەخت و ماڵوێرانکەر ڕادەکێشێت.

سەران و بڕیاربەدەستانی یەکێتی نەدەبوو ئەو بانگهێشتەیان قەبوڵ کردبایە و دەیانتوانی ئەگەر خۆیان حەزیان لە سەردانی ئێرانە، سەردانی ئێرانیان کردبایە و ڕێگەیان نەدابایە ئێران وەک کەرەستەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ مام جەلال بکات، بەڵام پێدەچێ ئەوان خۆشیان ئامادەگیی ئەوەیان تێدایە و دەبێ قەرزی ئەو چەند ساڵەیان بدەنەوە.

## پەرلەمان بۆ یەک ڕۆژ

3

دوو خاڵی سەرنجڕاکێش لە ڕاگەیەندراوە سێ خاڵییەکەی ڕۆژی 8ی مانگی کۆمیتەی گشتپرسیدا هەبوو. یەکەمیان ئەوە بوو کە باسی کاراکردنەوەی پەرلەمان نەکرابوو، دووەمیشیان ئەوە بوو کە گشتپرسی لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆیدا دەکرێت و پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە. ئەگەرچی ئەوەی دواییان بۆ بارزانی و ئاییندەی گەلی کوردستان بڕیارێکی زۆر قورسە، بەڵام ئەوە نیشان دەدات کە بارزانی خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک حازر کردووە. بارزانی ئەمجارەیان ڕێگە نادات، گشتپرسی بە دەردی دەستووری کوردستان بچێت، لەسەرەوە لەگەڵ بن و دواییش بڵێن "ئەوەندە دەستاودەستی پێ دەکەین تا وادەی سەرۆکایەتیی هەرێم تەواو دەبێ!"، بۆیە ئەگەر گەرەنتییەک هەبێ و لایەنەکان ڕاست دەکەن، ئەم قەیرانەی ئێستا بە یەک دانیشتنی پەرلەمان بە سەرۆکایەتیی یوسف محەممەد کۆتایی دێت. لە یەک دانیشتندا دەکرێ گشتپرسی پەسەند بکەن و ئەوەش کۆتا دانیشتنی پەرلەمان بێت و هیچ دەستەیەکی نوێش هەڵنەبژێرن تا هەڵبژاردنی داهاتوو. ئەو کاتە هەموو قسەی خۆیان بردووەتە سەر و، هەمووانیش تەنازولی خۆیان کردووە.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# داعش دەگاتە باکوور؟

ئەگەر داعش لە ڕەقە و دێرەزوور هەڵبکەنرێت و شوێنی مانەوەی لە عێراقیش سنووردارتر بکرێت، ئەوسا، شەرکەرە باکوورییەکان و تەنانەت قەفقاسی و ئێرانییەکانی ناو داعش، هەم وەک شوێنی تێپەڕبوون و هەم وەک جێی مانەوە سەیری باکووری کوردستان دەکەن. ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، لەوانەیە شەپۆلێکی داعشگەرایی لە ملی باکووری هەرێمی کوردستان، واتا دهۆکەوە بێتە ناو هەرێمی کوردستان و بەمەش قەڵەمڕەویی زەمینی داعش لە سێ لاوە هەرێمی کوردستان گەمارۆ بدات کە هەرکاتێ فرسەتی هێنا دەتوانێ بۆ قەڵەمڕەوێکی جوگرافی و سیاسی بگۆڕێت، یان تەگەرە بۆ قەڵەمڕەوی کوردی دروستبکات.

جەنگی داعش چەندە دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساندبێت، ئەوەندەش مەترسیی بۆ دروستکردووە کە یەکێکیان ئەگەری لۆکاڵیبوونی ئەو ڕێکخراوەیە لە پارچەکانی کوردستان. هەوڵەکانی داعش بۆ ئەوەی بەرەو هەرێمی کوردستان مل بنێت، شکستی هێنا، بەڵام کۆتاییان نەهاتووە. هەرگیز نیازی خۆگەیاندنیشی بە ڕۆژهەڵات نەشاردووەتەوە و ژێرخانێکی ڕێکخستنی بۆ حازر کردووە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە داهاتوودا بەرەو باکووریش دەڕوات یان نا؟ لە بنەڕەتیشدا زەمینەی لۆکاڵیبوونی داعش لە باکوور چەندە؟

گریمانەم وایە کە باکووری کوردستانیش زەمینەی لەخۆگرتنی داعشی تێدایە و ئەگەر پەکەکە لە شاخەکان نەمێنێت، ئەوسا داعش دەتوانێ خۆی لەوێ قایم بکات.

### کوردستان و داعش

خەریکە ئەو سەردەمەی کە داعش کۆنترۆڵی جوگرافیایی لەدەستدا بوو، بەرەو کۆتایی یان لاوازبوون دەچێت. هێشتا دیار نییە کە لە قۆناغی داهاتوودا، نەخشەیەکی بێ داعش لە ناوچەکە دروستدەبێت یان نا، بەڵام جاری داعش لە قەڵەمڕەوی زەینی ئەم ناوچەیەدا دەمێنێتەوە و لە هەندێک ناوچەشدا حزوورێکی فیزیکیی سنوورداری دەبێت.

پەلاماری داعش بۆ هەرێمی کوردستان لە ملی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانەوە، شکستی خوارد و ئێستا خەریکە خاڵی قەیرانی داعش بەرەو سنوورەکانی باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان دەڕوات. لەوانەیە حەمرین- دیالە ئەو شوێنە بێت کە داعش بیەوێ بیکاتە مەسکەنی نوێی خۆی. بەمەش، چاوەڕوان دەکرێت لە قۆناغی داهاتوودا داعش لە ملی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانەوە تەگەرە بۆ کورد دروستبکات و گەرمیان بکاتە ئامانجی خۆی. بۆیە هێشتا داعش تەهدیدێکی ستراتیژییە و تا کۆنترۆڵ نەکرێت، کوردستان ئارام ناگرێت.

جگە لەوە، ویستی ئێران بۆ بەکارهێنانی ڕەوتە جیهادییەکان لە دژی هەرێمی کوردستان و چاوپۆشییەکانی لە ڕێکخستنەکانی داعش و ستەمی ئەتنیکی — مەزهەبی و ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە بەهۆی دووریی جوڵانەوەی کوردییەوە دروستبووبوو، بووە هۆی ئەوەی داعش بتوانێ گەرای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دانێت. ئەمەش ماتەوزەی ئەوەی تێدایە کە داعش بکاتە هێزێکی خۆجێیی لەوێ، بەڵام ئەگەری گەشەکردنەوەی جوڵانەوەی نەتەوەگەرایی کوردی دەتوانێ ڕێی لێ بگرێت.

### لە باکوور چی دەگوزەرێت؟

ئومید ئویزداغ، پەرلەمانتاری تورکیا و سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی تورکسام، پێشتر ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی تورکیا بڵاوکردبووەوە کە چوونەتە ناو بەرەی نوسرە و داعش. بەگوێرەی ئەو، ژمارەی ئەو کەسانە لە نێوان 5-9 هەزار کەسدایە. ئەگەر لانیکەمی ئەو ژمارەیە واتا 5 هەزار کەس لەپێشچاو بگرین و وای دانێین کە لەو 5 هەزارەش تەنها هەزاری مابێتەوە، ئەوا ژمارەیەکی گرنگ دەکات کە دەتوانێت ئەنجامی سیاسی- سەربازیی گرنگی بەدواوە بێت. بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە 700 کوردی باکوور لەنێو داعش و بەرەی نوسرەدا کوژراون. ئەگەر ئەم ژمارەیە ڕاست بێت، دەتوانین پێشبینی ئەوەش بکەین کە لانیکەم نزیکەی- 250 300 کەس لەو ژمارە هەزار کەسییە گریمانەییەی هاووڵاتیانی تورکیا کە لەنێو داعش و بەرەی نوسرەدا ماونەتەوە، کوردی باکوورن.

ڕەفیق کاراکۆچ، سەرۆکی هاکپار کە لەم ڕۆژانەدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، پێیگوتم کە ڕێکخستنەکانی داعش لەنێو شارەکانی باکووردا، بەتایبەتی ئادیامان، تا ماوەیەک بەر لە ئێستاش شتێکی شاراوە نەبوو.

مەیلی ئیسلامی ڕادیکاڵ لە باکووری کوردستاندا زیاتر لە هێڵی ئادیمان، ئورفە- دیاربەکر- باتمان- مووشدایە. ئەم هێڵە باکوور دەکاتە دوو کەرت و لە ڕۆژئاوای باکووری کوردستانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتەکەی درێژ دەبێتەوە. لە ملی باکووری ئەم هێڵەدا زیاتر کوردە عەلەوییەکان و لە ملی باشووریشیدازیاتر کوردە سوننییەکان هەن.

لەم هێڵەدا ڕەوتی ئیسلامیی جیهادی بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەگەرایی کوردیدا لە ململانێدا بوون و پێشتریش لە ساڵانی نەوەدەکاندا ململانێیەکی خوێناوی لە بەینی حیزبوڵڵا و پەکەکەدا بە تایبەتی لە دیاربەکر، باتمان و ماردین هەبووە.

بێشک زەمینەی فیکریی دەرکەوتنی حیزبوڵڵای نوێ یان داعشی باکوور لە ئارادا هەیە و باشترین پێنوێن بۆ ئەمەش ڕێژەی دەنگەکانی پارتی دادوگەشەپێدان و ڕێژەی دەنگەکانی هوداپارە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر شەڕەکانی ئەمدواییەی تورکیا- پەکەکە بەوە کۆتایی بێت کە پەکەکە لە شاخەکان هەڵبکەنرێت، ئەوسا شوێن بۆ حەرەکەتێکی ئیسلامیی چەکداری لەوێ چۆڵ دەبێت.

جگە لەوە باکووری کوردستان ڕێڕەوێکی گرنگە بۆ داعش بۆئەوەی لەوێوە جوڵانەوەکەی بگەیەنێتە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتا باکووری کوردستان دەرگای گەیشتنی داعش بە قەفقاسیا و ئێرانە. بۆیە لەو ڕێڕەوەدا ڕێکخستنی خۆی دروستدەکات.

لەوانەیە مەسەلەی دروستبوونی داعشی باکوور یان حیزبوڵڵای نوێ بابەتێکی نزیک نەبێت، بەڵام ئەگەر بیری نەتەوەگەرایی کوردی لاواز بێت و بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی لەوێ دروست بێت، یەکێک لە کاندیدەکانی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەبێت.



عەبدوڵڵا عالآیی
abdullahalayi@gmail.com

# بازرگانی بە لەشی پەیامبەر

یازدە ساڵ دوای کۆچکردنی لە مەککەوە بۆ مەدینە، ڕۆژی دووشەممە 12ی ڕەبیعی یەکەم، پەیامبەری ئیسلام کۆچی دوایی دەکات. بوخاری لە عەمری کوڕی حاریس دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: "پێغەمبەری خودا (د.خ) کە مرد، نە دینار و نە درهەمی جێهێشت، نە بەندە و کۆیلە و نە شتی دیکەش. ئەوەی هەبوو هێستر و شمشێر و پارچە زەوییەکی خێراتێ بوو" البخاري (2739). ئەم ڕیوایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێغەمبەر تەنیا چەند شتێکی کەمی لە پاشی خۆی بەجێهێشتووە و دەستنیشانی میراتە ماددییەکانی کردووە.

گەلێک لە ڕیوایەتەکان باس لە سەردەمی دوای پێغەمبەر، ڕۆژگاری سەحابە و تابیعین دەکەن، تا ئەو سەردەمانەی دواییش، باس لەوە دەکەن لەنێو هەموو سەردەمەکاندا، موسڵمانان هێندێ کەلوپەلی پێغەمبەر و چەند شتێکی لەشی ئەویان وەک موتفەڕک پاراستووە، ماوەماوە خەڵکی تەبەڕووک (التبرک)یان پێ کردووە. بەڵام بەشی زۆری ئەم ڕیوایەتانە سەحیح نین، جا چ بەهۆی زوعفی ڕاوییەکانەوە بێت، یان ئەوەی کە نەسەلمێنراوە ئەم ئاسەوار و کەلوپەلانە هیی پێغەمبەر بن.

ئەحمەد تەیمور پاشا لە لاپەڕەی 68ی کتێبە بەناوودەنگەکەی (الآثار النبوية)دا، دوای باسکردنی ئاسارەکانی پێغەمبەر لە ئیستانبوڵ- قوستەنتینییەی پێتەختی خیلافەتی هەنگینێی عوسمانییەت - دەڵێت: "لا يخفي أن بعض هذه الآثار محتمل الصحة..." ئەوە ناشاردرێتەوە کە ڕاستی و درووستیی بەشێک لەو ئاسارانە بەرئەگەر (محتمل)ی ڕاستین نەک یەقین .. بەگوێرەی ڕیوایەت و بەسەرهاتەکانی سیرەتی نەبەوی بێت، بەشی زۆری شمەک و کەلوپەلی پێغەمبەر، لە ژیانی خۆی و دوای وەفاتیشی، ون بوون. بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەکان، بەشی زۆری ئاسەوارەکانی پێغەمبەر، بەهۆی شەڕ یان فەرامۆشکردن و بزرکردنەوە، نەماون و لەنێوچوون.

- لە سەحیحی موسلیم و بوخارییەوە لە ئیبنوعومەڕ ڕیوایەت کراوە کە گوتوویەتی: "پێغەمبەر ئەنگوستیلەیەکی هەبوو، بۆ مۆرکردنیش دەکاری دەبرد و لێی نووسرابوو محمد رسول الله. دوای پێغەمبەر کەوتە دەستی ئەبوبەکر، پاش وی عومەر لە پەنجەی نا، دواتر کەوتە مستی عوسمان، تا ئەو کاتەی لێی کەوتە نێو بیری ئەریس"رواة البخاري 5378.

- لە پایانێی خیلافەتی عەباسیدا، فەروە و عەبا و گۆپاڵی پێغەمبەر کە تەتەر ساڵی 656 بەغدایان سووتاند، لەم قڕکردنەدا لەنێوچوون- البداية والنهاية لابن الكثير (٨/٦)

- ساڵی 803 لەگەڵ ئاژاوەی تەیمورلەنگ لە دیمەشق، جووتە نەعلی پێغەمبەر فەوتا- فتح المتعال فی مدح النعال ص 363

- هۆکارێکی دیکەی نەمانی ئاسەوارەکانی پێغەمبەر ئەوەیە کە ئەو کەسەی شمەک و کەلوپەلەکانی لە کن بوو، وەسیەتی دەکرد کە مرد لەگەڵ تەرمەکەی لەنێو گۆڕێ بیشێرنەوە- الذهبي، سير اعلام النبلاء 337/11.

لە ڕۆژگاری خیلافەتی عوسمانیدا، زیاتر هەرمێنیان بە "مووی" پێغەمبەر دەدا، بە گوێرەی کتێبی "الاثار النبوية" بێت، ساڵی 1327ی کۆچی، 43 تاڵەمووی قژ و ڕیشی پێغەمبەر لە شاری ئیستەنبوڵ هەبووە، دواتر 15ی لێ کراوە بە دیاری و تەنیا 18ی لێ ماوەتەوە. ساڵی 1886 ی زایینی، سوڵتان عەبدولحەمید، ئەم 15 تاڵە مووە بەسەر ژمارەیەک مزگەوت و مەزاری بەناوودەنگی جیهانی ئیسلامیدا وەکو دیاریی دابەش دەکات. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بەشی عێراق لەم موانە پێنج تاڵ بووە و دراون بە مزگەفتەکانی ئەبوحەنیفە، گەیلانی، موسای کازم، کەربەلا و نەجەف.

ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، لێرەوە دەست پێ دەکات. هەنووکە لە کوردستانی خۆماندا، خەریکە حاڵەتێک دەبێت بە دیاردە و ناوەناوە لێرە و لەوێ لە تیقی و سۆشیال میدیا دیمەنی ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە فلانە شوێن و فلانە کەس، مووی پێغەبەری لایە و بۆ ئەوەی موسڵمانان تەبەڕووکی پێ بکەن، فلانە شەو و لەو کاژێرەدا، مەراسیمی بۆ دەگێڕدرێت. زۆربەی ڕیوایەت و سەرچاوە مێژووییەکان باس لە نەمانی کەلوپەلەکانی پێغەمبەر دەکەن، چجای بگات بە ئەندام و ئەو شتانەی پێوەستن بە لەشییەوە، جا تاڵەموو بێت یان ددان. سەردەمانی زوو، لە ڕۆژگاری ئومەوییەکاندا بەتایبەتی، هەر یەکە و بۆ هاتنەدی بەرژەوەندیی خۆی، وەک ئەوەی سکەی پارە لە کارخانە لێ بدا، دەچوو چەند ڕستەیەکی ڕیز دەکرد و دەیگوت پێغەمبەری خودا وەهای فەرمووە. دواجار ئەوانەی بە فەرموودەناس ناسراون، شتێکیان دانا بەناوی "الجرح والتعديل" و لە حاڵی حەدیسگێڕەوەکانیان دەکۆڵییەوە. قل قل لە "الرجال"ی سەنەدەکەیان دەکۆڵییەوە، ئاخۆ کامیان جێی متمانەی گێڕانەوە نییە. ئەگەرچی ئەوەی ناوی نراوە "زانستی جەرح و تەعدیل" و "عیلمی ڕیجال" پڕ لە گرفتی مێتۆدی و کێماسییە، وەلێ لانیکەم فلتەر و چاودێرێک بووە بەسەر ڕێوایەتی زارەکیدا. بەڵام بۆ ئەم کەلوپەل و ئاسارانەی پێغەمبەر، چ فلتەر و چ مێتۆدێک بۆ سەلماندنی پێڕەو کراوە؟ بێگومان هیچ، هەر کێ بۆی لوا بێ و بۆی بلوێت، بانگەشەی ئەوە دەکات ئاسەوارێکی پێغەمبەری خودای لەلایە. مرۆڤی ئیماندار دەبێت ژیر بێت، هەر وا بە سادەیی و ساویلکەییەوە باوەڕ بە چیرۆکی ئەم تاڵەموانە نەهێنێت، جا چ ئەوانەی لە کۆنەوە گوایە لە کوردستان لە تەکیە و خانەقاکان پارێزراون، یان ئەوانەی ئێستە کەسایەتییە دینییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەم بابەتە دەبێت بە چاویلکەی گومانەوە سەیری بکرێت، بانگەشەی خاوەندارێتیی ئاسەواری پێغەمبەر، بە درێژایی مێژووی موسڵمانان، ئامرازێک بووە بۆ فریودانی خەڵکی ڕەشۆک و بەدەستهێنانی پێگەی دینی و دونیایی. کاتی خۆیشی سوڵتانی عوسمانی خاوەندارێتیی ئەم تاڵەمووانەی بۆ بەرژەوەندیی سیاسی هەڵدەقۆستەوە.

موسڵمانی باو، مەعریفە و هۆشیارییەکی قووڵی دینیی نییە تا سۆزی دینی ڕادەستی خورافاتی نەکات، کاتێ پێغەمبەر موقەددەسە، هەرچی لەو بەجێمابێت موقەدەس و پیرۆز دەبێت لە دیدی موسڵمانی تەقلیدییەوە و موقەدەسیش هەردەم جڵەوی دەستی پیاوانی ئاینی بووە بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی ڕەشۆک لەڕێی بانگەشەی خاوەندارییەتی موقەدەسەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری.

ئەم نەریتە پێشان لەنێو کوردەواریدا زیاتر لە خانەقای نەقشبەندیی بیارەدا باو بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی، هەر بابایە و تەکیەیەکی قادری لێمان قیت دەبێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاڵەمووی پێغەمبەری لایە. بێ ئەوەی بە ئەرگیۆمێنت و بەڵگەیەکی زانستی بۆمان بسەلمێنێت دوای 1400 ساڵ ئەوە تاڵەمووی پێغەمبەرە ماوە، ئەم خەڵکەی مە هۆڕ هۆڕ لەدیار ئەو شووشە و سندووقە دەگرین کە گوایە مووەکەی تێدا هەڵگیراوە. ئەم نەریتە خورافییە لەنێو ئیسلامی سۆفیزم، لە سۆفیزمیش لەنێو ڕەوتی سۆفیزمی میللی - تەریقەتی باوە. ئیسلامی سەلەفیزم دژ بەم نەریتەیە، بەڵام گوتاری سەلەفیزم لە سۆنگەی کافرکردن و موشریککردنەوەیە، لەوەیاندا هەڵەن. دیاردە لارەکانی نێو کۆمەڵگە و فەزای دینی، لە دیدی ریفۆرمییەوە ڕادەماڵدرێن نەک بە ئامرازی تەکفیر و تەفسیق.

من داوای لێبووردن لە عەقڵم دەکەم کە ڕۆژگارێک بەهۆی سۆزێکی نادرووستی دینییەوە بە باوەڕهێنان و بەرگریکردن لەم خورافاتە ماندوو و شەکەتم کردووە. مرۆڤی ئیماندار کاتێ هۆشیارییەکەی بەرەو باڵایی هەنگاو دەنێ، درک بەوە دەکات کە ئەوەی موعجیزە و خاریقولعادات دەخولقێنێت هەر عەقڵ و ئیرادەکەی خۆیەتی، نەک تەبەڕووک و موتفەڕک بە پارچە قوماشێکی پۆشاک و تاڵەموویەکی پێغەمبەر درووی لێ بێت. شێخ مەحەمەد غەزالی گوتەنی: "ئیسلام بریتییە لە عەقڵێکی زیتەڵ و دڵێکی پاکژ" ئیدی ئەگەر دینداریی لەم فۆڕمە نەبێت، بەرگەی شەپۆڵەکانی جیهانگیری و ژیانی مەدەنیی سەردەم ناگرێت.

دکتۆر حەسەنی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە کاتێ چووەتە پاکستان، زیاتر لە 80 مزگەفت، تەکیە و خانەقا گوتویانە ئەمە (ددانی پێغەمبەرە)، باشە کەسیان لەخۆیان ناپرسن بۆ پێغەمبەر مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە؟ ئەی بۆچی هەشتا ددانی بووە؟ لەهێندێ وتاری عەرەبیی نێو سۆشیال میدیا باس لەوە دەکرێ، ژمارەی ئەو ددانانەی لە جیهان بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە هیی پێغەمبەرن، گەیشتوون بە 300دانە.

دۆگم و سۆزی ئیدلۆجی سەیر مرۆڤ نابینا و بێ زمان دەکەن، چۆکی گومان بۆ باڵای یەقین دادەدەن. ئیدی بۆی هەیە، یەکدوو ساڵی دیکە، ژمارەی تاڵەمووەکانی پێغەمبەر لە کوردستان، زۆر زێتر لەوە تێبپەڕێنێت کە لە ژیانی خۆیدا لە سەر و ڕیشی پێغەمبەر شوێنیان بووبووەوە!

ڕاستی شوێنەوار و شتی بەجێماوی پێغەمبەر، ئەگەر سەلمێنراش ڕاستە و هی وییە، هەنگینێش هیی ئەوە نییە بیکەیت بە موتفەڕک و تەبەڕووکی پێ بکەیت، بەڵکوو وەک کەلەپوورێکی بە بەها لە ئەنتیک یان لە ئەرشیفخانەیەکی گشتی، پارێزی لێ دەکرێت، وەک شوێنەوارێکی گرنگ، چاوی لێ دەکرێت.

تەبەڕووک بە پێغەمبەر ئەوەیە بتوانی دیوە جوانەکانی ژیانی ئەو لەخۆت بەدیبهێنیت، نەک بێیت بازرگانی بە لەشی پێغەمبەر بکەیت و لەپەنایدا لە دین و دونیا بخۆیت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## جانێ و دەمیرتاش نامە دەگۆڕنەوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




# هۆلیوود و بۆلیود سینەماکانی چین داگیر دەکەن

خێرا و تووڕە 8 (Fast and Furious 8) لە پێشەنگی بۆکس ئۆفیسی چینە، لە چارەکی دووەمی 2017دا نزیکەی 393 ملیۆن دۆلاری داهات هەبووە، دوای ئەویش فیلمی دانگال (Dangal)ی هیندی دێت، هیچ فیلمێکی دەرەوەی هۆلیـــوود نەبووە هێندەی ئەو فیلمە داهاتی هەبووبێت. دانگال لە ماوەی ســـێ مانگی دووەمی ئەمساڵدا 189 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە..




**شـــوباتی 2012:** ئەمریـــکا و چیـــن رێککەوتنێکیان واژۆکـــرد، بەپێی رێککەوتنەکە رێگە دەدرێت ساڵانە 34 فیلمی بیانی لە سینەماکانی چین نمایش بکرێت و هاوبەشبوون لە داهاتی فیلمەکانیش لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لە 13٪ بۆ 25٪ بەرزکرایەوە. ژمارەی فیلمە بیانییەکان لە کۆتایی 2016 بۆ 39 فیلم بەرزکرایەوە.

چین | ئەمریکا

داهاتی بۆکس ئۆفیس

سکرین

سەرچاوە: Graphic News

# لە ئایفۆن 8 بە دەموچاوت مۆبایلەکەت دەکەیتەوە

دەنگـــۆی ئەوە هەیە لە ئایفۆنـــی 8دا دوگمەی کردنەوە و حەساســـی پەنجەمۆر لابدرێت و لەبری ئەمە سیستەمێکی ســـیکیۆریتی بۆ دابنرێت کە بە سکانی نەخشەی سێ رەهەندی دەموچاوی خاوەنەکە، مۆبایلەکە بکرێتەوە.

**کامێرای ستریۆسکۆپیکی پێشەوە:**
ئەو کامێرایە دوو لێنزی هەیە و حەساسێکی سێ رەهەندی لەسەرە کە سکانی رووخساری خاوەن مۆبایلەکە هەڵدەگرێت، هەر ئەمەش دەبێت بە کلیلی کردنەوە و بەکارخستنی مۆبایلەکە.

**ئایفۆن 8 کە بە ئایفۆن ئیدیشن ناسراوە بە دەموچاوت قفڵەکە بکەوە:**
کامێـــرای ئایفـــۆن 8 لـــە رێگـــەی ســـکانەوە وردەکارییەکـــي زیاتر لـــە دەموچـــاوی خاوەن مۆبایلەکـــە هەڵدەگرێت، بۆیـــە پارێزراوترە لە سیستەمی پەنجەمۆر



**شاشەیەک لەمبەر بۆ ئەوبەر:**
رێتینـــای HD OLED – لەهەمـــوو شاشـــەکانی پێشـــووی ئایفـــۆن ناسکترە.

**دوگمەی بێدەنگکردن**

**دوگمەکانی دەنگ**




**کامێرای ستریۆسکۆپیکی پشتەوە :**
بـــە دوو لێنـــز توانـــای وەرگرتنـــی وردەکاری زۆریـــان هەیـــە، بەهۆی ARKit لـــە IOS 11 بـــەم هۆیـــەوە بەشێوەیەکی جێگیر وێنەی جووڵاو تۆماردەکات.




**شوێنی دوگمەی کردنەوە دەدرێت بە دوگمەیماڵەوە**

**قەراغەکانی مۆبایلەکە لە ئیستیلی دژە ژەنگ دەبێت**

**زۆنی وەرگرتنی شەحن لە پشت رووتەختی پشتەوە**

**رووتەختی پشتەوە:**
توانای وەرگرتنی شـــەحنی هەیە، چونکە لە پشت رووتەختەکەی دیوی پشتەوەی مۆبایلەکە سپرینگی موگناتیسی دانراوە.

ئەگەری ئەوە هەیە ئاپدەیتی ئایفۆن 7 و ئایفۆن 7 پلاس لە مانگی ئەیلول و ئایفۆن 8یش لە مانگی تشرینی یەکەم بکەوێتە بازاڕەکان. 60%ی داهاتی ئەپڵ لە رێگەی فرۆشتنی ئایفۆنە.

سەرچاوە: Graphic News